# ڕەهەندەکانی
# بیری سیاسی

هەواڵنامەی کتێب

د.دلێر ئەحمەد حەمەد

٢٠١٧- سلێمانی

▪ ناوی کتێب

**ڕەهەندەکانی بیری سیاسی**

▪ نوسینی

**د.دلێر ئەحمەد حەمەد**

▪ دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك

**محەمەد کەریم ئەحمەد**

▪ چاپ

**چاپخانەی کارۆ**

▪ تیراژ

**١٠٠٠ دانە**

▪ نرخ

**٣٠٠٠ دینار**

▪ ساڵی چاپ:

**٢٠١٧ - سلێمانی**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان**

**ژمارەی سپاردنی () ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە**

کتێبخانەی هەواڵنامە

# ناوەرۆک

پێشەکی........................................ ٥

**بەشی یەکەم:**

گەشە پێدانی سیاسی لەکوردستاندا........................... ٧
پێشەکی........................................ ٨
خەسلەتی گشتیی پرۆسەکە........................... ١١
ڕێبازەکانی گەشە پێدانی سیاسی........................... ١٤
ستروکتوری کۆمەلایەتیو سیاسی کۆمەلگای کوردی........... ٢٣
ڕۆلی ئێلیتی (نوخبە)ی سیاسی کوردی لەم پرۆسەیە.......... ٢٧
ئامرازەکانی گەشەپێدانی سیاسی........................... ٣٥
پلوڕالیزمی سیاسیو دیموکراسی........................... ٤٤
کۆسپەکانی بەردەم گەشەپێدانی سیاسی........................... ٤٨
دەرئەنجام........................................ ٥١
پەراوێزەکان........................................ ٥٣
سەرچاوەکان........................................ ٥٨

**بەشی دووەم:**

سەرهەلدانو گەشەکردنی بیری سۆسیال–دیموکراتیزم.......... ٦٠
پێشەکی........................................ ٦١
ڕەگەکانی بیری سۆسیال–دیموکراتیزم........................... ٦٣
سەرهەلدانی بیری سۆسیال — دیموکراتیزم........................... ٦٩
گەشەکردنی بیری سۆسیال–دیموکراتیزم........................... ٨١
ئەنجام........................................ ٩٧

**بەشی سێیەم:**

بیری سۆسیال–دیموکراتیزم........................... ٩٩
بنەما تیۆرییەکانی........................... ١٠٣

هەوالنامەی کتێب

ریفۆرم.......................................... ١٠٧
نویٚ کردنەوەی تیۆریا:........................................ ١١٠

## بەشی چوارەم:

تۆتالیتاریزم لەسیستێمی سیاسیدا.............................. ١١٧
پێشەکی.............................................. ١١٨
پێناسەو چەمکی تۆتالیتاریزم.................................. ١٢٠
رەگە مێژووییەکانو خەسڵەتەکانی تۆتالیتاریزم.................... ١٢٥
خەسڵەتی کۆمەڵایەتیی تۆتالیتاریزم............................ ١٣٤
ئاستی عەقلانیو رێکخراوەیی................................ ١٤١
عێراق نمونەی سیستیمی تۆتالیتاری............................ ١٤٨
دەرئەنجام.......................................... ١٥٦
پەراوێزەکان ........................................ ١٥٧
لیستی سەرچاوەکان.................................. ١٦٣

## بەشی پێنجەم:

لیبیرالیزم............................................ ١٦٥
سەرچاوەکانی لیبیرالیزم:.................................. ١٦٨
مافی ژیانو ئازادیو هەوڵدان بۆ بەختەوەری ................ ١٧٠
لیبیرالیزمی کلاسیکی ................................. ١٧٤
پێداچوونەوە بە بیری لیبیرالیزمو ........................ ١٨٠
قەیران یان لە دایك بوونەوەی لیبیرالیزم .................... ١٩٠
لیبیرالیزم بەرەو نویٚ بوونەوە................................ ١٩٤
کولتوری سیاسی ..................................... ٢٠٤
سەرهەڵدانی بۆچوونی کولتوری سیاسی .................... ٢٠٦
هۆشیاری سیاسی چییە؟ ................................ ٢١٢

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

بیری سیاسی مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە هەموو قۆناغەکانی گەشەکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتی بیری سیاسی راستەوخۆ کاریگەریی بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵدا هەبووە، هەر لەسەردەمی یۆنانی کۆن و سەردەمەکانی ناوەڕاست تادەگاتە سەردەمی نوێ سەدان فەیلەسووف و بیرمەند لەجیهاندا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەو توێژینەوە بوونە لەبارەی کاریگەرییەکانی بیری سیاسی بەسەر کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا.

دیاردەکانی ئازادی، دەوڵەت، یەکسانی، دادپەروەری، ئابووری، کۆمەڵایەتی .. هتد. بابەتی سەرکی بوونە بۆ لێکدانەوەو راڤەکردن، هەر لەدیدەوە بیری سیاسیی جیاجیا لە قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنی شارستانییەتی مرۆڤایەتی سەری هەڵداوە.

بەڵام لەسەردەمی رۆشنگەری ئەوروپاو دواتریش لەسەدەکانی نۆزدەو بیستەم بیری سیاسیی ئەوەندە کاریگەریی بەسەر مرۆڤایەتیدا هەبووە کە لە راستیدا دوورناکەوینەوە ئەگەر بڵێین بیری سیاسیی جیاجیا بووە هۆکاری نانەوەو دووبەرەکی لە نێوان کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەگشتی و گروپ و کەسەکان بەتایبەتی.

هەواڵنامەی کتێب

بیری سیاسی هەڵگری ئایدۆلۆجیاو فەلسەفەی جیایجایە بۆ کۆمەڵ، دەوڵەت، ئابووری، ئایین، ئازادی، دیموکراسی .. هتد.

ئەم کتێبە بریتییە لە ڕەهەندی هەندێ لەو بیرو ئایدیا سیاسیانەی کە رابردوو ئێستاش لە وڵاتانی جیاجیادا لە بوارە جیاجیاکان پەیڕەوی لێوە دەکرێت.

ناوەڕۆکی کتێبەکە بریتییە لە چەندین بابەتی جیاجیا کە ڕەهەندی بیری سیاسیان هەیە بەشێکی زۆریان لە چوارچێوەی توێژینەوەی زانستی لە گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە نزیکەی زیاتر لە ١٥ ساڵ بەرلەئێستا.

لەبەر گرنگی ناوەڕۆکەکانیان بە پێویستم زانی لە چوارچێوەی ئەم کتێبەدا بەڵاویان بکەمەوە.

هەر بەو بۆنەیەوە سوپاسی برای بەڕێزم (د. سەروەر عەبدولڕەحمان) دەکەم کە ماندوو بووە لە کۆکردنەوەیان و ڕێکخستنەوەیان، لەگەڵ ڕێزم بۆ ئێوەی خوێنەریش.

**د. دلێر ئەحمەد حەمەد**

**٢٠١٧/٦/٣**

**سلێمانی**

کتێبخانەی هەواڵنامە

# بەشی یەکەم

# گەشە پێدانی سیاسی لەکوردستاندا

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

پرۆسەی گەشە پێدانی سیاسی یەکێکە لە کێشە ئاڵۆزەکان چونکە هەمە لایەنە، فراوانە، ڕێبازی جیاجیای هەیە. لە سەدەی بیستەمدا کاریگەری بەرچاوی هەبووە لە گۆڕانکارییەکانی سترۆکتۆری(بنیە)سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری وڵاتانی جیهانی سێیەم و لەوانەش نەتەوەی کورد.

گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە پرۆسەیەکی دوور و درێژی مێژوویی پڕ لە گۆڕانکاری لە کۆمەڵی کوردستاندا رویداوە بێئەوەی زانایان و پسپۆران لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنەیان لە سەر کردبێ.

بۆیە هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی دادەنرێت. لە لایەکی تر پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم خێراتر لە رابردوو، بە تین و گوڕتر خزایە ناو بوارەکانی بیری سیاسی، ڕۆشنبیری، جولانەوەی رزگاری نەتەوەیی، بەڵام تا ئێستا دەربارەی گونجان و نەگونجانی لەگەڵ بارودۆخی کوردستان، لەگەڵ ئاستی هۆشیاری سیاسی خەڵکی کوردستان لێکۆڵینەوەی بەراوردکارانە نەکراوە.

بۆ نوسینی ئەم توێژینەوەیە سود لە چەندین سەرچاوەی زانستی وەرگیراوە، بە تایبەت ئەوانەی تیۆریای گەشەپێدانی سیاسیان داناوە لەوانە رۆبرت دال، هنتگتون، ئیستۆن،

گابریـــل ئەلمۆنـــد و چـــەندین سەرچـــاوەی تر.هـــەروەها بـــە پێویســـتمان زانـــی توێژینەوەکـــە دابـــەش بکەینـــە ســـەر چـــەند تەوەر و باسێك كە بریتین لە:

١-خەسلەتی گشتی پرۆسەکە.

٢-رێبازەکانی گەشەپێدانی سیاسی.

٣-سترۆکتۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگای کوردی.

٤-ئامرازەکانیگەشەپێدانی سیاسی.

٥-پلورالیزمی سیاسی و دیموکراسی.

٦-کۆسپەکانی بەردەم گەشەپێدانی سیاسی.

٧-رۆڵـــی ئیلیتـــی(نوخبـــە)ی سیاســـی کـــوردی لـــەم پرۆسەیەدا.

لەگەڵ پێشەکی و دەرەنجامەکان.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لـە شـیکردنەوە و تیشـك خستنە سەر قۆناغەکانی گەشەپێدانی سیاسی و گەشـەکردنی پرۆسەکە لـە روی مێژوویـیـەوە، هـەروەها بەدیارخسـتنی رۆڵی نوخبەی سیاسی کـوردی لـەم پرۆسـەیە، جگـە لەمـە توێـژەر هەوڵی داوە رێبازەکانی گەشـەپێدانی سیاسـی بخاتـە روو بـە تایبەت کە دید و بۆچوونی زانایانی رۆژئاوا لەم بـوارە رایـەکی یەکگرتویان نیە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پرۆسەکە و گرنگـی دان بە کام پرەنسیپ لە بنەما سەرەکیەکانی.

بۆ نوسینی ئەم بابەتە میتۆدی تەجریبی–مێژوویی بەکار هێنراوە کە یارمەتی زۆری داوین بۆ دەرخستنی دەرەنجامەکان.

هەواڵنامەی کتێب

## خەسڵەتی گشتیی پرۆسەکە

پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی بریتیە لە سەرجەم گۆڕانکاریەکانی سیاسی وەك گەشەکردنی روحی دیموکراتیەت و زیادبوونی بەشداری سیاسی خەلك و فراوان بوونی دامەزراوەکانی مەدەنی و بەشداری کردنیان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردان. [١]

زاراوەی گەشەپێدانی سیاسی لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردیدا زۆرکەم بەرچاودەکەوێ، هەرچەندە چالاکیە سیاسیەکان و پرۆسە سیاسیەکانی کوردستان کە لە لایەن ئیلیتی(نوخبە)ی سیاسی کوردی لە بواری پێکهێنانی پارت و رێکخراوی سیاسی، بەستنی کۆڕ و کۆنفرانس، دەرکردنی رۆژنامە و گۆڤار خەسلەتی مۆدێرنی پێوە دیارە. کە ئەمەش زۆر بە ئاشکرا بە هۆی فاکتەری گۆڕان و گەشەکردنی پەیوەندیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵکی کوردستاندا بەرچاودەکەوێ. کە نەدەکرا لەم پرۆسەیە دابڕێن، چونکە لە سەدەی بیستەم پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی بەشێکی زۆری میللەتان و وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیك و ناوەراستی گرتبۆوە.

بەڵام ئیلیتی سیاسی کوردی لە گەشەپێدانی ژیانی سیاسی کوردستان جگە لە میتۆد و فەلسەفەی مارکسیزم کە

سەردەمانێك پەیڕەوی لێدەکرا تا ساڵی ١٩٩١ گرنگیان بە بوارەکانی تری ئەم پرەنسیپە نەدەدا.

گەشەپێدانی سیاسی بە عەرەبیەکەی (التنمیة السیاسیة) بە زاراوە ئینگلیزیەکەی Modernization لە دوای جەنگی جیهانی دووەم سەرنجی زانایانی راکێشاوە بۆ دیراسەکردنی وڵاتانی جیهانی سێیەم و بەدیارخستنی هۆکارەکانی دواکەوتنیان. (٢)

لێکۆڵینەوەی پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی لە کوردستانی عیراق تا رادەیەك زەحمەتە، چونکە یەکەم: بە درێژایی سەدەی بیستەم تا سالی ١٩٩١ کوردستان و گەلەکەی لە ژێر چەپۆکی داگیرکەران بوونە و کورد دەسەلاتی سیاسی بەدەستەوە نەبووە تاوەکو بتوانێ بەرنامەی بۆ دابنێ و لە رێگای کەناڵە جیاجیاکان پەیوەندی راستەوخۆ بەجەماوەر بکەن و ئاستی هۆشیاری سیاسیان بەرز بکەنەوە و ئەنجامەکەشی کۆمەڵێك فاکت و بەلگە بۆ توێژەران بەجێبهێلن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت.

دووەم: بە درێژایی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم سیاسەتی کوردی بە خەباتی چەکداری گرێدرابوو کە رۆڵی سیاسی بە بەراورد کردن لەگەڵ بوارە سەربازیەکاندا کەمتر گرنگی پێدراوە، بەمەش نوخبەی سیاسی کوردی تاڕادەیەك

لـــە جـــەماوەری شـــارەکان دابڕابـــوون و وەکـــو پێویســـت پەیوەندیەکانیان بەهێز نەبوو. [٣]

هەواڵنامەی کتێب

## ڕێبازەکانی گەشە پێدانی سیاسی

کێشـــەی لەســـەرخۆ گەشـــەکردنی کۆمـــەڵگا لـــەبوارەکانی سیاسی، ئـابوری، کۆمەڵایـەتی، فەرهـەنگی دەمێکـە لەلایـەن زاناکانو کۆمەڵناسەکان بایەخی پێدراوە. بەڵام گرنگیدان بەم کێشەیە زیاتر لەتیۆریاکانی کۆنت، مارکس، ڤێبێر، دورکهێیم، سپێنسـەر، بەدیاردەکـەوێت، کـەمیتۆدۆلۆجیای تازەیـان بـۆ سۆسـیۆلۆجیاو زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان داڕشـتو بۆچـوونی تایبـــەتو جیاجیایـــان بـــۆ گەشـــەکردنی بوارەکـــانی ژیـــانی کۆمەڵایەتیو سیاسی داهێنا. [٤]

لـەدوای جـەنگی جیهـانی دووەمـیش لـەوڵاتانی ڕۆژئـاوا، بەتایبەت لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا کۆمەڵێك لـەزانایانی سیاسیو سۆسیۆلۆجی درێـژەیان بـەڕێبازەکانی ئـەم زانایانـە داو ڕێبازی نوێ تریان داهێنـا، هـەموو ئەوانـە گـەڕانێك بـوون بـــەدوای دۆزینـــەوەی کلیلـــی چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی دواکـەوتنی سیاسـیو ئـابوری وڵاتـانی ئاسـیاو ئـەفریقیاو ئەمریکای لاتین. [٥]

بـــەڕای ئـــەوان گۆڕانکـــاری کۆمەڵایـــەتی– سیاســـی پرۆسـەیەکی حەتمییـە، هـەموو ئـەو کۆمەڵگایانـەی لەئاسـتی نزمی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتییدان دەبێـت بـەو ڕێگایانـە تێپەڕن، کەوڵاتانی پێشکەوتوی جیهان پێیتێپـەڕیون، دیـارە هـەر کۆمـەڵگاو بـەگوێرەی خەسـڵەتی نەتـەوەیی خـۆی بـەم

پرۆسەیەدا تێپەڕ دەبێت. زۆربەی زاناکانیش جگە لەمارکس جەخت لەسەر هەنگاوی ئاشتیانەی ئەم پرۆسەیە دەکەن، کەبەڕای ئەوان بەردەوام پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو گۆڕانکاری سیاسی ئەو دەرفەتەی لەبەردەم دانراوە. (٦)

تیۆریای مۆدێرنکردنی سیاسی بەکردەوەو پراکتیك بەیەکێك لەقۆناغەکانی مێژووی وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان تێپەڕیوەو سەرکەوتنی بەرچاوی هەبووە، بۆیە ئەم تیۆریایە دەکرێت ببێتە ڕێنمایی بۆ وڵاتانی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین، کەهەنگاودەنێن بەرەو بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لەبوارەکانی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو ..هتد. (٧)

تیۆریستەکانی بەمۆدێرنکردن ڕایانوایە، کەئەم پرۆسەیە دەکرێت لەلایەن ئێلیتی (نوخبە) سیاسی عەقڵانیو علمانی بەدانانی پلانێکی ناوەندی هەمەلایەنە سەرکردایەتی بکرێت، بۆئەوەی وڵاتی خۆیان لەدواکەوتویی ڕزگاربکەن. (٨)

بەڕای ئایزنشتاد گەشەپێدان بریتییە لەگواستنەوەی کۆمەڵگا لەقۆناغی تەقلیدیەوە بۆ قۆناغێکی مۆدێرن وەك ئەوەی لەئەورووپای سەدەی حەڤدەهەمو هەژدەهەم ڕوویدا لەبوارەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسیو فکری. (٩)

هەڵبەت کۆمەڵگای تەقلیدیو کۆمەڵگای هاوچەرخ وەك دوو چەمکی سەرەکی تیۆریای بە مۆدێرنکردن پشت بەپۆلێن

كردنەكـــەی مـــاكس ڤێبێـــر دەبەســـتێت، كـــەكردەوە كۆمەڵایەتییەكانــە ئــەو پێـی وایـە كـە خەسـڵەتی كۆمـەڵگای تەقلیـدی بریتییــە لــەكردەوە كۆمەڵایەتییــەكان واتــە ئــەو كردەوانــەی كەلەســەر بنــەمای عــەقڵو مــەنتیق دانەمــەزراو، بەڵكو لەسەر بنەمای ئـەو كردەوانـەی، كەسـەردەمانێك كـاری پێكــراوەو جێگیربــووەو بــەمیرات ماوەتــەوە وەك شــتێكی تەقلیدی. [١٠]

كۆمەڵگای تەقلیدی: بریتییە لەكۆمەڵگەیـەكی كشـتوكاڵی كەزۆربــەی ئەندامــەكانی لەدێهاتــەكان دەژیــنو ســەرقاڵی كشــتوكاڵن. خەسـڵەتێكی دیكـەی ئـەو كۆمەڵگەیـە بریتییـە لەستروكتورێكی (بونیە) داخراوی كۆمەڵایەتی، كەبەزەحمـەت خۆی دەداتـە دەسـت گۆڕانكـاری، بەتایبـەت بـەمۆدێرنكردنی هەرەمی سەرەوەی. [١١] جگەلەمـەش زۆربـەی ئەندامانی ئـەم كۆمەڵگایە سەربەخۆییان نییە، واتە بەستراونەتەوە بەنـەرێتی گشتی كۆمەڵگاكەوە. هۆشیاری ئایینیش زاڵە بەسـەر تـەواوی بوارەكـــانی ژیـــانی كۆمەڵگاكـــە. دەســـەڵاتی سیاســـیش خەسڵەتێكی ئاڤتۆرتیـاری (حـوكمی فـردی) هەیـە. ئـەمجۆرە كۆمەڵگایە وەك باسمانكرد هەربەپێی سروشـتی خـۆی كـەمتر خۆدەداتــە دەســت بــەمۆدێرنكردن، زیــاتر لەشــوێن خــۆی دەچەقێو گۆڕاندنیشی كاتێكی دوورودرێژی دەوێت. [١٢]

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵگای هاوچەرخیش پشت بەکردەوە جیاجیا مەنتیقیەکانی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. لێرەدا بنەمای تەکنۆلۆجیای کۆمەڵگەی هاوچەرخ بریتییە لەبەرهەمی پیشەسازی، کەزەمینەخۆشکەری پێشکەوتنی تەکنیك‌و زانستە. لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا دانیشتوانی شار زاڵن بەسەر دانیشتوانی دێهاتەکان، ستروکتوری کۆمەڵگاکەش خەسڵەتێکی کراوەی هەیە کەخۆی بەئاسانی دەداتە دەست گۆڕان چ لەهەرەمی سەرەوەی کۆمەڵگاکە، چ لەلقەکانی خوارەوە. ئەم جۆرە کۆمەڵگایە لەژێر کاریگەریەتی سێکولیاریزم (علمانیەت) گەشەدەکات‌و خۆی لەکاریگەریەتی ئەفسانە ئاینییەکان دووردەخاتەوە، تاکەکەسیش لەم کۆمەڵگایە سەربەخۆیی خۆی هەیە، "کە هەڵبەت لێرەدا مەبەستمان لەکۆمەڵگای هاوچەرخی دیموکراسیە، کەپرنسیپی ئیندڤیدوالیزم (الفردية) تیایدا پارێزراوە".(١٣)

لەهەمان کاتدا پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی چەند لایەنێکی هەیە. یەکەم لەئەنجامی گۆڕانکاری ئابوری‌و سۆسیۆ– کولتوری، کەپێشتر وردەنەتەوەو ئیتنۆ–ئایینی بونی هەبوو، نەتەوەی یەکگرتوو دروست دەبێت. بۆیە لەقۆناغی پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسیدا بیری ناسیۆنالیزم بەهێزدەبێت، بەتایبەت جوڵانەوەی نەتەوایەتی.(١٤)

لـەجیاتی سـتروکتوری سیاسـی کـۆن، دەزگـای مـۆدێرنی دەسەڵاتو بەڕێوەبردن دادەمەزرێت، لقەکانیو دامەزراوەکانی دەسەڵات لەیەکتر جیادەکرێنـەوە، لـەجیاتی سـتروکتورەکانی عورفیو عەشایری، یاساو دامەزراوی یاسایی جێگیردەبن. (١٥)

هەروەها دەسـەڵاتی شـارەوانیو ناوچـەییەکان تاڕادەیـەك سەربەخۆیی خۆیان بەدەستدێنن. جەماوەرو کۆمـەڵ تێکـەڵی پرۆسە سیاسییەکان دەبنو کاریگەریەتیان لەسەر دەسـەڵاتی ناوەندی بەهێز دەبێت.

شـایانی باسـە کـە تیۆریـای مـۆدێرنکردنی سیاسـی سـێ جۆرە ڕێباز بەخۆوە دەگرێت:

ترادیسیۆنی (تەقلیدی)، لیبرالی، چەپی رادیکـال، هەریـەك لەم ڕێبازانە بەپێی جیهانبینی خۆی لـەمۆدێرنکردنی سیاسـی دەگـات، هەریــەك لەمانــە بۆچــوونی تایبــەتی خــۆی هەیــە دەربـارەی دیموکراسـیەت، هەریـەك لـەم ڕێبازانـە پێشـبینی تایبــەتی خــۆی دەربــارەی دواڕۆژی پرۆسـەی بـەمۆدێرنکردن هەیە. (١٦)

گەشـــــەپێدانی کۆمـــــەڵ واتـــــا هەڵوەشـــــاندنەوەی پەیوەندییــەکانی بــاوك ســالاری واتــە گۆڕانکــاری لــەبواری دیمـۆگرافیو سـتروکتوری نیشـتەجێی خـەڵك، لەلایـەکی تـر نەهێشــتنی جیاوازییــەکانی نێــوان رەگــەزی نێــرو مــێ،

دامەزراندنو کارکردنی کەسەکان بەپێی پسپۆڕیو لێهاتووییو بەپێی زانینیان لەبوارە جیاجیاکانی زانستو کار. [١٧]

کەواتە ئەم جۆرە وەرچەرخانو گۆڕانکارییە جۆرە کۆمەڵگایەکی نوێو هاوچەرخ دروست دەکات، کەتاکەکەس هەست بەکەسایەتی خۆی دەکاتو بەهای ئیندڤیدرالیزمی (الفردية) وەك پرنسیپێك لەلابەهێز دەبێتو هەوڵی پاراستنی دەدات ئەمە جگە لەوەی کە پرۆسەی بەمۆدێرنکردن ژیانی روحیو کولتوریو فەرهەنگیش دەگرێتەوە، لەم پرۆسەیەدا بەر لەهەموو شت ئاین لەزانست جیادەکرێتەوە، شتە مەنتقییەکان لەشتە نامەتیقییەکان جیادەکرێنەوە، سیکولیاریزم (علمانیەت) بەسەر لایەنەکانی ژیانی سیاسیو کولتوری زاڵ دەبێت. بەمەش خوێندەواری لەناو کۆمەڵ پەرەدەستێنێو کەناڵەکانی پەیوەندی کولتوری بەهێز دەبێت، پلورالیزمی بیرو جیهانبینی گەشەدەکات، کەئەنجامەکەی وردەوردە کۆمەڵ لەکولتوری رابوردوی خۆی دوور دەکەوێتەوەو بەدوای ژیانێکی بەختەوەرترو مەنتقیانەتردا دەگەڕێت. [١٨]

بەڵام رێبازی مۆدێرنکردنی سیاسی چەپڕەو بەتایبەت رادیکالەکانو مارکسیزمی کلاسیکی باوەڕیان بەگۆڕانێکی بنەڕەتی هەیە لەدەست بەسەرداگرتنی کەرتەکانی ئابوریو هێزەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە. لەم

ڕوانگەیەوە چەپە رادیکاڵەکان رایانوایە بەنهێشتنی جیاوازی چینایەتیو دانانی بەرنامەی هەمەلایەنە کەتەواوی بوارەکانی ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، فەرهەنگیەیە، دەکرێ کۆمەڵگای دواکەوتوی تەقلیدی بەرەو کۆمەڵگایەکی هاوچەرخو پێشکەوتوو بگوازرێتەوە. (١٩)

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجو بۆچوونەی خۆیان، چەپە رادیکالەکان باوەڕیان بەبەکارهێنانی زەبروزەنگو شۆڕشی چەکداری هەیە. (٢٠)

بەڵام نابێ ئەوەش لەبیربکەین، کەچەپە رادیکالەکان دەربارەی سیستێمی سیاسی باوەڕیان بەفرە پارتایەتی، دیموکراسی پەرلەمانی، ئایین، بازاڕی ئازاد، ئیندڤیدوالیزم، کەسەرجەمی ئەمانە پرنسیپو بەهای وڵاتانی رۆژئاوایە نییە. (٢١)

گەشەپێدانی سیاسی لەدیدوبۆچوونی لیبرالەکانی وڵاتانی رۆژئاواو بەتایبەت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە.

هەژاریو دواکەوتوییو بێکاریو ئاستی نزمی بەرهەمهێنانو پیشەسازی لەوڵاتانی جیهانی سێیەمی ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتین سەرنجی زانایانی وڵاتانی رۆژئاوای راکێشا بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کێشانە بکەنو بتوانن دەستنیشانی هۆکارەکانی دواکەوتن بکەنو لە

ئەنجامیشدا بەرنامەیەك بۆ چارەسەركردنی دابنێن.[٢٢]

زۆربەی زانا لیبرالەكان لەسەر ئەو رایە رێكن‌و ناكۆكیان نییە، كەدەڵێت ولاتانی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمریكای باكور ئەزمونێكی چاكیان هەیە لەپێشكەوتنی ئابوری‌و سیاسی‌و كولتوری، دەكرێ ولاتانی دواكەوتوو بەهەمان ئەو پرۆسەیدا برۆن، كەولاتانی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریكا پیاپێشتن‌و گەشەیان كردوە، ئەوان ئاماژە بۆ رۆڵی ئێلیتی(نوخبە) سیاسی ولات دەكەن، كەدەكرێ ببنە پێشەنگ‌و رێبەری ئەو پرۆسەیە.[٢٣] لیبرالەكان جەخت لەسەر بەهاكانی دیموكراتیەتی پەرلەمانی، هەڵبژاردنی گشتی‌و ئازاد، پلورالیزمی سیاسی، بازاری ئازاد، پاراستن‌و جێگیركردنی بەهاكانی ئازادی‌و یەكسانی تاكەكەس دەكەن‌و ئێجگار گرنگن بۆ هەنگاونان بەرەو بەمۆدێرنكردنی ژیانی سیاسی ولات‌و بەرزكردنەوەی كولتوری سیاسی هاوولاتیان‌و تێكەڵبوون‌و رۆڵیان لەپرۆسەو گۆڕانكارییە سیاسییەكانی ناو ولاتدا.[٢٤]

هەر لەبواری گەشەپێدانی ژیانی سیاسی بەشێك لەزانایان، كەزاراوەی كۆنسێرڤاتیزمی (پارێزگاران) سیاسیان بەسەر دابڕاوە رایانوایە، "كەپرۆسەی بەمۆدێرنكردن، دەكرێت لەلایەن دەسەلاتی ترادیسیۆنی (تەقلیدی) سیاسی ولاتیشەوە بكرێت. چونكە گۆڕانكاری بەپەلەوخێرا لەولاتانی دواكەوتوو، كەهێشتا پەیوەندی خێڵەكی‌و دامەزراوە كۆمەلایەتیە

تەقلیدیـەکانی تیـادا بـەهێزە، کەهێشـتا کۆمـەڵگا لـەقۆناغی کشـــتوکاڵیدایەو وڵات بەپیشەســـازی نـــەکراوە، ناکرێـــت سیســـتێمی سیاســـی وڵاتـــانی ئـــەوروپا لـــەم کۆمەڵگایانـــە جێبەجێبکەی، چونکە ئاستی سیاسیو هوشیاری لـەم جـۆرە کۆمەڵگایانـــە لـــەکزیو دواکـــەوتوویی دایـــە، هـــەرجۆرە پەلـەکردنێك دەبێتـەهۆی نائـارامیو شـەڕوئاژاوە لـەنێوان مۆدێرنیسـتەکانو پارێزگـارانی نـەریتو کولتـوری کـۆن، ئـەوا پرۆســـەکە پێویســـتە لســـەرخۆو بەهـــەنگاوی مەنتیقییانـــە گەشەبکات. ئـەرکی دەسـەڵاتدارانی وڵات لـەم بـوارە سـەرەتا دەبێـت لـەبواری ئـابوریو فەرهەنگییـەوە گەشـە بەکۆمـەڵگا بدات ئینجا باس لەئازادییە سیاسییەکانو هەڵبـژاردنو گـۆڕان لەسیستێمی سیاسی وڵات بکەن". [٢٥]

کتێبی هەواڵنامە

## ستروکتوری کۆمەڵایەتیو سیاسی کۆمەڵگای کوردی

کۆمەڵگای کوردستان لەبواری ئابورییەوە بەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دادەنرێت، تانیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمیش پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەئاستی کزیو دواکەوتوییدا بوو، تارادەیەکی زۆر دەرەبەگانە بوو، پێوەندی خێڵەکی تەقلیدی لەناو کۆمەڵگای کوردییدا جێگیر بوو، هەر بەم شێوەیەش ئاستی هوشیاری سیاسیو ستروکتوری سیاسی کۆمەڵگای کوردستان دواکەوتوو بوو. ئەم جۆرە بارودۆخە کۆمەڵایەتیو سیاسییە کاریگەریەتی خۆی هەبوو لەسەر دروست نەبوونی نەتەوەی کورد بەگوێرەی چەمکی نەتەوەو ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی ئەوروپا کەنەتەوە دەبەستنەوە بە بوونی دەوڵەتێك وەك ئەوەی نەتەوە، یەك خەسڵەتی یەکگرتوی هەبێت لەبواری ئایین، زمان، کولتور، ئابوری.... هتد. [٢٦]

هەڵبەت دروست نەبوونی ئابووری سەرمایەداریو بازاڕی هاوبەش لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا، رێگربوو لەبەردەم بەمەدەنی بوونی خەڵکی کوردستانو دروست بوونی بنکەو خوێندنگاو ناوەندە رۆشنبیرییەکان. بێگومان ئەمانە گشتی یاریدەدەر بوون، بۆئەوەی ئێلیتی (نوخبە) ترادیسیۆنی (تەقلیدی) کوردی، کەپێکهاتبوون لەدەرەبەگو شێخو کەسانی پایەبەرزی ناوکۆمەڵی کوردستان دەسەڵاتی

سیاسیو کۆمەڵایەتی خۆیان بپارێزن، ئەم ئێلیتە چونکە ئاستی هوشیاری سیاسیو نەتەوایەتیان کز بوو، لەناوخۆیشیاندا یەکگرتوو نەبوون، خاوەنی بەرنامەو ڕێبازێکی سیاسی دیارییکراو نەبوون، بۆیە کۆششەکانیان بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسیو نەتەوایەتیەکانیان سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا. [٢٧] ڕاپەڕینە چەکدارییەکانیان خەسڵەتێکی سەرتاسەریو گشتی بەخۆوەنەدەگرت: (جوڵانەوەی نەتەوایەتی کوردی لەکۆمەڵگایەکی کشتوکاڵی دواکەوتوو دەستی پێکرد. کۆمەڵگایەکی نیوە کۆلۆنیایی، لەبەرئەوە لەلایەك لەناو ئەم جوڵانەوەیەدا نوێنەرانی دوو چینی هاوچەرخ بۆرژاو پرۆلیتاریا بوونی نەبوو، لەلایەکی تریش نەبوونی ژمارەیەکی وەك پێویست لەڕۆشنبیرانو خەڵکی خوێندەوار. خەسڵەتی ئەم جوڵانەوەیە ئاپۆری خەڵکی نەخوێندەوار بوو، کەلەژێر کاریگەریەتیو ڕابەرایەتی سەرۆکە خاوەن جەماوەرەکاندا بوون بەڕوحێکی ناسیۆنالیستانە جۆشدرابوون لەوانە شێخ مەحمودی بەرزنجی). [٢٨]

کەواتە ئێلیتی سیاسی کۆمەڵایەتی تەقلیدی کوردی لەمێژووی خۆیاندا خاوەنی ئایدۆلۆجیای سیاسی نەبوون. زانستو خوێندەواریش لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا لەچوارچێوەی مەدرەسەی ئایینی پەرەی سەندوە

لەبوارەکانی فەلسەفەو لیریکاو شیعرو تەسەوف کە لەسەدەکانی رابووردودا کورد خەڵکی گەورەو لێهاتووی لێ پەیدا بووە. (٢٩) هەستی نەتەوایەتیو هۆشیاری سیاسی لەبەرهەمە شیعرییەکانی هەندێ شاعیرانی کوردی سەدەکانی رابوردوو سەرەتای سەدەی بیستەمیش بەدیدەکرێت، بەڵام ئەم هەستانە تەنها لەچوارچێوەیەکی داخراودا مانەوە بەسەر جەماوەری کوردستاندا نەگشتێنداربوون. (٣٠)

دروست نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو وابەستەیی کوردستانو نەتەوەکەی بەهەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو ئێرانی ناوچەکە کەئەم دوو زل هێزە سیستێمی سیاسیان لەسەر بنەمای ئیسلامیو شەریعەتو دامەزراوە تەقلیدییەکانەوە دروستکرابوو، زیاتر یاریدەدەر بوون بۆ بەهێزکردنی دامەزراوی تەقلیدی کۆمەڵگای کوردەواری. (٣١)

لەهەمان کاتدا پەیوەندییەکانی خێڵ، هۆز، تیرە، بنەماڵە بناغەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکانی کوردستان بوو.

کوردستان وەك وڵاتێکی شاخاوی سەخت، کشتوکاڵەکەی پشتی بەئاوی باران بەستبوو، رێگای دەریاییو مۆدێرنی بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ جیهانی دەرەوە نەبوو، لەناو خۆیشیدا پەیوەندییەکان دیاریکراوبوونو لەئاستێکی ئێجگار

كزو لاوازدا بوون، هەموو ئەو هۆكارانە ستروكتوری كۆمەڵگای كوردیان تاسەردەمی جەنگی جیهانی یەكەم وەكو خۆی هێشتبووەوە، بۆیە شێوازی بەرهەمهێنانو پەیوەندیی كۆمەڵایەتیو سیاسییەكان هەمان خەسڵەتی سەدەكانی رابووردوویان پێوە دەبینرا. [٣٢] پرۆسەی بەمۆدێرنكردنیش لەبەر دابڕانو داگیراكراوی كوردستان لەبواری سیاسیو ئابوورییەوە هەستی پێنەدەكرا.

هەواڵنامەی كتێب

## ڕۆڵی ئێلیتی (نوخبە)ی سیاسی کوردی لەم پرۆسەیە:

دروستبوونو گەشەکردنی ئێلیتی سیاسی کوردی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەگۆڕانو گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردییەوە هەیە، ئەگەر پێشتر ئێلیتی سیاسی کوردی لەئێلیتی ئاینی، ئابوری، ئەرستۆکراتی کوردی پێکهاتبوو، بەشێوە تەقلیدیو کلاسیکییە کوردیو ڕۆژهەلاتییەکە، لەگەڵ واقیعەکەدا هەڵوێستی خۆی وەردەگرت، ئەوا لەدوای لکاندنی کوردستانی باشوور بەعیراقو گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردی لەسەدەی بیستەم، واقیعێکی نوێ دروستبووە، کەبوارەکانی کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابوری، فەرهەنگی. گۆڕانێکی زۆری بەسەرداهاتو خەسڵەتێکی مەدەنیانەو هاوچەرخانەی بەخۆوەدیت، هاوکات لەژێر کاریگەریەتی ئەم گۆڕانکارییانە ئێلیتی سیاسی هاوچەرخی کوردی سەری هەڵداو لەهاوکار لێکردندا لەگەڵ دەوروبەرەکەی توانی گەشەبکاتو ڕۆڵی گرنگ ببینێت لەبوارەکانی هوشیاری سیاسیو نەتەوەیی، ئابووریی، فەرهەنگیو.. هتد.[٣٣]

هەڵبەت دروستبوونی ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی ئەنجامی پرۆسەیەکی سروشتی بوو لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا، چونکە گۆڕانکارییەکانی بواری ئابوریو ستروکتورەکانی دامەزراوە نوێیەکانی سالانی بیستو سییەکان هەنگاوێکی نوێو خێرابوو لەکۆمەڵگای ئێمەدا.

دیاره ئەو گۆڕانكارییانه زیاتر كاریگەریەتی ئینگلیزەكانی لەسەره لەدروستكردنو لێك جیاكردنەوەی دامەزراوه مەدەنیو عەسكەرییەكان، ئەمەش شتێكی سروشتییه، چونكه بایەخدان بەبوارەكانی مەدەنیو ئیداری لەسەردەمی عوسمانییەكان بوونی نەبوو، ئەمەش لەبەرئەوەی لەلایەك دەوڵەتی عوسمانی خۆی دواكەوتوو پارێزگار بوو، لەلایەكیتر سیستێمی تیۆكراتی عوسمانییەكان سیاسەتێكی دوژمنكارانەیان بەرامبەر كوردو نەتەوه ناتوركەكانی ناو ئیمپراتۆرییەتەكەیان گرتبووەبەرو جگەلەمانەش بەمۆدێرنكردن لەگەڵ ئایدۆلۆژیاو بیركردنەوەی سوڵتانی عوسمانی ناكۆك بوو.[٣٤]

یەكێك لەفاكتەرەكانی تری دروستبوونی ئێلیتی سیاسی هاوچەرخی كوردی لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیو دروستبوونی دەوڵەتی جیاجیای نەتەوەیی بوو لەڕۆژهەلاتی نزیكو ناوەڕاست، كەڕاستەوخۆ كاریگەرییەتیان هەبوو لەبڵاوكردنەوەو هوشیاركردنەوەی بیری نەتەوەیی لەناوچەكەدا.[٣٥]

دروستبوونی قوتابخانەو خوێندنگاو دامەزراوی جیاجیای سیكولیاری (علمانی)، تێكشكانی ڕاپەڕینەكانی سالآنی بیستو سییەكان لەژێر ڕابەرایەتی ئێلیتی سیاسیو كۆمەلآیەتی تەقلیدی كوردی، هۆكارێكیتر بوون بۆ

دروستبوون و هاتنە مەیدانی ئێلیتی سیاسی کوردی هاوچەرخ بەبیروباوەڕێکی مۆدێرنیستانە، کەبەڕاستی پەیامێکی نوێیان بۆ نەتەوەکەیان پێبوو لەبواری بوژاندنەوەو بەرەوپێشبردنی ئاستی هۆشیاری سیاسیو رۆشنبیری نەوەکانی ئەو سەردەمی کوردستان. (٣٦)

ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی پێچەوانەی ئێلیتی سیاسی تەقلیدی کوردییە لەبوارەکانی بیری سیاسیو جیهانبینی و هەڵوێستیان بەرامبەر بەژیانو گۆڕان و دەوروبەر، ئێلیتی کلاسیکیو تەقلیدی پارێزگارە، دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەیەکی میراتگر لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر هەر لەدەست خۆیان دەمێنێتەوەو لەسەرەوە بۆ خوارەوە ئاڕاستە دەکرێت. بەڵام ئێلیتی مۆدێرن لەئەنجامی بەهرەو لێهاتوویی‌و چالاکی سیاسی کەسە دیارییکراوەکان دروست دەبێت، کەبەحوکمی زیرەکیان لەکەسانی تری ئاسایی جیادەکرێنەوەو لەپلەکانی خوارەوەی ناو کۆمەڵگادا سەرهەڵدەدەنو بۆ ئاستەکانی سەرەوە بەرزدەبنەوە، ئێلیتی مۆدێرن باوەڕی بەگۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ هەیە، لەگەڵ بیرو ئایدۆلۆژیای هاوچەرخ مامەڵە دەکات. (٣٧) ئەم جۆرە ئێلیتە لەوڵاتانی جیهانی سێهەمدا لەپرۆسەی بەمۆدێرنکردندا، لەگواستنەوەی کۆمەڵگای کشتوکاڵی بۆ کۆمەڵگای سەنعەتی خەسڵەتێکی ناسیۆنالیستانەیان هەیە، لەدژی دامەزراوە

تەقلیدییەکان خەبات دەکەن، دەیانەوێت لەژێر کاریگەریەتی سیکولیاریزمدا (علمانیت)، بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی بگۆڕن‌و بەرەو ئاستێکی پێشکەوتوو تری بەرن.[٣٨]

ئەم دوو دیاردەیەی ئێلیتی سیاسی کورد بەئاشکرا لەناو کۆمەڵگای کوردیدا بەدیدەکرا، بەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمانەو رۆڵی بەرچاویان هەبووە لەپرۆسەی بەمۆدێرنکردنی ئێلیتی سیاسی نوێی کوردییە، کەلەئەنجامی لێهاتوویی‌و چالاکی سیاسی‌و لەخانەکانی خواری خوارەوەی کۆمەڵگای کوردییدا سەریان هەڵداوەو بەرزبوونەتەوەو گەیشتوونەتە ناوەندی بڕیار لەدامەزراوە سیاسییە کوردییەکاندا.[٣٩]

شایانی باسە بناغەکانی سەرهەڵدانی ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سییەکان، ئەوکات نەوەی تازە، کەدەرچووی کۆلێژو خوێندنگا مەدەنییەکانی ئەو سەردەمی بەغداو کوردستان بوون، لەڕێگای شارەزاییان لەزمانی ئینگلیزی‌و عەرەبییەوە ئاشنایەتیان، لەگەڵ کولتوورو زانستی میللەتانی پێشکەوتووی بێگانەدا پەیداکردبوو، هەر ئەو سەردەم ئەو گروپە لەڕۆشنبیرانی کورد لەڕێگای شیعرو پەخشان‌و گوتاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی هەستی ناسیۆنالیستیان پێوە دەبینرا، ئەمانە دەستیان کرد

بەگەشەپێدانی چاپەمەنی کوردی (گۆڤارو نامیلکە) [٤٠]، ئەم جوولانەوە رۆشنبیرییە گەشەی کردو چوارچێوەیەکی سیاسی پێکهێنا لەدروستکردنی رێکخراوی سیاسی کوردی (حزبی هیوا)، پارتی سیاسی وەك دامەزراوێکی مۆدێرنیستانە، کەبتوانێت بەشێوەیەکی رێكوپێك زۆرترین جەماوەر بەدەوری خۆی کۆبکاتەوەو بەبیروباوەڕێکی دیاریکراو گۆشیان بداو رێکیان بخات بۆ یەکەمینجار لەسەر دەستی ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی دامەزراو دواتر لەسەر بنەما جیاجیاکانی بیرو ئایدۆلۆژیای سیاسی پارتیش وەك دامەزراوێك لەلاین ئێلیتی مۆدێرن پۆلێنکراو فرەپارتایەتی لەقۆناغی خەباتی ژێرزەمینی بوو بەنەرێتێك لەمێژووی هاوچەرخی سیاسی کوردییدا. [٤١]

لەگەڵ گەشەکردنی بوارەکانی ئابووریو کۆمەلایەتیو دامەزراوە مەدەنییەکانی کوردستاندا، ئێلیتی سیاسی هاوچەرخیش لەڕووی چۆنایەتیو چەندایەتییەوە گەشەی دەکرد، ئەم گەشەکردنە ئەنجامی وەرچەرخانو گۆڕانکارییەکی بەرچاو بوو لەکۆمەلگای کوردستاندا، ئەنجامی سەنعەت بوونو بەمەدەنی بوونی شارەکانی کوردستان بوو، کەوردەوردە لەگەڵ پەرەسەندنو گەشەکردنی شارەکانو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەبواری دروستکردنی خوێندنگاو دامەزراندنی کارگەو دەیان دامەزراوی جیاجیای

مەدەنی، کەسیماو خەسڵەتی شارستانیان پێوە دیاربوو چینەکانی کۆمەڵیش لەیەکتر جیادەکرانەوەو توێژی کۆمەڵایەتی تازە دروست دەبوو، کۆچکردنی جوتیاران بەرەو شارەکانو نیشتەجێبوونیانو تێکەڵ بوونیان لەگەڵ کولتووری شار بەپرۆسەیەکی دەیان ساڵە نەوەی تازەو خوێندەوارو دەرچووی کۆلێژە جیاجیاکانی شارەکانی عیراق، بەگشتی بوونە پێکهێنەری نوخبەی تازە لەڕۆشنبیرانو بازرگانانو مامۆستایانو نووسەرانو پارێزەرانو هتد.[٤٢]

ئێلیتی رۆشنبیری کوردی ئەو سەردەمە بەردەوام لەژێر کاریگەریەتی کولتوورو ئایدۆلۆژیای ناوچەکەو جیهاندا بوو، ئەگەر جولانەوەی دژە ئیمپریالیستی لەنێو عەرەبەکانی عیراقدا پەرەی دەسەندو دابەش دەبوون بەسەر ڕێبازی چەپڕەوی دژە ئیمپریالیزم، لەهەمان کاتدا ڕێبازی ناسیۆنالیستی عەرەبی لەعیراق دروشمی دژە ئیمپریالیزمیان بەرزدەکردەوەو ئامانجی سیاسی خۆیان رادەگەیاند.[٤٣] ئەمجۆرە جولانەوە سیاسییەی عەرەبی عیراق، کەکیانێکی نەتەوەییو دەوڵەتیان هەبوو، کاریگەریەتی زۆری بەسەر رۆشنبیرو نوخبەی سیاسی کوردییدا هەبوو، بۆئەوەی هەنگاوی تازەو نوێ بنێن بۆ هۆشیارکردنەوەی ئاستی نەتەوایەتی گەلەکەیانو لەگەڵ پرۆسەی سیاسی سەردەم بڕۆن، هەربۆیە هەندێ لەڕۆشنبیران تێکەڵ بەجولانەوەی

چەپڕەوبوون‌و رایان وابوو مۆدێرنیزمی سیاسی مارکس بەهایەکی بەرزە وەك ئایدۆلۆژیاو بیری سیاسی، کەبتوانن لەژێر گوتارەکانی ئەم بیرەدا کۆمەڵگاو وڵات بەرەو مەدەنیەت‌و شارستانیەت‌و رزگاری نیشتمانی بەرن،[٤٤] دروستبوونی دوو رێکخراوی سیاسی چەپڕەو (رزگاری‌و شۆڕش)، لەناوەڕاستی سالآنی چلەکان زادەی ئەم بیرکردنەوەیەی ئێلێتی سیاسی مۆدێرنی کوردی بوون، گرنگە ئەوەش بڵێین، کەئەگەرچی بیری مارکسیزم لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ روسیا لەناوچەکانی رۆژهەڵاتی نزیك‌و ناوەڕاست بڵاوبۆوە، بەڵام دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمەهاباد لەژێر سێبەری لەشکری سووری سۆڤیەتی زیاتر هاندەربوون بۆ بڵاوبوونەوەی بیری مارکسیزم لەنێو رۆشنبیرانی کوردستاندا، مەدح‌و ستایشی مارکسیزم بەئاشکرا لەئەدەبیاتی کوردی ئەو سەردەمە رەنگی داوەتەوە.[٤٥]

جگەلەمانەش چەندین بڵاوکراوەو گۆڤارو چاپەمەنی جیاجیا بڵاودەکرانەوە، کەبانگەوازی بیری سیاسی چەپڕەوی تێدا بەدیدەکران.[٤٦]

گەشەکردنی بیری رزگاریخوازی نەتەوەیی لەوڵاتانی جیهانی سێهەم‌و بڵاوبونەوەی بیری ناسیۆنالیزم، بێگومان کاری کردۆتەسەر رۆشنبیرانی کورد، چونکە کوردستان وەك

هەولاتی ئەمەی کتێب

ناوچـەیەکی جـوگرافی دەکەوێتـە نـاو جەرگـەی ڕووداوەکـانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەت ڕووداوە سیاسـییەکان، ئەگـەر بـیری نەتەوایـەتی لـەڕابوردوودا بـەکزیو کـەمی لـەنێو چـەند سـەرۆك هـۆز یـان شـێخو سـەرۆکێکی ناوچـەیی کوردسـتاندا بـوونی هـەبوو بەشـێوەیەکی دواکـەوتوو، دوور لـەئامڕازەکانی بڵاوکردنەوەی، ئەوا لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم ئەو پەیامە لەلایـــەن ئێلیتـــی ڕۆشـــنبیریو سیاســـی کـــوردەوە ئـــیتر بڵاودەکرایـەوەو کـاری بـۆ دەکـرا، بـەڵام ئێلیتـی سیاسـی مـۆدێرنی کـوردی تـوانی بـیری نەتەوایـەتی بەشـێوەیەکی پێشکەوتووتر لەجاران، لەچوارچێوەیەکی تاڕادەیـەك زانسـتی پشـت ئەسـتوور بەکۆمـەڵێك زانیـاری مێـژوویيو جـوگرافیو ئیتنۆگرافی بخاتەبەردەم نەوەی تازەو خـەڵکی بێگانـە، واتـە گوتاری سیاسی مۆدێرنی کوردی دوور بوو لەسۆزو ئەفسـانە، واقیعیانە تەماشای کێشەی کوردو مێژووەکەی دەکرد.

## ئامرازەکانی گەشەپێدانی سیاسی

بەکارهێنانی ئامرازەکانی بەمۆدێرنکردن فاکتەرێکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی لەبوارەکانی ئابووری، سیاسی، رۆشنبیری، وەك باسمان کرد لەولاتانی جیهانی سێهەم دەسەڵاتدارانی سیاسی شێوازی جیاجیاو ئامرازی جیاجیا دەگرنەبەر بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان، ئەمەش ئەگەر بەراوردی بکەین، لەگەڵ واقیعی سیاسی کوردستان جیاوازییەکی گەورەی تێدا بەدیدەکرێت، چونکە ئێمەی کورد نەتەوەیەکی چەوساوەو بێدەسەڵاتین لەبواری سیاسیو ئابووری، دیارە ئەو دوو دەسەڵاتە گرنگن‌و رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لەپرۆسەی بەمۆدێرنکردندا، ئێلیتی سیاسی کوردی بەدرێژایی سەدەی بیستەم تادەگاتە راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ دەسەڵاتی سیاسیو ئابووری کوردستانی بەدەستەوە نەبووە، بۆئەوەی بەرنامەی گونجاو لەگەڵ دۆخی سەردەمەکەی دارێژی بۆ پێشکەوتنی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتی، بۆیە پرۆسەی بەمۆدێرنکردن لەکوردستاندا بەبەراورد لەگەڵ ولاتانی ناوچەکە کزو دواکەوتووترە، لەم بوارەدا دەتوانین ئەزموونێکی بچووکی کۆماری مەهاباد بەبیر خۆمان بێنینەوە، کەکەمتر لەساڵێکی خایاند، لەو ماوە کورتەدا نوخبەی سیاسی کوردی ئەگەرچی تێکەڵ بوو لەنوخبەی تەقلیدیو رۆشنبیری، بەلام توانرا هەندێ کاری

مۆدێرنیستانە بکرێت وەك دامەزراندنی کابینەی وەزیران، دامەزراوەکانیتری ڕۆشنبیریو عەسکەریو جەماوەری.[٤٧]

زاڵ بوونی بیری نەتەوایەتی بەسەر ڕۆشنبیرانی کورد بووەهۆی دامەزراندنی پارتو ڕێکخراوی سیاسی لەشاروشارۆچکەکانی کوردستاندا، دروستکردنی پارت وەك ئامرازێکی نوێی کارکردن تیایدا خەڵکی بەشێوەیەکی ڕێكوپێك کۆبکرێتەوەو کۆمەڵێك پابەندیان بۆ دیاری بکرێت، بۆئەوەی دووربن لەکارکردنی عەشایریو ناوچەگەریەتی، هەروەها لەناو ئەو دامەزراوە نوێیەدا، کەخۆی لەخۆیدا ئامرازێکی ڕۆژئاواییە وەك پێداویستییەك بۆ ڕێکخستنی ژیانی گروپو کەسەکان لەبواری سیاسی هاتۆتە کوردستانو لەلایەن ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی سودی لێوەرگیراوە، بوونی پارت لەناو کۆمەڵگای کوردی شتێکی نوێ بوو، پێشتر لەسەدەکانی ڕابردوودا بۆ ئێلیتی سیاسی تەقلیدی کوردی شتێکی نامۆبوو، دروستکردنی ئەم جۆرە دامەزراوە بوو بەئامرازێك، کەبەهۆیەوە بیری نەتەوایەتی خرایە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، بوون بەئەندامی ئەم دامەزراوە کە ڕەنگە بەلای نیشتمانپەروەری کورد، بەهایەك بوو، بەهەموو شێوەیەك داکۆکی لێدەکرد، کەواتە پارتی سیاسی ئامرازێکی گرنگە بۆ گۆڕانو بەمۆدێرنکردن، چونکە دروستبوونی پەیوەندی بەئارەزووی کۆمەڵ هەیەو بەدەستپێشکەری

هەواڵنامەی پێنج

نوخبەی سیاسییەوە هەیە، هەروەها پارتی سیاسی توانایەکی بەهێزی هەیە بۆ پەیوەندییکردن لەگەڵ کۆمەڵ لەڕێگای ستروکتورەکانی ڕێکخستنی، کەتەواو بڵاون‌و بەیەکەوە بەستراونەتەوە، جگەلەمانەش پارتی سیاسی لەڕێگای ئامانجە سەرەکییەکانی دەتوانێت چالاکییە نەتەوایەتییەکان جێبەجێ بکات بەمەبەستی مۆدێرنکردن، ئەم جۆرە چالاکیانەش کاتێك سەرکەوتن‌و ئەنجام بەدەستەوە دەدات، ئەگەر بێت‌و کۆمەڵ بەگشتی لایەنگری‌و هاوکاری پارتەکە بکەن، یارمەتی بدەن بۆ گۆڕانکارییە گرنگەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان‌و دروستکردنی هۆشیاری بەهاو ئەخلاقێکی نوێ.[(٤٨)]

نوخبەی سیاسی کوردی مۆدێرن لەڕێگای دروستکردنی پارتی سیاسی توانیان پسپۆرانە ئەم داهێنانە نوێیەیان لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی کوردستان بگونجێنن، چونکە شتێکی ئاسان نییە نوخبەیەکی سیاسی نوێ لەڕێگای پەیامێکی سیاسی‌و فکری نوێوە، بتوانێ ڕووبەڕووی دامەزراوی تراديسيۆنی (تقليدی) کۆمەڵ بوەستێ‌و تاڕادەیەکی زۆر ئەو دامەزراوانە ناچار بکات، پابەندی پەیامە نوێیەکەی ئەو بکات، پارتەکەش پیرۆزییەك بدات بەسەرۆکەکەی‌و سەرۆکە تەقلیدییە ناوچەییەکان ناچار بکەن پابەندی سەرۆکی نوێی کاریزمایی سیاسی بن، دیارە ئەمەش

لەڕێگای زانینی هونەری سیاسی بەمۆدێرن کردنەوە دەکرێت کاتێك پارتی سیاسی ڕێز لەهەندێ بەهاو کولتووری کۆمەڵایەتی تەقلیدی دەگرێت، گوتارە سیاسییەکانی لەگەڵ زمانو کولتووری ناوچە تەقلیدییەکە دەگونجێو سەرنجیان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ، بەم شێوەیە وەك دیارە شێوەی پەیوەندییەکان بەکۆمەڵگاوە خەسڵەتێکی سازشکارانەی هەیە، نەڕادیکاڵەو نەخۆی پابەندی تەواوی بەها تەقلیدییەکان دەکات.[٤٩] هاوکات لەگەڵ شێوەی کارکردنی پارتدا، سەرۆکی کارێزمایش خەسڵەتێکی دوالیزمی (ازدواجی) پێوەدەبینرێت، علمانیو تەقلیدی کەزیاتر خەسڵەتی ئایینی پێوەدیارە.[٥٠]

لەمەش بترازێ ئامرازێکی تری بەمۆدێرنکردن بریتییە لەکەناڵەکانی پەیوەندییکردنو ڕاگەیاندن، ئەم کەناڵانە بەیەکێك لەدیاردەکانی شارستانیو فاکتەری جێگیری سیاسی دادەنرێت،[٥١] ئەگەر پێشتر لەناو کۆمەڵگای تەقلیدی کەناڵەکانی پەیوەندیکردنو ڕاگەیاندن خەسڵەتێکی ناوچەگەری، عەشیرەتگەری، دواکەوتوو بووبێت، ئەوا لەگەڵ گەشەکردنو پێشکەوتنی کۆمەڵ لەژێر کاریگەریەتیو لێهاتوویی نوخبەی سیاسی ئەویش پێینایە قۆناغێکی نوێو وەك پێداویستییەکانی ژیانی سەردەمی کۆمەڵگای هاوچەرخ

بەگوێرەی ئاستی ژیانو پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردی پەرەیسەندو بوونی خۆی ساغ کردەوە.

ئەگەر پێشتر لەبەرنەبوونی ئازادی سیاسیو دیموکراسی ئەم جۆرە داهێنانە ڕێگای لێگیرا بوو، یان بەشێوەی نهێنیو ئاشکرا لەبەر نەبوونی بارودۆخی گونجاو لەبواری مادیو کولتووریو کادری پسپۆڕیو بواری سیاسی کۆسپی خرابووە بەردەم ئاسۆی گەشەکردنی، ئەوا لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لەساڵی ١٩٦١ نوخبەی سیاسی نەتەوەیی کوردی دەستیان کرد بەئامادەکردنی کادیرانی ڕاگەیاندن، سیاسی، کاروباری کۆمەڵایەتی، لەم بوارە سوودیان لەشێوەی کارکردنی مۆدێرنی وەرگرت، کەتەواو لەگەڵ شێوەی خەباتی ڕاپەڕینە چەکدارییەکانی تەقلیدی کوردی جیاواز بوو، لەڕووی چۆنایەتیو چەندایەتییەوە ناکرێ بەراوردیان بکەین، شێوازی خەباتی چەکداری شاخی ساڵانی شەستەکانو دواتریش لەپێکهاتەی هێزی پێشمەرگەو دابەشبوونی بەسەر هێزو لقو بەتالیۆنو پەلو دەستە گشتیان ستروکتورێکی عەسکەری مۆدێرن بوونو لەئەزموونی بێگانە وەرگیراون. کارکردنی هێزی پێشمەرگە لەژێر ڕێبەرایەتی نوخبەی سیاسیو عەسکەری ئەوکات جیاواز بوو، لەگەڵ هێزە عەشایەرییەکانی ڕاپەڕینەکانی کوردی

سـەدەکانی پێشـوو تاکۆتـایی نیـوەی یەکـەمی سـەدەی بیستەم.[٥٢]

دامەزرانـدنی رادیـۆ بـۆ شـۆڕش‌و پەخشـکردنی بەرنامـە جیاجیاکـانی خـۆی لەخۆیـدا دیاردەیـەکی مـۆدێرن بـوو لەپرۆسـەی سیاسـی خـەباتی چـەکدارییدا، چـونکە وەك ئامرازێکی تەکنیکی داهێنانی ئەم دەزگا نوێیە یەکـەمجار بـوو ئێلیتی سیاسی هاوچەرخی کـوردی تـوانی راسـتەوخۆ لەگـەڵ جەماوەرو هێزی پێشـمەرگە بـدوێت‌و پەیامـە نەتەوایەتییەکـە بەئاسانی بگەیەنێتە هەموو ناوچـەو ماڵێـك. دامەزرانـدنی ئـەم جـۆرە دەزگـا نوێیـە وەچـەرخانێکی گـرنگ بـوو لەپەیوەندییـەکانی نێـوان شـۆڕش‌و گـەل، نێـوان نوخبـەی سیاسـی‌و ئەنـدام‌و لایـەنگرانی جوڵانەوەکـەو پارتەکـە، کەبەڕاسـتی بەدیاردەیـەکی مـۆدێرن‌و شارسـتانی لـەژیانی سیاسی‌و خەباتی چەکداری کوردی حسێب دەکرێت.[٥٣]

ئێلیتـی سیاسـی هاوچـەرخی کـوردی بۆئـەوەی ئاسـتی کێشـەی کـوردو جوڵانـەوە رەواکـەی گەشـەپێبدات‌و لەگـەڵ پێداویسـتییەکانی سـەردەمی خـۆی بگونجـێ، دەسـتیکرد بەکردنـەوەی خـولی کـادیران، سـەدان لاوی کـوردی خرانـە بەردەم پەروەردەی حزبی‌و عەسکەری، ئەم جۆرە چالاکییانە دەبوونـەهۆی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی سیاسـی‌و رۆشـنبیری‌و عەسـکەری ئەنـدامانی پێشـکەوتووی پـارت‌و وەك کـادیرێکی

پێویست گۆشدەکران بەبیروباوەڕی نیشتمانیو ئامادە دەکران بۆ ڕێکخستنی جەماوەرو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی شۆڕش لەگەڵ جەماوەرو گەلدا، ئەم جۆرە ئەزموونەش بێگومان دیاردەیەکی نوێ بوو، ئەزموونی ولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان بوو لەکوردستاندا پەیڕەوی لێدەکراو بەیەك دەنگو بەشێوەیەکی مۆدێرن دوور لەناوچەگەریەتیو عەشایەرێتیو نەرێتی کۆن لەکارکردندا پەیامی کوردایەتیو شۆڕشیان بەسەر هەموو ناوچەکانی کوردستاندا بلاودەکردەوە، لەجیاتی کۆبوونەوەی سەرۆك هۆزو شێخەکانی کورد لەڕابوردوودا، کەبۆ مەبەستی سیاسیو عەسکەری پەیمانیان لەگەڵ یەك دەبەست، شێوازی کارکردنی سیاسی نوێ خۆی لەکۆڕو سیمینارو کۆنفرانسو گوتاری بەردەم ئاپۆرەی خەڵك دەبینییەوە.(٥٤)

گەشەکردنی بوارەکانی ئابووری، کۆمەلایەتی، مەدەنیو شارستانی لەکوردستاندا، فراوانبوونی ڕۆڵی دامەزراوە مەدەنییەکان، زیادبوونی ژمارەی دەرچووی کۆلێژو پەیمانگاکان، کەپسپۆرن لەبوارە جیاجیاکانی زانستەکانو پیشەکان بووەهۆی دروستبوونی توێژو چینێکی ڕۆشنبیری گەورە لەناو کۆمەلگای کوردستاندا، ئیتر نەدەکرا بەبیرکردنەوەیەکی نوێو کلتورو جیهانبیەکی نوێ کارنەکەن، ئەم چینە نوێیە نەیدەتوانی لەگەڵ شێوازی کارکردنی

تەقلیدیو عەشایری بژیت، بەڵکو نوخبەیەکی چاك لەمانە دەستیان کرد بەخەبات لەپێناوی بەرزکردنەوەی کێشەی نەتەوایەتی، بیری سیاسی نوێ، هەوڵدان بۆ گۆڕانی کۆمەڵگای کوردستان، بەڵام گرنگە باس لەوە بکەین، کەبۆ بەدیهێنانی ئامانجە گرنگو سەرەکییەکانی توێژی ڕۆشنبیران لەبواری پرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسی پێویست بەبارودۆخێکی دیموکراسیو ئازادی سیاسی هەیە، بەداخەوە ئەم دەرفەتە ئێجگار کەم بۆ ئێلیتی سیاسیو ڕۆشنبیری ڕەخساوە، بۆنموونە لەنیوەی یەکەمی ساڵانی حەفتاکان بەهۆی کەمێك ئازادی توانرا لەبواری ڕۆژنامەگەریو چاپەمەنیو کۆڕو سیمینار گەشە بەئاستی جوڵانەوەی ڕۆشنبیریو سیاسی بدرێت.[٥٥] لەدوای ڕاپەڕینیش تاوەکو ئێستا ئێلیتی سیاسی کوردی سەرباری هەموو نائارامیو کەموکوڕییەکان، توانیان تەکنۆلۆژیای تازەو هاوچەرخ لەم پرۆسەیە بەکاربهێنن، وەك زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان توانرا کار لەگەڵ کۆمپیوتەر لەجیاتی تایپی کۆن، مۆبایل تەلەفۆنو فاکس بۆ بەخێرا بڵاوکردنەوەی دەنگوباسو زانیارییەکان بوونە ئامرازی ڕۆژانە لەژیانی سیاسی کوردیدا.[٥٦]

تەلەفزیۆنە ناوچەییەکان، کەبۆ یەکەمینجار بوو لەمێژووی کوردا ئێلیتی سیاسی توانی بەکاری بهێنێو کێشەی کوردو

هەولاتەمەی کێتێ

هـەواڵو بەرنامـە جیاجیاکـانو ڕێبـازو مێـژووی پارتـەکانیان بگەیەننـە هـەموو ماڵێـك، جگەلەمـەش بۆئـەوەی دوانەکـەون لـەڕەوتی تـەکنۆلۆژیا لـەبواری دەنگوبـاسو پەیوەندییـەکان وەك ئەوەی لەگەڵ ڕەوتی جیهانگیریدا بڕۆن چـەندین کـەناڵی ئاسمـانی (سـەتەلایت) بـەزمانی کـوردی تێکـەڵ بـەتۆڕەکانی سـەتەلایتی جیهـان بـوو، کەگشـتیان فاکتـەری هـەبوونو سـەرکەوتنی پرۆسـەی مـۆدێرنیزمی سیاسـیین لەکوردستاندا.[٥٧]

هەواڵنامەی کتێب

## پلوڕالیزمی سیاسیو دیموکراسی

دیموکراسی پلوڕالیزمی سیاسی فاکتەری سەرەکین لەپرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسی، بەڵام زاناکانی بواری زانستی سیاسەت رایەکی یەکگرتوویان لەم بوارە نییە، یان بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەبارەی ئەوەی دیموکراسیو پلورالیزمی پارتایەتی بخرێنە خانەکانی یەکەم لەم پرۆسەیەدا یان خانەکانی دواوە، چونکە لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر جیاوازە.[٥٨]

بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت، کەبارودۆخی کوردستان لەم بوارە جیاوازە، چونکە پێش هەموو شت ئێمە دەوڵەتی سەربەخۆمان نییەو پرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسیش زیاتر لەناو جوڵانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازدا دەستی پێکردووەو لەبارودۆخێکی نائارامو جەنگدا، لەگەڵ ئەوەشدا رەنگە دیاردەی پلورالیزم لەهەندێ قۆناغدا بەرچاو بکەوێت، بەڵام لەدوای هەرەسی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥ ئەم دیاردەیە بەفراوانی سەرهەڵدەدات، دروستبوونی چەندین پارتو رێکخراوی سیاسی لەکۆتایی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم لەکوردستانی عیراقدا چەسپاندنی پرەنسیپی دیموکراسی سیاسی لەپەیڕەوو پرۆگرامی هەموو پارتەکان خۆی لەخۆیدا واقیعی هەبوونی فرەپارتایەتی دەسەلمێنێت،[٥٩] ئەم دیاردەیە خۆی لەخۆیدا بیروباوەڕی

جیاواز، بەرژەوەندی جیاواز، جیهانبینی جیاواز لەبواری تاکتیكو ستراتیژی پارتە کوردییەکانی پێوەدیارە، گرنگە ئەوەش بلێین، کەهەبوونی پلورالیزمی سیاسی لەکوردستاندا لەوانەیە باوەڕی تەواوی ئێلیتی سیاسی کوردی نەبێت بەسەرەتاکانی دیموکراسیو کار بۆ چەسپاندنی ئەم بنەماو بەهایەی دیموکراسی کرابێت، بەڵکو واقیعێك بوو دووچاری جوڵانەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازی گەلی کورد ببوو، سەرکردایەتی پارتەکانیش ئەگەر بەقسەش بوایە دانیان پێدەنا.

دیاردەی پلورالیزمی سیاسی لەگەڵ هەموو ناتەواوییەکانی تادروستبوونی بەرەی کوردستانی ژیاو دواتریش گەشەی کردو خۆی لەهەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٩٢ بینییەوە، کەململانێیەکی شارستانی بوو لەسەر بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەکوردستاندا، دروستکردنی پەرلەمانو تێکەڵ بوونی خەڵکی کوردستان لەهەڵبژاردنو پرۆسەی دامەزراندنی سیستێمی سیاسی کوردستان فاکتەری هەبوونی پرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسییە، کەپشت بەسەرەتاکانی دیموکراسی دەبەستێتو رێگا بۆ بەشدارییکردنی خەڵك دەکاتەوە، بۆئەوەی دەسەڵاتی رەوای خۆیان دامەزرێنن، دیاردەکانی تری پلورالیزمی سیاسیو دیموکراسی بریتییە لەئازادی تاکەکەس لەبواری ئابووریو بازاڕی ئازاددا،[٦٠]

هەواڵنامەی کێتی

کـەبێگومان ئـەم بەهایـەش لەکوردسـتاندا تـاڕۆژی ئـەمڕۆ پـەیڕەوی لێـدەکرێتو سیسـتێمی سیاسـی کـوردی ئـەم دیموکراسییە ئابوورییەی نەخنکاندووە. هاوکات لەگەڵ ئەم پرۆسەی دروستبوونی ڕێکخراوە پیشەییو جەماوەرییەکان لەگەشـەکردندا بـووە، ئەگەرچـی ئـەم جـۆرە ڕێکخراوانـە، کەبەشـێکن لەپێکهێنـەری کۆمـەڵگای مـەدەنیو ڕۆڵـی گـرنگ دەبیـنن لـەڕاگرتنی هاوسـەنگی نێـوان دەسـەڵاتی گـەلو سیسـتێمی سیاسـیو لـەڕاگرتنی هاوسـەنگی تـەرازووی بەرژەوەندییـەکانی، لەگـەڵ ئەوەشـدا سـەربەخۆیی تـەواویان نییـەو تاڕادەیـەکی زۆر وابەسـتەی پارتـە سیاسـییەکانی کوردسـتانو لـەبواری ئابوورییـەوە بەبێ‌پشـتگیری حکومـەت توانای بەردەوامبوونی ژیانی خۆیان نییە.(٦١)

هەبوونی دامەزراوو ڕێکخراوی جیاجیای وەك مـافی مـرۆڤ، ژینگـەپارێزی، پـارتی سیاسـی خـاوەن ئایـدۆلۆژیاو بـیری جیاجیـا، کەهەنـدێکیان بەشـدارن لەدەسـەڵاتو سیسـتێمی سیاسـی، کـاری دیپلۆماسـیو نوێنەرایـەتی نێودەوڵـەتی، ئازادییـە چـاپەمەنییەکان گشـتیان ڕەنگدانـەوی کلتـووری سیاسیو سیسـتێمی سیاسـی وڵاتـانی ڕۆژئاوایـان پێوەدیـارە یـان کاریگـەرێتی ئـەوانیان لەسـەرە، کـەبێگومان ئەمـەیش پرۆسەی مۆدێرنکردنی سیاسی لەکوردستان دەسەلمێنێت.

گرنگە باس لەوەش بکەین، کەخەباتی ئافرەتانو ژنان بۆ بەدەست هێنانی مافی خۆیان لەم پرۆسەیە دەرفەتی بۆ رەخساوە، لەوەش گرنگتر هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ناوچەکانی سلێمانیو کۆیەو پشدەرو گەرمیانو هەولێر و دهۆك و ناوچەکانی تری کوردستان بەشێکن لەم پرۆسەیە.

هەواڵنامەی کتێب

## کۆسپەکانی بەردەم گەشە پێدانی سیاسی

هەموو بیرکردنەوەیەکی نوێ لەسەرەتادا تووشی کۆسپو تەگەرە دەبێت، خەڵکی بەگومانەوە سەیری دەکەنو تاڕادەیەك لێی دوورەپەرێز دەبن، گەشەپێدانی سیاسیش لەکوردستاندا ئاسانو ڕێگاکەی ڕاستو بێکۆسپ نەبوو، چونکە بیری سیاسی نوێ کۆمەڵێك بەهاو پرەنسیپی نوێ لەگەڵ خۆی دەهێنێت، کەناکۆکە لەگەڵ بەهاو پرەنسیپی تەقلیدی کۆمەڵگای کۆن، دامەزراوە تەقلیدییەکانی کوردی، کەمێژوویەکی دوورودرێژیان هەبوو نەك هەر بەئاسانی نەکەوتنە ژێر کاریگەریەتی بیروبەهای تازە، بەڵکو تاڕادەیەکی زۆر دژایەتیان کرد.[٦٢]

نەبوونی خوێندەواری بەشێوەیەکی فراوان لەناو کۆمەڵگای کوردی کۆسپێکی سەرەکی بوو لەبەردەم مۆدێرنیزمی سیاسی، چونکە ئاستی هوشیاری سیاسی دواکەوتووبوو، دابەشبوونی کۆمەڵگای کوردی بەسەر عەشایرو هۆزی جیاجیا، کەستروکتورە کۆمەڵایەتییەکەی هێشتا لەبەرژەوەندی سەرۆك عەشیرەتو شێخو ئاغادا بوو، بەرژەوەندییان لەگەڵ نوخبەی سیاسی هاوچەرخ ناکۆك بوو، گواستنەوەی خەباتی سیاسی کوردی لەساڵانی شەستەکان بۆ شاخو ناوچەی جوتیاران کۆسپێکی گەورەبوو لەبەردەم گەشەکردنی مۆدێرنیزمی سیاسی، چونکە وەك پێشتر باسمان

کرد گوندەکان ئاستی هۆشیاریو خوێندەوارییان بەبەراورد لەگەڵ شارەکان زۆر لەدواوە بوو، بەمەش تەرازووی هێزەکان بەلای پارێزگارانو دامەزراوی تەقلیدیدا شکا، هەربۆیە لەکاتی دووبەرەکی نێوان ئێلیتی مۆدێرنی شارەکان، کەلەناو شۆڕشدا بوونو لەگەڵ ئێلیتی تەقلیدی سیاسی، تەرازوی هێزەکان بەبەرژەوەندی ئێلیتی تەقلیدی کوردی شکایەوە، چونکە جوتیاران بەئاسانی نەدەکەوتنە ژێر کاریگەریەتی بیری سیاسی نوێ، کەبۆ ئەوان نامۆ بوو.[٦٣]

یەکێك لەکۆسپەکانیتری بەردەم مۆدێرنیزمی سیاسی بریتییە لەولاتانی دەوروبەر، کەگشتیان کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوەو بەچاوی دوژمنکارانە تەماشای هەرجۆرە پرۆسەیەکی پێشکەوتنو نوێخوازی دەکەن لەکوردستاندا، چونکە دەبێتەهۆی هوشیاری سیاسیو پێشکەوتنی کۆمەلایەتیو بەرزبوونەوەی ئاستی بیری نەتەوەیی، کەئەمەش لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە. رژێمەکانی ولاتانی دەوروبەر لەقۆناغە جیاجیاکانی خەباتی گەلی کورددا دۆستایەتیان، لەگەڵ دامەزراوی تەقلیدی کوردی پەیداکردووەو پشتیوانیان لێکردووە لەبەرامبەر ئێلیتی هاوچەرخی نوێخوازی کوردی، ئەوان بەردەوام پلانیان هەبووە بۆ سەرنەکەوتنی هەرجۆرە پرۆسەیەکی مۆدێرن

هەولێرنامەی کتێب

لەکوردستاندا، کەبێتە جێگای جێگیری سیاسیو پێشکەوتن.[٦٤]

جگەلەمانەش ئێلیتی سیاسی مۆدێرنی کوردی بەردەوام پێویستی بەدەرامەتی مادیو کادیری کارامەو پسپۆری شارەزا هەبووە، بۆئەوەی درێژە بەپرۆسەکە بدەنو بەرەو سەرکەوتنەی بەرن.

لەم ساڵانەی دواییدا سەرباری پرۆسەی بەتەوژمی بەمۆدێرنکردن لەناو خودی کۆمەڵگای کوردستاندا، ڕێبازی دژە مۆدێرن سەریهەڵداوەو بەهەموو جۆرێك خەبات لەدژی بەهاو سەرەتاکانی مۆدێرنیزمی علمانیەت دەکەن، کەئەوانیش بریتین لەتەیارە جیاجیاکانی ئیسلامی، ئەو تەیارو ڕێبازە ئیسلامیانە لەسەر بناغەکانی ئسوڵی ئیسلامی بەهاو پرەنسیپەکان دەبینن، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە جگەلەوەی بیری نەتەوەییو ناسیۆنالیزم لاوازدەکاتو لەناوی دەبات، بەڵکو لەگەڵ پرۆسەی مۆدێرنیزمیشدا لەسەنگەری بەرامبەر وەستاوەو لەململانێیەکی بێکۆتاییدایەو بەسۆزو عاتیفەی پارێزگارانە خەبات دەکات.[٦٥]

## ئەنجام

مۆدێرنیزمی سیاسی لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم لەسەردەستی ئێلیتی رۆشنبیرو سیاسی کوردی گەڵاڵەبوو، ئەنجامی گەشەکردنی بوارەکانی ئابووری، کۆمەلایەتی، سیاسی بوو، لەسەر بنەماو میتۆدێکی دیارییکراو نەبوو، بەڵکو ئەنجامی وەرگرتنی ئایدۆلۆژیای رۆژئاوایی لیبرالیزمو هەندێك جاریش سوود لەمارکسیزم وەرگیراوە، مۆدێرنیزمی سیاسی زیاتر لەناو جولانەوەی رزگاریخوازی کوردییدا گەشەی کردووەو تووشی کۆسپو گیروگرفتی زۆربووە لەبەر هۆکاری دەرەکیو ناوخۆ.

ئەم پرۆسەیە لەناو کۆمەڵگای کوردستاندا لایەنگرو نەیارانی خۆی هەبووە، بەلام لەگەڵ پێشکەوتنی بوارکانی ژیانی کۆمەلایەتی، ئەویش هەنگاوی تازەو نوێی هاویشتووەو لەگەڵ رووداوەکانیو گۆڕانکارییەکانی سەردەمەکەی خۆی گونجاندووە.

مۆدێرنیزمی سیاسی وەك پرۆسەیەك لەسەر دەستی ئەو ئێلیتە سیاسییە کوردییەی کەلەخوارەوە بۆ سەرەوە پەیدابووەو (واتە لەسیستمی لیبرال دیموکراتدا) هەولّی چەسپاندنی بۆ دراوە.

نەبوونی کیانێکی سەربەخۆو دوژمنایـەتی کردنـی لەلایـەن داگیرکــەرانی کوردســتانەوە ئــەم پرۆســەیە لەکوردســتان دواخراوەو کۆسپ خراوەت بەردەم پەرەسەندنی.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بوارە گرنگەکانی مۆدێرنیزمی سیاسـی وەك دیموکراسی، سیستێمی نوێنەرایەتی دامەزراوی مەدەنی، ڕێکخـراوە پیشـەیی‌و جەماوەرییـەکان، مـافی مـرۆڤو ئـازادی بازرگانی‌و بازاڕی ئازاد لەکوردستان کەم تـازۆر بەدیـدەکرێن‌و بەفاکتەری هەبوونی پرۆسەی مۆدێرنیزمی سیاسی دادەنرێن.

هەواڵنامەی کتێب

# پەراوێزەکان

١.–د.شعبان الطاهر الاسود: علم الاجتماع السياسي، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠١،ل١٨٩

٢.–الان تورين: ماهية الديمقراطية، ترجمة حسن قبيسي، بيروت، ٢٠٠١،ل٢٠٩

٣.–هەر لە سەردەمی جولانەوەی شێخ مەحمود تا جولانەوەکالنی تری کوردستان، بە شۆڕشی سالی ١٩٦١ و ١٩٧٥ تا دەگاتە راپەرینەکەی سالی ١٩٩١، سەرکردایەتی کوردی ئەو دەرفەتەی بۆ نەرەخساوە لە شارەکان لەگەڵ جەماوەردا بە ئاشکرا کار بکات.

٤.–لەنچۆڤ.س.ئە: لەبارەی بە مۆدێرن کردنی ژیانی سیاسی، گۆڤاری ڤێستنیك، پیتربۆرگ،١٩٩٨، (بە زمانی روسی)،ل٧٢.

٥. –هەمان سەرچاوە.

٦. –هنتگتۆن، ئەلمۆند، ئیستۆن، دورگهایم... گشتیان لە سەر جێگیری کۆمەڵ رێکن، واتە بەکار نەهێنانی زەبر و زەنگ و شۆرش لە پێناوی گۆرانکاریە کۆمەلایەتیەکان، بە پێچەوانەی مارکس کە باوەری بە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ هەبوو لە پێناو گرتنە دەستی دەسەلات و گۆرانی رادیکالی لە ناو کۆمەڵ و دەولەت.

٧. –سامۆیل هنتگتۆن: النظام السياسی لمجتمعات متغيرة، ترجمة سميه فلو عبود، بيروت، ١٩٩٣، ل٩.

٨. –غازی فیصل: التنمه السياسيه فی بلدان العالم الپالپ، بغداد، ١٩٩٣، ل١٠٣.

٩. –لەنچۆڤ.س.ئە: هەمان سەرچاوە، ل٧٣

١٠. –د.كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الكويت، ١٩٨٥، ل١٧٤–١٧٥.

١١. –هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٩٨.

١٢. –محمد علي محمد: اصول الاجتماع السياسي، الاسكندرية، الجزء الثاني،١٩٨٩، ل٢٦٧.

١٣. –هاجییێف.ك.س: بنەماكانی جیۆپۆلەتیك، مۆسكۆ، ١٩٩٨،(بە زمانی روسی)، ل٢٤٥.

١٤. –ساموێل هنتگتۆن: هەمان سەرچاوە، ل١٢٣.

١٥. –هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٢٣

١٦. –نبيل السمالوطي:بناء القوة والتنمية السياسية، الهيئة المصريةالعامة للكتاب، ١٩٧٨،ل٢٥–٢٨.

١٧. –زۆربەی زاناكانی رۆژئاوا ئاماژە بەو خەسلەتانە دەكەن چونكە رایان وایە گۆڕان لە سترۆكتۆری كۆمەڵایەتی بێگومان كاریگەری بەسەر كولتور و هۆشیاری سیاسی و كۆمەڵایەتیدا دەبێت.

١٨. –فيليب برو: علم الاجتماع السياسي، ترجمة د.محمد عرب صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع، مكان الطبع غير معروف، ١٩٩٨، ل٢٧٤.

١٩. –ئەم جۆرە رێبازە لە زۆر لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا تاقی كراوەتەوە بێ ئەوەی پێشكەوتنی بەرچاو و ئەنجامی هەبێت.

٢٠. –ماركس، لینین، ماوزی دۆنگ و دەیان سەركردەی تری جولانەوەی چەپی رادیكال ئەم بۆچونەیان هەیە.

٢١. –لە نوسراوەكان و بڵاوكراوەكانی بیریارانی ئەم رێبازە بە ئاشكرا دان بەوەدا دەنێن.

٢٢. –غوران هدبرو:الاتصال و التغير الاجتماعي في الدول النامية، ترجمة محمد ناجي الجوهر، بغداد،١٩٩١،ل٢٣.

٢٣. –لیبراڵەكان لەم بوارە جەخت لەسەر ئەم بۆچونە دەكەن.

٢٤. –هاجیێڤ.ك.س: هەمان سەرچاوە،ل٢٤٦.

٢٥. –ساموێل هنتگتۆن: هەمان سەرچاوە،ل٥٠.

٢٦. –زۆربەی زاناكان رایان وایە كە مەرجەكانی نەتەوە خاك، زمان، ئاین، ئابوری و كولتوری هاوبەش گرنگی بۆ دروست بوونی نەتەوەیەكی یەكگرتوو.

٢٧. –شكستی شۆڕشەكانی كورد لە مێژوودا بەتایبەتی سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەكەمی سەدەیبیستەم یەكێك لە هۆكارەكان دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی تەقلیدی كوردی ئەو سەردەم.

٢٨. –جلال الطالباني: حول القضة الكردية في العراق، بيروت،١٩٩٦، ل٢٣.

٢٩. –لەوانە ئەحمەدی خانی، نالی، حاجی قادری کۆیی، و هیتر.

٣٠. –بە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵ لە روی خوێندەواری و نەبوونی ئامرازەکانی پەیوەندی (وسائل الاتصال)، نەبوونی چاپخانە و رادیۆ و ...هتد.

٣١. –زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەو راستیە دەکەن.

٣٢. –شتێکی ئاساییە ئەگەر سەرمایەداری لە کوردستان گەشەی نەکردبێ پەیوەندی ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان خەسلەتی تەقلیدی و سەدەکانی ناوەراستی هەبێ.

٣٣. –ئەوانەی کە لە ئەستەمبۆل خوێندبویان و گەڕانەوە کوردستان لەگەل ئەو گروپەی لە بەغدا دەرفەتی خوێندنیان بۆ رەخسا رۆلی گرنگیان بینی لە وروژاندنی جەماوەر بۆ بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و بیری نەتەوەیی.

٣٤. –لەم بوارە دەتوانین ئاماژە بە جولانەوەی تورکیای لاو بکەین و هە موو ئەو جولانەوانەی لە ئەستەمبۆل هەبوون و دژی سیستێمی تەقلیدی عوسمانی بوون.

٣٥. –پەیمانی سایکس پیکۆ بووە هۆی دروستبوونی ئەو وردە دەوڵەتانە لە ناوچەکە کە دواتر رێککەوتننامەی تری بە دواداهات بە تایبەت دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری سالی ١٩١٧ لە روسیا.

٣٦. –دەرکردنی گۆڤار و رۆژنامە لە ساڵانی بیستەکان و سیەکان لە لایەن نوسەرانی ئەو سەردەمی کورد و ناوەرۆکی نوسینەکانیان راستی بۆچونەکانمان دەسەلمێنن.

٣٧. –احسان محمد الحسن: علم الاجتماع السياسي، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٤، ل٢٠٣.

٣٨. –د.شعبان الطاهر الاسود: علم الاجتماع السياسي، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠١، ل٩٩.

٣٩. زۆربەی سەرکردایەتی پارتە کوردیەکان ئەو راستیە دەسەلمێنن.

٤٠. –بۆ نمونە گۆڤاری گەلاوێژ، یەکێتی تێکۆشین...و هتد.

هەوار نامەی پیتێر

٤١. ‌‌ –هەبوونی پارتی هیوا، پارتی دیموکراتی کوردستان، و رزگاری نمونەی بەرچاون.

٤٢. ‌‌ –ئەو سەردەم بە هۆی کردنەوەی زانکۆ لە بەغدا ژمارەیەك لە خوێندکارانی کوردستان توانیان سود لەو دەرفەتە ببینن و لە دوارۆژدا ببنە سەرکردە و کادری لێهاتووی سیاسی.

٤٣. ‌‌ –د.کمال مظهر احمد لە کتێبی (صفحات من تارخ العراق المعاصر)ئاماژە بە نوسینی هەندێ لە نوسەرە عەرەبەکانی سالانی سیەکان دەکات کە جۆرە بیرکردنەوەی رەگەزپەرستانەیان بلاودەکردەوە.

٤٤. ‌‌ –بەشێکی زۆر لە رۆشنبیرانی کورد لە ناو پارتی کۆمۆنستی عیراقدا خەباتیان دەکرد و دژی ئیمپریالیزمی بەریتانی بوون.

٤٥. ‌‌ –بۆ نمونە شیعرەکانی هەژار و هێمن و گۆران.

٤٦. ‌‌ –گۆڤاری یەکێتی تێکۆشین یەك لەو گۆڤارانە بوو کە بیری مارکسی بلاو دەکردەوە.

٤٧. ‌‌ –کریس کوچیرا:مێژووی کورد لەسەدەی ١٩ و ٢٠ دا، وەرگێڕانی محمد ریانی، تاران،١٣٦٩هەتاوی.

٤٨. ‌‌ –جورج بالاندية:الانتروبولوجيا السياسية،ل١٣٦.

٤٩. ‌‌ –غازی فیصل: هەمان سەرچاوە،ل٥٤.

٥٠. ‌‌ هەمان سەرچاوەی پێشوو

٥١. ‌‌ –د.محمد بن سعود البشر: مقدمة في الاتصال السياسي، الرياض،١٩٩٧،ل٣٦

٥٢. ‌‌ –لە سەدەکانی رابردوودا ئەگەر میرێك پێویستی بە کۆکردنەوەی لەشکر هەبوایە لە رێگای ئاغا و دەرەبەگە کوردەکان هێزی کۆدەکردەوە بەلام ئەوەی لە شۆڕشی کوردستان لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دروست بوو تەواو جیاواز بوو لەگەل رابردوو.

٥٣. ‌‌ –لە رێگای رۆژنامە و رادیۆ ئەو کارانە ئەنجام دران.

هەواڵنامەی کێتێز

٥٤. –کۆنفرانس، پلینیۆم، کۆنگرە دیاردەی گەشەپێدانی سیاسی نوێن و لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردی بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبینرێت.

٥٥. –بۆ نمونە دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد و دەرچوونی رۆژنامەی رۆژانە.

٥٦. –د.دلێر ئەحمەد حەمەد: کورد و بە جیهانیبون، گۆڤاری بیر و هۆشیاری، ژمارە (٢)، سالی ٢٠٠٢، ل١٥٢

٥٧. –هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢

٥٨. –د.شعبان الطاهر الاسود: هەمان سەرچاوە،ل١٧٩

٥٩. –بروانە بەرنامەی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و پارتی سۆسیالیستی کوردستان و ...هتد.

٦٠. –الان تورین: ماهية الديمقراطية، ترجمة حسن قبيسي، بيروت، ٢٠٠١،ل١٦٨

٦١. –ئەمە نەك هەر لە کوردستان بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم وایە.

٦٢. –بەشێك لە ئاغا و سەرۆك هۆزەکان لە سەدەی بیستەم لە جیاتی ئەوەی پشتیوانی لەم پرۆسەیە بکەن، بوون بە نۆکەری داگیرکەران و دژایەتی جولانەوەی کوردیان کرد.

٦٣. –دووبەرەکی جولانەوەی کوردی لە ساڵی ١٩٦٤ نمونەی ئەم پرۆسەیەیە.

٦٤. –لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کوردستاندا بە شێوەیەکی ئاشکرا وەزیرەکانی دەرەوەی وڵاتانی دەوروبەری کوردستان کۆبونەوەیان دەکرد لە سەر دۆخی کورد بۆ ئەوەی گەشە نەکات و کێشەی بۆ دروست بکەن.

٦٥. –دروست بوونی جۆرەها جولانەوەی ئیسلامی لە کوردستان لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ کە گشتیان سەلەفین و دژی چەمکی لیبڕالین، راستی ئەم بۆچونەمان دەسەلمێنن.

# سەرچاوەکان


به زمانی کوردی:

١. د.دلێر ئەحمەد حەمەد: کورد و بە جیهانیبون، گۆڤاری بیر و هۆشیاری، ژمارە (٢)، سالی ٢٠٠٢

٢. کریس کوچیرا:مێژووی کورد لەسەدەی ١٩ و ٢٠ دا، وەرگێڕانی محمد ریانی، تاران،١٣٦٩هەتاوی

به زمانی عەرەبی:

٣. احسان محمد الحسن: علم الاجتماع السياسي، مطبعة جامعة الموصل، ١٩٨٤

٤. الان تورين: ماهية الديمقراطية، ترجمة حسن قبيسي، بيروت، ٢٠٠١

٥. جلال الطالباني: حول القضة الكردية في العراق، بيروت،١٩٩٦

٦. ساموبل هنتكتون: النظام السياسي لمجتمعات متغيرة، ترجمة سميه فلو عبود، بيروت، ١٩٩٣

٧. د.شعبان الطاهر الاسود: علم الاجتماع السياسي، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠١

٨. غازى فيصل: التنمة السياسية في بلدان العالم الثالث، بغداد، ١٩٩٣

٩. غوران هدبرو:الاتصال و التغير الاجتماعي في الدول النامية، ترجمة محمد ناجي الجوهر، بغداد،١٩٩١


هەوالنامەی کتێب

١٠. فيليب برو: علم الاجتماع السياسى، ترجمة د.محمد عرب صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع، مكان الطبع غير معروف، ١٩٩٨

١١. د.كمال المنوفي: نظريات النظم السياسية، الكويت، ١٩٨٥

١٢. محمد علي محمد: اصول الاجتماع السياسي، الاسكندرية، الجزء الثانى،١٩٨٩

١٣. د.محمد بن سعود البشر: مقدمة في الاتصال السياسي، الرياض،١٩٩٧

١٤. نبيل السمالوطي:بناء القوة والتنمية السياسية، الهيئة المصريةالعامة للكتاب

بەزمانی روسی:

١٥. لەنچۆڤ.س.ئە: لەبارەی بە مۆدێرن کردنی ژیانی سیاسی، گۆڤاری ڤێستنیك، پیتربۆرگ،١٩٩٨، (بە زمانی روسی)

١٦. هاجییێڤ.ك.س: بنەماکانی جیۆپۆلەتیك، مۆسکۆ، ١٩٩٨،(بە زمانی روسی)،

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی دووەم

# سەرهەڵدانو گەشەکردنی بیری سۆسیال-دیموکراتیزم

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بیری سیاسی کاریگەری گرنگی هەبووە لەگۆڕانو گەشەکردنی کۆمەڵی مرۆڤایەتی. بیری سۆسیال–دیموکراتیزم یەکێك لەو بیرانەیە کە کاریگەری بەسەر دەیانو سەدان ملیۆن کەسەوە هەیە. بیرێکی سیاسی کۆمەڵایەتی، ئابورییە. ئەمڕۆ لەجیهاندا نزیکەی ٨٠پارتی سۆسیال دیموکرات بوونیان هەیە، زیاتر لە ٢٠ملیۆن ئەندامیان هەیە، نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن کەس لەکاتی هەڵبژاردندا دەنگیان بۆ دەدەن. بەداخەوە تا ئێستا لەزانکۆکانی کوردستاندا، بەزمانی کوردی هیچ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی دەربارەی ئەم دیاردەیە نەکراوە. بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەیەکەم کاری زانستی دادەنرێت کە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر رەگەکانی ئەم بیرەو قۆناغەکانی گۆڕانو گەشەکردنی، هەروەها پرنسیپەکانی ئەم بیرە شیدەکاتەوەو باس لە بیرو فەلسەفەکانی تر دەکات کە کاریگەریان بەسەر بیری سۆسیال دیموکراتیزمەوە هەبووە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت بەچەندین سەرچاوەی ئەکادیمیو زانستی بەستراوە بەزمانی روسیو زمانەکانی تر، کە زۆربەیان کاری زانستی نوێن. بابەتی (سەرهەڵدانو گەشەکردنی بیری سۆسیال–دیموکراتیزم) پێکهاتووە لەسێ بەش ١–رەگەکانی ئەم بیرە ٢–سەرهەڵدانی ئەم بیرە ٣–

هەواڵنامەی کتێب

گەشەکردنی بیری سۆسیال–دیموکراتیزم، لەگەڵ پێشەکیو کۆتایی و ئاماژەدانە سەچاوەکان.

لە باسی یەکەمدا توێژەر جەخت دەکاتەوە لەسەر فاکتەرەکانی مێژوویی و دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ئەو سەردەم، بەتایبەت ڕێکخراو و کۆمەڵە جیهانیەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم لە فەرەنسا و بەریتانیا و ڕەنگدانەوەیان لەسەر بیری سۆسیال–دیموکرات دا لە داهاتودا.

باسی دووەم بریتیە لە توێژینەوە لە سەرهەلدانی بیری سۆسیال–دیموکرات و کاریگەری بیری مارکسیزم لە ساغ بوونەوە و پێکهێنانی پارتە سۆسیالیستەکان و بیر و تیۆریای فەیلەسوفەکانی سەدەی نۆزدەهەم.

باسی سێیەم کە بریتیە لە گەشەکردنی بیری سۆسیال–دیموکرات، لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠. خەسلەتە سەرەکیەکانی ئەم باسە دەستنیشان کراوە و لێکدراوەتەوە. هەروەها توێژەر باسی ناکۆکیە سەرەکیەکانی نێوان مارکسیە کلاسیکیەکان و بیری سۆسیال–دیموکرات دەکات بە تایبەت کێشەی دیموکراتیەت، بازاڕی ئازاد، پلورالیزمی سیاسی، ئازادی و...هتد. لە کۆتاییدا توێژەر بەکورتی باس لە دەرەنجامەکان دەکات.

# رەگەكانی بیری سۆسیال-دیموكراتیزم

سۆسیال–دیموكراتیزم– هێزێكی سیاسی كاریگەرە، لەهەموو كێشوەرەكانی جیهان بوونی هەیەو لەهەموو ئاستەكانی دەسەلات چالاكانە بەشداری دەكات[1] مێژووی ئەم بیرە لەسەرهەلدانو گەشەكردنیدا بەچەندین قۆناغی جیا جیا تێپەڕیوە، چەندین جار گۆڕان بەسەر پرنسیپەكانیدا هاتووە. لەئەنجامی گۆڕانو گەشەكردنی بوارەكانی ئابووری، سیاسی، كۆمەلایەتی ئەوروپای رۆژئاوا، ئەمیش وەك پێداویستییەكی مێژوویی سەری هەلداوەو گەشەی كردووە.

یەكەم جار چەمكی سۆسیال–دیموكراتیزم "لەسالی ١٨٦٩ لە لایەن د. برنارد شۆو بۆ دەستنیشان كردنی ریفۆرمیزمی سۆسیال – دیموكراتەكان بەكارهێنرا[2]

دواتر ئەم زاراوەیە زۆر بەفراوانی لەلایەن ئێدوارد بێرنشتێین بەكار دەهێنرا و دوای ئەویش بەتەواوی لەلایەن ر.گیلفێردینگ جێگیر كرا كە لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەكەم بەكاری دەهێنا. سۆسیال دیموكراتیزم وەك زۆربەی بیر و فەلسەفە سیاسیەكانی تر رەگێكی مێژوویی هەیە، كاریگەری هەندێ لە رێكخراو و گروپە كۆمەلایەتیەكانی

---

[1] كورتە ئینسكلۆپیدیای زانستی سیاسی، مۆسكۆ، ١٩٩٧، ل٤٧٠، (بە زمانی روسی)

[2] هاجییێت. ك. س: زانستی سیاسەت، مۆسكۆ، ١٩٩٧، ل٤٢٠.

بەسەرەوە هەیە،بەتایبەت تێڕوانینیان بۆ کۆمەڵ، دەوڵەت، ئابوری ...هتد. کە هەوڵ دەدەین تیشك بخەینە سەر ئەم وردە ڕەوت و بیرانەی کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر بیری سۆسیال دیموکراتیزم بەتایبەتی لە فۆرمەلەبوون و ساغ بوونەوەی وەك دیاردەیەکی سیاسی سەربەخۆ یان وەك بیر و فەلسەفەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە ئەمڕۆ لەجیهاندا یەکێك لەهێزە کاریگەرەکانە.

مێژووی بیری سۆسیال — دیموکراتیزم زۆر بەتوندی بەستراوەتەوە بەمێژووی جوڵانەوەی کرێکاران[١]. لەگەڵ گەشەکردنی پرۆسەی سەرمایەداری لەئەورووپای رۆژئاوا، بەتایبەتی فراوان بوونو گەورەبوونیکارگەکان و گەشەی پیشەسازی لەشارەکاندا، کۆچ کردنی جوتیاران لەدێوە بۆ شار، داهێنانی زانستی کە بووە هۆی گەشەکردنو بەرەو پێش چوونی تەکنەلۆجیا لەهەموو بوارەکاندا، دۆزینەوەی بازاڕی نوێ بۆ ساغ کردنەوەی بەرهەمی زێدە، هەموو ئەوانە لەشکری کرێکارانیان زیاد کردوو کۆمەڵگای تەقلیدیان وەرچەخاند بۆ کۆمەڵێکی فرە چین و توێژی[٢] جیاجیای کۆمەڵایەتی. بەم شێوەیە کرێکاران کە لەبارودۆخێکی سەختی ژیان دابوون خۆیان لەناو گروپو ڕێکخراوی سیاسی

---

[١] هەمان سەرچاوە.

[٢] هەمان سەرچاوە. ل٤١٨

ڕێکخست بۆ داکۆکی کردن لەمافەکانیان. لەساڵی ١٨٨٤ لە ئینگلتەرا کۆمەڵەی فابی دروست بوو کە گوزارشتی لە بەرژوەندیەکانی کرێکاران دەکرد. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە باوەڕیان بە زەبرو زەنگو شۆڕش کردن نەبوو لەپێناو گۆرانکاریە کۆمەلایەتیەکان.[١] بیری ریفۆرمیزمو فەلسەفەی فابی پشتی بە بیری پۆزەتیفی سپێنسەر بەستبوو کە کۆمەڵی مرۆڤایەتی بەئۆرگانیزمی زیندو دەچواند کە توانای لەسەر خۆ گەشەکردنی هەیە، واتە چۆن منداڵ لەدایك دەبێ، گەشە دەکات، پێدەگات، گەورە دەبێتو گۆڕانی بەسەر دادێت، ئاواش کۆمەڵ گۆڕانی بەسەردا دێت بێ ئەوەی پەنا ببردرێتە بە زەبرو زەنگو شۆڕشو توندوتیژی[٢]. ئامانجی فابیەکان لەدروست کردنی کۆمەڵەکە بریتی بوو لە مافی دەنگدان بۆ هەموو کەس، دەسەلاتی شارەوانیەکان بەهێز بکرێت، رۆڵی دەوڵەت لە ڕێکخستنی ئابووریو کەپیتاڵ دا بەهێز بێت، واتە دەوڵەت رۆڵی بینەر نەبینێت لەرووداوە کۆمەلایەتیەکان، ریفۆرمی فراوان ئەنجام بدرێت بەمەبەستی چاکردنو دابینکردنی دادوەری کۆمەلایەتی.[٣]

---

[١] ئەکادیمیانی روس:مێژووی هەموو جیهان، مۆسکۆ، ١٩٦٠، ل٦٠.

[٢] هەمان سەرچاوە. ل٦٠

[٣] هەمان سەرچاوە. ل٦٠

گیلدەکانی فەرەنسا بریتی بوون لە کۆمەڵەی بچوکی کرێکاری، ئامانجیان کۆکردنەوەی سەروەتو سامان بوو بۆ دەست بەسەرداگرتنی کارگەکان، واتە لەداهاتوودا کرێکاران بتوانن کارگەکان لەسەرمایەدار بکرنەوەو خۆیان بەڕێوەی ببەن. بیرو باوەڕی ئەو کۆمەڵانە زیاتر بەلای ریفۆرمو یەکسانی کۆمەڵایەتی دەشکایەوە، باوەڕیان بەزەبرو زەنگ نەبوو بەتایبەت هەڵوێستی دژە شۆڕشیان هەبوو بۆ گۆرانکاریە کۆمەڵایەتیەکان.[1] بێ گومان بیرو بۆچوونی ئەم جوڵانەوە کرێکارییانە کاریگەریان هەبووە بەسەر بیرو فەلسەفەی سۆسیال – دیموکراتەکان بەتایبەت لایەنە ریفۆرمیستەکەی.

سەرەتا بیری سۆسیال– دیموکراتیزم زۆربەی هەرە زۆری پرنسیپەکانی لەگەڵ مارکسیزم گونجاو بوو، بەتایبەتی پرنسیپی لەناوبردنی کەپیتالیزمو سەر لەنوێ بیناکردنەوەی کۆمەڵ لەڕێگای جێبەجێکردنو بەرقەرارکردنی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو دەست بەسەرداگرتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەلایەن دەوڵەتەوە[2]. ئەم پرنسیپەی مارکسیزم کە جۆرێك بوو لەدژایەتیکردنی سیستمی سەرمایەداری، شێوازێك بوو

[1] لانچۆ. س. ئە: سۆسیال دیموکرات بیر و ئایدۆلۆجی، پیتر بۆرگ، ١٩٩٦، ل٨.

[2] هاجییێف. ك. س: زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٤١٨

لەبنیات نانی سۆسیالیزم، بەشێوەیەکی ڕەها هەموو دامو دەزگای سیستێمی سەرمایەداری لەبوارە سیاسی، ئابوری، پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان،و دامەزراوە یاساییەکان ڕەت دەکردەوە. لەناوبردنی ئەم سیستیمە بەڕای مارکسیزم ئەرکی سەرەکی کرێکارانە بۆ لەناو بردنو هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان کە بەڕای مارکسیزم چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە لەم سێستەمەی سەرمایەداریدا زەق و بەهێزە و یەکسانی کۆمەلایەتی تێدا نیە. بۆ لەناو بردنی دەوڵەتی سەرمایەداری، مارکس شۆڕشو زەبرو زەنگ بەشتێکی ڕەوا دەزانێ لەپێناو بەرقەرارکردنی کۆمەڵی سۆسیالیستی کە دوا ئامانجە لای مارکسیەکان،بەم جۆرە ڕێگای راپەرینو شۆڕشکردن بۆ کرێکاران خۆش کرا. سۆسیال – دیموکراتەکانیش سەرەتای دروست بوونیانو کارکردنیان لەژێر کاریگەری ئەم بیرەی مارکسیزم بەدەر نەبوونو بۆچوونەکانیان دەربارەی بەها گرنگەکان وەك یەك بوو، کەواتە رەگەکانی بیری سۆسیال – دیموکراتیزم دەگەڕێتەوە بۆ نوێنەرانی فابیەکانی ئینگەلتەرا، گیلدەکانی فەرەنسا، پۆسبیلیزم، جولانەوە ریفۆرمیستیەکانی ناو بیری سۆسیالزم، پێویستە ئەوەش بڵێین کە مارکسیزمی نەمساوی



هەواڵنامەی کتێب

لـەم ڕووەوە ڕۆڵـی بەرچـاوی هــەبووە بەتایبــەتی ســەرکردەو تیۆریستە بەناوبانگەکانی وەك: باوەڕ، ئادلێر، ڕێنێر.[1]

[1] هەمان سەرچاوە، ل٤٢٢

هەواڵنامەی کتێب

## سەرهەڵدانی بیری سۆسیال – دیموکراتیزم

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بیری یەکسانی کۆمەڵایەتی، شۆڕش، مافی مرۆڤ، دەوڵەت بوارە گرنگەکانی تری ژیان زۆر بەوردی لەلایەن زاناو فەیلەسوفەکان لێدوانیان لەسەر دەکرا. پرۆسەی گەشەکردنی سەرمایەداریش لەو قۆناغەدا لەپێشکەوتن دابوو، ژیان تاڕادەیەکی زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، شۆڕشی رزگاری نەتەوەیی راپەرینو مانگرتنی کرێکاران، سیاسەتی فراوانخوازی کۆلۆنیالیزمی لەجوڵانەوەیەکی بەهێزدا بوون.[1] گەشەکردنو پەیدابوونی تەکنەلۆژیای پیشەسازی، پێشکەوتنی کولتوریو گەشەکردنی هێزی کرێکاران لەبواری چۆنایەتیەوە زادەی سەرهەڵدانی بیری سۆسیال – دیموکراتیزم بوون. کەواتە ئەم گۆرانکاریانە کاریگەرییان بەسەر بیری سیاسیشەوە هەبوو بەتایبەت بیری سۆسیال – دیموکرات کە پرۆفیسر مافایف دەڵا: " سۆسیال – دیموکراتیزم بەمەزهەبی هێزە مام ناوەندیەکان دادەنرێت،

---

[1] لەو قۆناغەی دەولەتی یەکگرتوی نەتەوەییلە ئەڵمانیا دروست دەبێت، هەروەها یەکگرتنەوەی ئیتالیا، راپەڕینی کرێکارانی پاریس و دروستبونی کۆمۆنە، ئینترناسیۆنالی یەکەمی کرێکاران...هتد.

هەرچەندە ئەم بیرو ئایدۆلۆجیایە سەرەتا وەك بیری چەپ لەناو ماركسیزم لەئارادابوو".[1]

بنەما تیۆریەكانی سۆسیال – دیموكراتیزم لەلایەن ئیدوارد بیرنشتێن ساڵی ١٨٩٩ لەكتێبی "كێشەكانی سۆسیالیزمو ئەركەكانی سۆسیال – دیموكراتەكان" دانرا، تیایدا باس لەكەپیتالیزم دەكاتو ڕای وایە ئەم دیاردەیە توانای گەشەكردنی هەیەو پێویستە لە ماركسیزمی كلاسیكی جیا بكرێتەوە.[2]

بێرنشتێن دەربارەی كۆمەڵی سەرمایەداریو سێستمەكەی ڕای وایە كە ئەم سێستمە زۆر ئاڵۆزەو ئینگراسیۆنە، بریتیە لە كۆمەڵێك هاوپەیوەندی گرنگ لەبوارەكانی ئابوری، سیاسی، دامەزراوی كۆمەڵایەتی، ئەمانە هەموویان دەكرێ گۆڕانیان بەسەردا بێت بەڵام تەنها بە پرۆسەیەكی دوورو درێژی گەشەكردنی لەسەرخۆ "ئێڤەلبوسیۆن" بەڕێگای دیموكراتیانەو هاوكاری چینو توێژەكانی كۆمەڵ دوور لە شۆڕشو خەباتی چەكداری.[3] بۆچوونەكانی بیرنشتێن وەك دیارە زۆر وردبینانەیەو واقیعیەیە دەربارەی كۆمەڵو

---

[1] موخایف. ر. ت: زانستی سیاسەت، مۆسكۆ، ١٩٩٧، ل٢٩٤. (بە زمانی روسی).

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە، ل٢٩٦.

هەواڵنامەی كتێب

دەوڵـەت، چـونکە لـەنیوەی دووەمـی سـەدەی نۆزدەهـەم دا سێستمی سەرمایەداری تـا رادەیـەکی زۆر کۆتـایی بـەحوکمی موتڵەقی پادشاکان هێنابوو، لەپێشکەوتن‌و گەشەکردن دابوو، بـارودۆخی کرێکـاران بـەرەو باشـی دەچـوو، بۆیـە نـەدەکرا دروشمـی کـۆنی شۆڕشـگێری بـەرز بکرێتــەوە دژی هــەموو دامەزراو چین‌و توێـژە کۆمەڵایەتیـەکان، چـونکە لەسـەرەتادا سۆسـیال — دیموکراتــەکان دروشمــە سیاسـیەکانی خۆیـان لەشۆڕشـگێڕی‌و ئۆپۆرتۆنیسـتی تێکـەڵ کردبـوو، بەتایبـەت لەپراکتیکـدا دروشمـی سیاسـی پراگمـاتیکی "نفعـی" یـان بــەرزدەکردەوە.[١] لایــەنی ئــەخلاقی لــەبیری سۆســیال — دیموکراتەکاندا هەر لەسەرەتاوە دەبینراو داکۆکی لێدەکرا باڵا دەســت کردنــی چــینی کرێکــاران لەهــەموو بوارەکانــداو دژایـەتی‌کردنی چـینەکانی تـری کۆمـەڵ بـەڕای سۆسـیال — دیموکراتەکان مافەکانی مرۆڤ پێشێڵ دەکات، جگـە لەمانـەش بۆچوونی تیۆریـار کـارڵ مـارکس دەربـارەی زێـدەبایی بـەلای بیرنشتێن جۆرێك لە زێدە ڕۆیی‌و نامەنتیقی تێدایە. بۆیـە ئـەو رەخنەکانی ئاڕاستەی مارکس دەکات‌و دەڵێ:

"مــارکس بــواری بەرهــەم هێنــانی زۆر رەهــا کــردوەو بەزەرەری پەیوەندیـەکانی دابـەش کردنـی (علاقـات التوزیـع)

---

[١] هاجییێف. ك. س: زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٤١٥.

گەیاندووە، هەروەها گرنگی لەرادەبەدەری بەكاری زیندوو داوە وەك دروست كەری نرخ، لەوەی ئەو گرنگیە بەو هەموو بەرهەمە بدات كە كۆبۆتەوەو كەڵەكەبووە.[1]

لێكدانەوەی سۆسیال – دیموكراتەكان بۆ سۆسیالیزم تەواو جیاوازە لەگەڵ لێكدانەوەی ماركسیەكان. سۆسیال دیموكراتیەكان رایان وایە كە سۆسیالیزم ئامانج نیە بەڵكو پرۆسەیەكە تیایدا كۆمەڵ لەبەختەوەریدا دەژی، سۆسیالیزم بەڕای ئەوان گەشەكردنی ئازادیو یەكسانیە، پرۆسەیەكە لەناو كەپیتالیزم روودەداو پەیوەندی بەكەم كردنەوەو سنورداركردنی چەوساوندنەوە هەیە، ئەم پرۆسەیە كۆنترۆڵی كۆمەڵ بەسەر دەوڵەتو بەرهەم هێنان بەهێز دەكات.[2] جگە لەمە بیروچۆونی سۆسیال – دیموكراتەكان بە بەراورد لەگەڵ بیروبۆچوونی ماركسیزم دەربارەی گەیشتن بە سۆسیالیزم جیاوازە. ئێمە پێشتر ئاماژەمان بەوەكرد كە ماركسیەكان هەموو رێگاو شێوازێك بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم حەڵاڵ دەكەن، چونكە سۆسیالیزم بەلای ئەوان ئامانجە ئیتر شۆڕشی چەكداری، لەناوبردنی چینەكانی تر، بەكارهێنانی زەبرو زەنگ، گشتی ئەمانە دەكرێ وەك ئامرازی گەیشتن بە سۆسیالیزم، بەكاربهێندرێن، بەڵام سۆسیال – دیموكراتیەكان

[1] موخایف. ر. ت: زانستی سیاسەت، مۆسكۆ، ١٩٩٧، ل٢٩٥

[2] هەمان سەرچاوە، ل٢٩٦

هەوالنامەی كێشتر

باوەڕیان بەشۆڕش نیە، بەڵکو باوەڕیان بە ریفۆرم هەیە کە لەسەرخۆ دەگەنە سۆسیالیزم، بۆیە زۆر جار بە سۆسیال — دیموکراتەکان دەگوترێ ریفۆرمیست اصلاحی" یان لادەر لە بیری مارکسیزم.[1]

لەگەڵ سەرهەڵدانو گەشەکردنیان، سۆسیال — دیموکراتەکان هێلی سیاسیو بیروبۆچوونو جیهانبینی خۆیان تەواو جیاکردەوە لەگەڵ مارکسیەکان، بۆ نموونە کاتێك مارکس و مارکسیەکان دەڵێن کرێکاران نیشتمانیان نیە، بێرنشتێن لەدژی ئەم گوتەیە دەوستێو دەنوسێ : " کرێکاران کە لەناو دەوڵەتو کۆمەڵ مافی یەکسانیان هەیە، لەکاتی هەڵبژاردن دا مافی دەنگدانیان هەیە، دواتر سەروەتی نەتەوەییان دەست دەکەوێ، منداڵەکانیان لە ناو کۆمەڵ دا پەروەدە دەکرێن، تەندورستیان دەپارێزرێ، دەوڵەت لەناعەدالەتی دەیناپارێزێت، ئەوانە نیشتمانیان هەیە، بەوەش ناوەستن بەڵکو هاوولاتیەکی جیهانیشن".[2]

ئەم جۆرە بۆچوونەی سۆسیال —دیموکراتەکان بۆ کرێکاران هەستێکی نەتەوەییو نیشتمانیە، چونکە ئەورووپا

---

[1] سڤێن. ئیرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، وەرگێرانی ئاسۆس کەمال، ١٩٩٧، ل٢١٩

[2] بیرنشتین: کێشەکانی سۆسیالیزم و ئەرکەکانی سۆسیال دیموکرات، مۆسکۆ، ١٩٦١، ل٢٨١

لەسەدەی نۆزدەهەم لەهەوڵی بەهێزکردنی دەوڵەتی نەتەوەییدا بوو، دیارە هەموو چینەکانی ناو کۆمەڵ بەیەکەوە نەتەوەیەکی یەکگرتوو بەهێز دروست دەکەن‌و هەر ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەش بوو وای لەسۆسیال — دیموکراتەکان کرد دواتر لەسەردەمی جەنگی جیهانی یەکەم پیشتیوانی لە دەوڵەت‌و حکومەتە نەتەوەییەکانیان بکەن.[١] ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی لینین‌و هەموو مارکسیە کلاسیکەکان بوو کە هانی کرێکارانی ئەوروپایان دەدا دژی حکومەتەکانیان بوەستن‌و بەشداری لەو جەنگە نەکەن.[٢]

بیری سۆسیال —دیموکراتیزم زۆر جەخت لەسەر ریفۆرم دەکات وەك ئامرازی گەشەکردن‌و گۆڕانی کۆمەڵ. دیارە زۆربەی ریفۆرمەکان لەچوارچێوەی سێستمی سیاسی دیموکراتی جێبەجێ دەکرێت.

دیموکراتیەتیش وەك بەهایەکی نەگۆڕ کە سۆسیال— دیموکراتەکان خەباتێکی دوورو درێژیان بۆ جێبەجێکردنی کردوە، بیرو بۆچوونیان دەربارەی ئەم دیاردەیە تەواو لەگەڵ بۆچوونەکانی مارکسیزمی کلاسیکی جیاوازە. بۆیە دیموکراتیەتی سۆسیالیستی بەڕای ئەوان ئازادی تەواو بەتاکە

---

[١] لانچۆڤ. س. ئا:سۆسیال دیموکرات بیر و ئایدۆلۆجیا، پیتربورگ، ١٩٩٤، ل٢١

[٢] هەمان سەرچاوە،

کەس دەدات، ئەگەر ئازادی تاکە کەس نەبێ ئازادی کۆمەڵ بوونی نابێ.[1] تاکە کەس کە ئەم ئازادیە بەخۆوە دەبینێ بەرامبەر بەکۆمەڵ لەهەڵسوکەوتەکانی خۆی بەر پرسیارە.[2] لە لێکدانەوەی ئازادیدا ئازادی ئەوە نیە بڵێین ئازادی لەچی، بەڵکو ئازادی بۆ چ شتێك. لەبواری تاکە کەسدا ئازادی بۆ گەشەپێدانی کەسایەتییە، لەبواری سیاسیشدا ئازادی بۆ بەشداریکردن لەدەرکردنی بریار لەناو دەوڵەتو کۆمەڵ.[3] سۆسیال – دیموکراتەکان زۆر بەوردی رای خۆیان لەسەر بەهاو ئازادیو پرنسیپە گرنگەکان دەربڕیوەو لەروانگەی ئەخلاقێکی بەرزەوە دەڕواننە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان، لەو بارەیەوە بێرنشتێن دەڵێ:" سۆسیال – دیموکراتەکان هێنەری کولتوری بەرزن، دژی زەبرو زەنگن بەڵام دکتاتۆریەتی چینێك سەر بە کولتورێکی نزمو لاوازە.[4] بۆیە مێژووی سۆسیال دیموکراتەکان گەرانە بەدوای داهێنانو دامەزراندنی سۆسیالیزم، بنیات نانی سیستمێکی سیاسیو ئابووی بەهێز کەتیایدا نەك هەر کۆمەڵ لەبواری ئابوریدا بەختەوەر بن، بەڵکو ئازادی بەهەموو مانا فراوانەکەی لەناو

---

[1] هاجییف. ك. س: زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٤٢٦

[2] هەمان سەرچاوە،

[3] هەمان سەرچاوە،

[4] هەمان سەرچاوە، ل٤٢١

کۆمەڵگادا بەرقەرار بێت، دواتر یەکسانیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی دابین بکرێتو بپارێزرێن.[1]

بیرنشتێن لەئاشکراکردنی کێشەکانی سۆسیالیزم، سێ پرنسیپی سەرەکی بەگرنگ دەزانێ و باسیان لێوە دەکات کە بریتین لە ئازادی، یەکسانی، سولیداریتی-هاوکاری "التضامن".[2] پرنسیپی هاوکاریو سۆلیداریتی گرنگیەکی تایبەتی بەلای سۆسیال -دیموکراتەکانەوە هەیە، دەخرێتە خانەی یەکەم چونکە بەڕای ئەوان - بەبێ یەکێتی کرێکاران، ئازادیو عەدالەت لە سێستمی سەرمایەداری هەر دەبێ هیواو ئاواتی بۆ بخوازین. بەڕای زاناکانو تیۆریستە سۆسیال-دیموکراتەکان -پێوەری جیاوازی نێوان سۆسیالیزمو کەپیتالیزم بەوە ناکرێ بۆچوونی جیاوازی مەبدئیان هەبێ دەربارەی ڕێکخستنی ئابووری، بەڵکو پێوەرەکە پەیوەندی بە دۆخی مرۆڤەوە هەیە کە لەکام حاڵەتی کۆمەڵایەتی دایە، پەیوەندی بە ئازادیەکانی مرۆڤ هەیە، پەیوەندی بەمافەکانی ئەوەوە هەیە تا چ ڕادەیەك دەتوانێ بەشدار بێت لەدروست کردنی بڕیارەکانی دەوڵەت، پەیوەندی بەتواناکانی خۆیەوە هەیە تا چەند دەتوانێ لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی

---

[1] بیرنشتین: کێشەکانی سۆسیالیزم و ئەرکەکانی سۆسیال دیموکرات، مۆسکۆ، ١٩٦١، ل٢٨٣

[2] هەمان سەرچاوە، ل٢٨٤



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵایەتیدا جێ‌بەجێیان بکات.[1] لەدۆکۆمێنتەکانی سۆسیال –دیموکراتەکاندا هاتووە دەڵا: "بیری سۆسیال دیموکراتیزم" رێگایەکی تەواو جیاوازە لە کەپیتالیزمو "سۆسیالیزمی واقیعی" کەپیتالیزم گەشەیەکی زۆری بە بەرهەم هێنان کردوە، بەڵام مافی موڵکایەتی خستۆتە سەروی مافی مرۆڤ.[2] کۆمۆنیستەکانیش لەهەر جێگایەك دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست ئازادییان لەناو بردوە، کۆمەڵگایەکی فرە چینی نوێیان دروست کردووەو ئابوریەکی لاوازیان بنیات ناوە کە کاری زۆرە ملێ بەخەڵکی دەکەن.[3]

بیری سۆسیال –دیموکراتیزم کاریگەری فەلسەفەی "کانت"ی بەسەرەوە هەیە. هێشتا سەردەمی بوژانەوە بوو کە بیریارانی ئەوروپای رۆژئاوا چەندین دیدوبۆچوونی نوێیان دەربارەی کێشەکانی ژیان، ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، جەنگ خستەڕوو. کانت یەکێك لەبیریارو فەیلەسوفەکانی ئەو سەردەمە بوو کە لەمێژووی فەلسەفەدا تا ئێستا لێکۆڵینەوە لەدیدو بۆچوونەکانی جێگایەکی بەرچاو داگیر دەکات. هەر بۆیە سۆسیال–دیموکراتەکان نەیانتوانیوە سود لە بیروبۆچونەکانی وەرنەگرن دەربارەی لایەنە

---

[1] زانستی سیاسەت، مینسك، ١٩٩٦(ناوی نوسەری بەسەرەوەنیە).

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە.

عەقڵانیەتەکەی.[1] کانت رای وایە کە ئاکار لەژیاندا شتێکی پێویستەو ناکری دەستبەرداری ببین، ئەو ڕای وایە هەستو سۆزو دەرونی مرۆڤ تەنانەت عەقڵی مرۆڤیشی ناتوانن دەستبەرداری ئاین بنو ئاین جۆرە دڵنیاییەکی دەرونی بەمرۆڤ دەبەخشێ.[2]

لەلایەکی ترەوە کانت رای وایە کە نەزانین هۆی سەرەکی کلۆڵی مرۆڤە، شارستانیو زانینو زانست دەستەبەری رزگاریو بەختەوەری مرۆڤ دەبن. بەرای کانت– جەنگو توندو تیژی هیچ کاتێك رێگایەکی راستو رەوا نیە بۆ گەیشتن بە ئامانجو مەبەست، عەقڵ بەجەنگ رازی نابێو لەئایندەشدا عەقڵی مرۆڤ بۆ هیچ مەبەستێك جەنگ پەسەند ناکاتو هەر عەقڵیشە ئاشتیو هێمنیو ئاسایش پەسەند دەکات و ئەم ئەرکەش دەخاتە ئەستۆی دەوڵەت.[3] ئەم جۆرە بۆچوونەی کانت راستەوخۆ کاریگەری بەسەر سۆسیال – دیموکراتەکانەوە هەبووە بۆ ئەوەی باوەڕیان بەشەڕی چینایەتیو دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا نەبێو باوەڕیان بەریفۆرم و خەباتی پەرلەمانی هەبێت. بەڵام سۆسیال – دیموکراتەکان لەخەباتو تێکۆشان بەردەوام بوون بۆ داکۆکی کردن لەمافی

[1] پۆنارین. ئا. س:فەلسەفەی سیاسی، مۆسکۆ، ١٩٩٦، ل٢١٦.
[2] د. حمید عەزیز:فەلسەفەی سۆسیال دیموکرات، سلێمانی، ١٩٩٦، ل٩.
[3] هەمان سەرچاوە.

کرێکــارانو زحمەتکێشــان. لــە ١٤تــەموزی ســاڵی ١٨٨٩ کـۆنگرەی پـاریس کرایـەوە نوێنـەرانی زۆربـەی هـەرە زۆری سۆسیالیستەکانی ئـەوروپای تێدا کۆببـۆوە لـەم کۆنگرەیـەدا دروشمــەکانی سۆسیالیســتەکان بریتیبــوون لــە کرێکــارانی جیهان یەکگرن (سۆلیداریتی)، هەشـت سـەعات کـار لـەرۆژێکا بـۆ کرێکـاران.[1] بـەڵام زۆر لـەو پارتـە سۆسیالیسـتانە دواتـر لەئــەنجامی ناکۆکیــەکانی نێوانیــان دەربــارەی پرنســیپە ســەرەکیەکانو بـەها گرنگـەکان، گۆڕانیـان بەسـەردا هـاتو بەشێکی زۆر لەوانە بەتەواوی بوون بە سۆسیال –دیموکراتو هێڵــی بــیرو ئایــدۆلۆجیی خۆیــان لەگــەڵ مارکســیەکانو کۆمۆنیستیەکان جیاکردەوەو بوون بـە ریفۆرمیسـت.[2] لەگـەڵ سـاغ بوونـەوەی بـیرو بـەهاکان، سۆسـیال – دیموکراتـەکان لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم ئیتر لەچوارچــێوەی پــارتو ڕێکخــراوی سیاســیدا کۆبوونــەوە، بۆچــوونەکانی خۆیــان بەوپــەڕی ئاشــکرایی دەخســتە ڕوو. سەرهەڵدانی بیری سۆسیال–دیموکراتیزم دووبەرەکی گەورەی خستە ناو جوڵانەوەی کرێکـاری لەهـەموو ئـەوروپاو دواتـریش لەجیهاندا ئەم جۆرە لەت بوونە بووە هۆی زیاتر گەشـەکردنی

---

[1] مێـژووی نـوێ و هاوچـەرخ، مۆسـکۆ، ١٩٨٤، ل٩٩، (نـاوی نوسـەری بەسەرەوە نیە).

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

بیری سۆسیال-دیموکراتیزمو فەلسەفەکەی کە بەڕاستی لێکۆڵینەوەی گەلێ فراوانی بۆ ئەنجام دراو لەگەڵ گەشەکردنو داهێنانی دیاردەی نوێ ئەم بیرە بەردەوام لەگەشەکردن دابووەو خۆی لەگەڵ بارودۆخەکان راهێناوە. هەر بۆیە لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر موخایێف دەڵا: (سۆسیال-دیموکراتیزم ئایدیۆلۆجیای موتڵەق رەت دەکاتەوەو سۆسیال-دیموکراتەکان تاکتیکو ستراتیجیان کاتی یە، بەپێی گۆڕانی بارودۆخ ئەوانیش بیرو ئایدیۆلۆجیایان دەگۆڕن".[1]

[1] موخایف. ر. ت: زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٢٩٧.

هەوڵنامەی کتێب

# گەشەکردنی بیری سۆسیال-دیموکراتیزم

لەسەرەتای سەدەی بیستەم لەوڵاتانی سەرمایەداری ئەوروپا ئەو بیر و بۆچوونە بلاوبۆوە کە هەندێ لەپرەنسیپەکانی مارکس هەڵەن، یان زێدە ڕۆییان تێدایە.[1] یەکەم هەڵە ئەوە بوو کە چڕبوونەوەی سەرمایە هێندە خێرا نەبوو وەك مارکس پێشبینی دەکرد، چەندین سەرمایەی بچوکتر پەیدابوون، جیاوازی نێوان سەرمایەداران و کرێکاران لەناو نەچوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە چ لەڕووی ژمارەو چ لەڕووی دەوڵەمەندییەوە زیادی کرد. ئاستی ئابووری چینی کرێکاران لەبەرزبوونەوەدایەکی ڕێژەییدابوو.[2] ئەم دیاردانە زیاتر هەڵوێستی سۆسیال–دیموکراتەکانی بەهێزتر کرد بۆ ئەوەی زیاتر باوەڕیان بەخۆیان بێتو هەوڵی گەشەپێدانی بیرو ڕێبازەکانیان بدەن.

لەساڵی ١٩٠٧ لە شتۆتگارد کۆنگرەی دووەمی ئینتەرناسیۆناڵ کرایەوە. لایەنەکانی بەشداربووی کۆنگرەکە دووچاری ناکۆکیەکی توندو تیژتربوون دەربارەی کێشەکانی کۆلۆنیالیزم، جەنگ، بەشداری کردن لەحکومەت یان نەکردن، دیارە ئەم کێشانە لەنێوان چەپە رادیکاڵەکانو ریفۆمیستە

---

[1] سڤێن. ئیرك لیدمان: ڕێگوزەری بیری سیاسی، وەرگێرانی ئاسۆس کەمال، ١٩٩٧، ستۆکهۆلم، ل٩٩.

[2] هەمان سەرچاوە.



هەوالنامەی کتێب

سۆسیالستەکاندا بوو.[1] گرنگە ئاماژە بۆئەوە بکەین کە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتانی سەرمایەداری بۆ دەست بەسەرداگرتنی جیهان لەبازاڕو کۆلۆنیاو ساغ کردنەوەی کەرستەی بەرهەمی زێدەیان گەیشتبوە لوتکە. هەر ئەم ناکۆکیانە بوو دواتر جەنگی جیهانی یەکەمی بەدواداهات. بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە هەندێ پرنسیپی سەرەکیە لەبیری سۆسیال-دیموکراتیزم، ئەویش باوەڕ بوونیانە بەخەباتی پەرلەمانی، واتە کارکردن لەچوارچێوەی پەرلەماندا بۆ بەدەست هێنانی مافی کرێکاران و بەریفۆرم کردنی کۆمەڵ لەبوارە جیاجیاکاندا. ئەوکات مارکسیە رادیکاڵەکان بەتوندی دژی بەشداربوونی سۆسیالستەکان بوون لەحکومەتە جیاجیاکانی ئەوروپا.[2]

دوای جەنگی جیهانی یەکەم بیری سۆسیال-دیموکراتیزم گەشەی کردو بیروبەهاو فەلسەفەو جیهانبینی خۆی تەواو لەبیری مارکسی و کۆمۆنیستی جیاکردەوە. ئەوەی لێرەدا بەلای ئێمە زۆر گرنگەو سۆسیال-دیموکراتەکان

---

[1] مێژووی نوێ و هاوچەرخ، مۆسکۆ، ١٩٨٤، ل٩٩، (ناوی نوسەری بەسەرەوە نیە).

[2] لانچۆڤ. س. ئا:سۆسیال دیموکرات بیر و ئایدۆلۆجیا، پیتربورگ، ١٩٩٤، ل٢٢.

هەولاتی مەی کتێب

لەکۆمۆنسیتەکانەوە جیا دەکاتەوە ئەو پرنسیپو بەهایانەیە کە پێویستە جەختی لەسەر بکەینو تیشك بخەینە سەریان: پلورالیزمی سیاسی– واتە باوەڕ بوون بە بنەماکانی ژیانی دیموکراسی، واتە فرە پارتایەتیو فرە ڕێکخراوی سیاسیو جەماوەریو پیشەییو ئاینیو...هتد[1] ئازادی لەڕوانگەی سۆسیال–دیموکراتەکانەوە یانی–بەئازادی دروست کردنی پارتو ڕێکخراوی سیاسی، یانی بەئازادیو دیموکراسی ململانێ کردن لەچوارچێوەی یاسا لەپێناو بەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسی دەولەت.[2] باوەڕ بوون بە ژیانی سیاسی پەرلەمانتاری بەهایەکی تری سۆسیال–دیموکراتەکانە، کە خەباتێکی دوورو درێژیان بۆچەسپاندنی کردووەو ئێستاش لە هەموو ئەو ولاتانەی کە ئەم پرنسیپەی تێدا بەرقەرارە هەولی پاراستنو گەشەپێدانی دەدرێت.[3] دیموکراتیەت بەهەموو مانا فراوانەکەی بەیەکێك لەکۆلەکەکانی بیری سۆسیال–دیموکراتیزم لەقەلەم دەدرێت. لەگەل گەشەکردنی ئەم بیرە، ئەم پرنسیپو بەها گرنگەش بەپێی گۆڕانی ژیانی سیاسیو کۆمەلایەتی ئەویش گەشەی کردووەو خراوەتە ناو هەموو لایەنە گەورەو بچوکەکانی ژیانی دەولەتو کۆمەل. لەبواری

---

[1] کوردستانی نوێ، ٢٠٠١/٨/٢٠.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە.

ئاینیدا سۆسیال–دیموکراتەکان جەخت لەسەر ڕێزگرتن لەمافەکانی گروپو کۆمەڵ دەکەن دەربارەی هەر جۆرە ئاینێك کە کۆمەڵ بە بەهای خۆی بزانێو بەدیاردەیەکی پیرۆزی مێژوویی خۆی دابنێ. دیارە ئاین ڕەگێکی قووڵی مێژوویی هەیە، کاریگەری بەسەر هەستو نەستی مرۆڤەوە هەیە، ناکرێ وەك کۆمۆنیستەکان بەزەبری هێز ئەم بەهایە، ئەم باوەڕە لەناو ببردرێت، چونکە کە باس لەدیموکراسی دەکرێت بێگومان ئاین وەك بیروباوەڕ پێویستە ڕێزی لێبگیرێ، بۆیە سۆسیال دیموکراتەکان باوەڕیان بە پلوراڵیزمی ئاینی هەیە، واتە مرۆڤ ئازادە لەوەی هەر ئاینێك بۆخۆی هەڵبژێرێت.[1]

ئازادی نووسینو بلاوکردنەوە، ئازادی ڕادەربڕینو کۆڕو سیمینار، ئازادی ڕەخنەگرتن لەدەوڵەتو سیستمی سیاسی بەیەکێك لە پرنسیپو بەهاگرنگەکانی سۆسیال–دیموکرات دەژمێردرێت.[2]

ئەم جۆرە ئازادییە پێچەوانەی سیستمی تۆلیتارییە کە کۆمۆنیستەکان پەیڕەویان دەکرد. واتە کپ کردنی هەموو دەنگێکی ئازادو ئۆپۆزسیۆن ئەگەر بێتو لەگەڵ باوەڕی

---

[1] لانچۆڤ. س. ئا:سۆسیال دیموکرات بیر و ئایدۆلۆجیا، پیتربورگ، ١٩٩٤، ل٤٤.

[2] کوردستانی نوێ، ٢٠/٨/٢٠٠١.



هەواڵنامەی پێنج

کۆمۆنیستو چەپی رادیکاڵ نەگونجێ. ئەم جیاوازیەی نێوان کۆمۆنیستەکانو سۆسیال-دیموکراتەکان بۆتە هۆی ئەوەی ئەمەی دووەم لەبەهاکانی لیبرالەکان نزیك ببنەوە، چونکە ئەم جۆرە ئازادی یە بەیەکێك لەمافە بچووکەکانی مرۆڤ دادەنرێت.[1]

سۆسیال-دیموکراتەکان بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنیان دەکرد لە وڵاتانی ئەوروپا. بۆیە لەهەندێ وڵات دەسەڵاتی سیاسیان دەگرتە دەست یان وەك هێزێکی کاریگەر لەناو پەرلەماندا بەشدارییان دەکرد لەبەڕێوەبردنی وڵاتو کۆمەڵ. دیارە بەشداری کردنیان لەحوکمڕانیدا جۆرێکە لە داکۆکی کردن لەسیاسەتی دەوڵەت بەگشتی، ئەمەش وای کرد کە ئەوان رۆڵیان هەبێت لە بەدیموکراتی کردنی کۆمەڵ، فراوان کردنو بەهێزکردنی مافو ئازادی زەحمەتکێشان.[2] سیاسەتی راستەقینەی سۆسیال دیموکراتەکان زیاتر لەسیاسەتی ریفۆرمێزمی لیبرالەکان نزیك بوو بەڵام لەبوارە کۆمەڵایەتیەکان ئەوان جیاوازیان هەبوو، چونکە زیاتر بەدوای یەکسانی کۆمەڵایەتی دەگەڕانو هەوڵیان دەدا.[3]

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] زانستی سیاسەت، مینسك، ١٩٩٦(ناوی نوسەری بەسەرەوەنیە)، ل٣٠٠.

[3] هەمان سەرچاوە.

هەواڵنامەی دێر

لەبیری سۆسیال–دیموکراتیزمدا نەتەوە ڕێزی لێدەگیرێو هەوڵی پاراستنو گەشەپێدانی کولتورەکەی دەدرێت، نەتەوە وەك یەکەیەکی یەکگرتوو بەهەموو چینو توێژەکانیەوە هەوڵی پاراستنی دەدرێت، واتە کۆمەڵ نموونەو ڕەمزی سەربەرزییە، دەبێ لەوە بەرزتر بێت کە لەچەند چینێکی دژ بەیەکتر پێکاهتبێ، ژیانی سەربەرزانەی نەتەوەو دەوڵەت لەوەدایە کە هەموو چینو توێژەکانی بەڕێگای دیموکراتیو پێشبڕکێی ئاشتیانە، شان بەشانی یەکتری بۆ ئەمڕۆو دوا ڕۆژی باشتر خەبات بکەن.[1]

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بیری سۆسیال–دیموکراتیزم وەك فەلسەفەیەکی زیندوو بەردەوام لەگۆڕانو گەشەکردن دایە لەگەڵ بارودۆخی جیاجیای ولاتان توانای گونجاندنی هەیە، هەر بۆیە دروست بوونی پارتە سۆسیال–دیموکراتەکانی جیهان لەسەر بنەمای ئەم بیرەو زۆر زیرەکانە ڕەچاوی بارودۆخی ولاتانی خۆیان کردووە، واتە زۆربەی هەرە زۆری پارتە سۆسیال دیموکراتەکان خەسڵەتو تایبەتمەندی نەتەوەییو ئابووری خۆیان هەیە. بۆ نموونە بزووتنەوەی سۆسیال–دیموکراتی ئەڵمان مۆرکو سروشتی تایبەتی خۆی هەبووە، ڕاستەوخۆ لەباردۆخی تایبەتی ولاتو

[1] د. حمید عەزیز: فەلسەفەی سۆسیال دیموکرات، سلێمانی، ١٩٩٦، ل١٦.



هەولێرنامەی کتێب

نەتەوەو کۆمەڵی ئەڵمانەوە سەری هەڵداوە، ئەو بزووتنەوەیە هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە هەردوو بۆچوونو ڕێبازی سۆسیالستی زانستی (مارکسی)و بیرو بۆچوونەکانی سۆسیالستی ئەڵمانەکان (لاسال، بێرنشتێن، کاوتسکی) تێکەڵ بەیەکتر کردووەو گەشەی پێداوە.[1] هەر ئەم جۆرە تایبەتمەندییانەیە وای لە (لاسان) کردووە بۆچوونی زانستیانەو واقیعیانەی هەبێت دەربارەی هەندێ دیاردەی گرنگی وەك دەوڵەت، ئابووری، ئازادی.. هتد

لاسان ڕای وایە کە دەوڵەت شێوازێکی چینایەتی پێوە دیارنیەو ئامرازێکی چەوساندنەوەی چینایەتی نیە، بەڵکو دەوڵەت دەزگاو ئامرازێکی تایبەتەو جێگیرکردنو چەسپاندنی یاساو دادپەروەری پێ سپێردراوە.[2] هەر لەبواری ئابوریشدا دوروشمو لۆجیکێکی ئاشکرایان پێشنیازکرد ئەویش بریتیە لەوەی کە تا چ ڕادەیەك دەکرێ کێبڕکێ (منافسە) بوونی هەبێت، پلانو نەخشە دانان چەند پێویستە ئەمە دروشمی سۆسیال–دیموکراتەکان بوو.[3] لەلایەکی تر سەیری ئەم پێشبڕکێیە دەکەن لەچوارچێوەی بەهای دیموکراتیدا چونکە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ل١٨.

[3] زانستی سیاسەت، مینسك، ١٩٩٦(ناوی نوسەری بەسەرەوەنیە)، ل٣٠٠.

دیموكراتیــەت لــەبیری سۆســیال–دیموكراتــدا بەهایــەكی موتڵەقە.[1]

گرنگـە ئـەوەش بڵـێین كـە سـاڵی ١٨٦٩ سۆسـیال–دیموكراتی ئەڵمانی وەك پارتێكی سیاسی دروست بوو، بـیرو فەلسەفەكەشی لەسـەر دەسـتی بیبـل، كاوتسـكی، بێرنشـتێن فۆرمۆڵە بوو.[2]

پارتی سۆسیال – دیمـوكراتی ئـەڵمانیا هـەر لەسـەردەمی دروست بوونیەوە بەردەوام لەگەشـەكردن دابووە،لەگـەڵ هـەر گۆڕانێك، چۆنایەتیەكی بەرچاوی بـەخۆوە بینیـوە. بەرنامـەی گۆدیسبێرگی ئەم پارتە تەفسیری ئازادی دەكات، بەشێوەیەك كـە هــەر مرۆڤێـك خـۆی چارەنوسـی خـۆی دیـار دەكـات یەكسانیش مانا بـە ئـازادی دەبەخشـێ. ئـازادیو یەكسـانیش مانای عەدالەت دەبەخشـێ، كەواتـە بـەبێ ئـازادیو یەكسـانی عەدالەت زەحمەتە.[3]

ئەگــەر تــا جــەنگی جیهــانی دووەم هەنــدێ لەپارتــە سۆسیالستەكانی ئەوروپا بەڕواڵەت لەناو بەرنامەكانیان چـەند پرنسـیپێكی ماركسـی یـان جێگیركردبـێ، ئـەوا لەسـاڵانی پـــەنجاكانی ســـەدەی بیســـتەمەوە وردە ئـــەم

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] گۆڤاری ڕۆشنگەری، ژ٦، ل٥٨.

[3] هاجییف. ك. س:زانستی سیاسەت، مۆسكۆ، ١٩٩٧، ل٤٢٦.

پرەنسیپانەشیان بەتەواوی لەبەرنامەکانیان سڕیەوە. بۆنموونە ساڵی ١٩٥٨ پارتی سۆسیالستی نەمسا، ساڵی ١٩٥٩ پارتی سۆسیال-دیموکراتی ئەڵمانیا بەتەواوی وازیان لەپرەنسیپی دکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا، بەنیشتمانی کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان هێنا، جگە لەمەش موڵکایەتی تایبەتی دانی پیانرا، خەباتی چینایەتی وازی لێ هێنرا، تا ساڵانی هەشتاکان زۆربەی هەرە زۆری پارتە سۆسیال-دیموکراتەکانی ئەوروپا ئەم جۆرە هەنگاوەیان نا.[1]

ساڵی ١٩٨٩ لەبەرلین کۆنگرەی سۆسیال-دیموکراتەکان بەسترا، لەم کۆنگرەیەدا بەرنامەی گۆدسبورگ گۆڕانی بەسەرداهات، لەجیاتی دیموکراتیەتی سۆسیالستی، سۆلیداریتی (هاوکاری) (تچامن) بەرزکرایەوە.[2] هەر لەکۆنگرەی بەرلین جەخت لەسەر هەندێ دروشم کرا کە بۆ بارودۆخی ئەوکات گرنگی خۆی هەبوو ئەوانیش بریتی بوون لە: خانوو دروست کردن، خەبات دژی بێ کاری، عەدالەت، گرنگی دان بەمناڵان، فراوان کردنی بوارە خزمەتی گوزاریەکان، کێشەی ژینگە، لاوان و ژنان، تەندروستی،

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٤٢٥.

[2] موخایف. ر. ت: زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٢٩٨.

گەشەپێدانی مافەکانی تاکە کەس‌و کۆمەڵ، ئازادی کەسایەتی بەهێز بکرێت.[1]

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد سۆسیال دیموکراتەکانی ئەورووپا تا ڕادەیەك خەسڵەتی نەتەوەیی‌و تایبەتمەندی خۆیان پێوە دیارە. بەحوکمی جیاوازی نەتەوایەتی، ئاین، کولتور کۆمەڵ‌و ژیان بەگشتی پارتە سۆسیال-دیموکراتەکانیش لەگەشەکردنی بیری سۆسیالیستیدا جیاوازن، هەر پارتەو لەوڵاتی خۆی چەند تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە، لەژیانی سیاسیدا، لەخەباتی پەرلەمانیدا، لەپلانی ئابووریدا لەگەڵ یەکترا جیاوازیان هەیە. بەڵام ئەوە مانای ئەوەنین کە سۆسیال- دیموکراتەکان لەسەر بنەماو پرنسیپە سەرەکیەکان جیاوازیان هەیە. کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان کە سۆسیال-دیموکراتەکانی جیهان بەشداریان تێدا دەکرد ڕۆڵی گرنگ‌و سەرەکی هەبووە لەنزیك کردنەوەی بەهاو پرنسیپی سۆسیال-دیموکراتەکان. بۆنموونە هەر لەسالآنی بیستەکانەوە سوید هەندێ تایبەتمەندی خۆی هەبووە، ئەوکات سۆسیال دیموکراتەکانی سوید بۆچوونێکی نوێیان داهێنا کە پێی دەگوترێ سۆسیالیزمی- وەزیفەیی (فونکسیونال) یان بۆچوونی دیموکراتیەتی پیشەسازی،

[1] هەمان سەرچاوە.

ئـەوان بـەهیچ جـۆری باوەڕیـان بـە لـەناوبردنی موڵکایـەتی تایبـەتیو دەوڵـەت نـەبوو.[1] بـەڕای ئـەوان دەوڵـەت ڕۆڵـی هاوکاریو هەماهەنگی دەبینێ لـەنێوان کرێکـارو سـەرمایەدار، دەوڵـەت داکـۆکی لەدامـەزراوی موڵکایـەتی تایبـەتی دەکـات چـونکە جولێنـەری پێشـکەوتنو بنـەمای مـافی موڵکایەتیـە، لەهەمان کاتدا دەوڵەت ئەو کەسانەش دەبینێ کە پێویستیان بـە یارمـەتیو داکـۆکی لێ کـردن هەیـە.[2] دەوڵـەت بـەردەوام کۆرسی تایبەتی بۆ کرێکاران دەکاتەوە، فێـری پیشـەو کـاری نوێیان لەسەر ئەو تەکنەلۆجیا تازانەی کە گرنگن بۆ بەرهـەم هێنان دەکـات. ئـەم جۆرە کۆرسـانە ٣٥٪ خـەڵکی بەتەمـەن دەگرێتـەوە، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ٧٪ بودجـەی دەوڵـەتی بۆتـەرخان کـراوە، هـەر ٧٪ بـۆ بـواری سـەربازی تـەرخان کراوە.[3]

لەگەشـەکردنی بـیری سۆسـیال-دیمۆکراتیزمـدا بۆچـوون بەرامبەر بە دەوڵەتیش گۆڕانی بەسەردا دێت، جاران دەوڵـەت سەرچاوەی خێرو خۆشییە؟ بـەردەوام دووبـارە دەکرایـەوە، بەڵام دواتر "دەوڵەتی کۆمەڵایەتی" داهێنرا، ئەمەش بـەمانای

[1] هاجییف. ك. س:زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٤٢٣.

[2] موخایف. ر. ت: زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٢٩٩.

[3] هەمان سەرچاوە.



هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی کە کرێکارو سەرمایەدار پێویستە ئاگایان لەیەکتر بێو هاوکاری یەکتر بکەن.

هەر لەم بارەیەوە پارتی سۆسیال دیموکراتی فەرەنسا کۆمەڵی سۆسیالستی بەو مانایە لێکناداتەوە کە هەوڵدان بێ بۆ کۆتایی مێژوو، بەڵکو بەڕای ئەوان ئەمە هەوڵدانە بەرەو سۆسیالیزم، یانی چاندنی ریفۆڕمو دروست کردنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، یانی گۆڕینی هەڵسوکەوتو پەیوەندیەکانی خەڵك لەگەڵ یەکتردا.[1]

هەر لەوپێناوەدا لەوڵاتی سوید سۆسیال– دیموکراتەکان بەمەبەستی نەهێشتنی هەژاری ئابووریەکی چالاكو بەهێزیان دروست کرد لەم رێگایەدا نەهێشتنی بێکاریو دروشمی خۆشەویستی بۆکار هەنگاوی بۆنرا بەئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی خاوەن کولتوری بەرز. لەساڵانی حەفتاکاندا ٣٣٪ داهات لەسوید بۆ خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان تەرخان کرابوون، بەتایبەت بۆ پێشکەوتنی زانست، تەندروستی، دروستکردنی خانوبەرە.[2]

سۆسیال دیموکراتەکان لەژیانی سیاسیو ئابووریاندا جۆرێك لە کولتوری سیاسیان دروست کردووە کە بنەماکەی بریتیە لەبیری زیندوو، ریالیزم، دان بەخۆداگرتن بەرامبەر

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٢٩٨.

[2] هاجییف. ك. س:زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٤٣١.

بـه بیروبـاوەڕی جیـاواز، پاراسـتنی دیموکراتیـەت، دڵسـۆزی لەخەباتو منافەسەی سیاسی، شکاندنەوە بەلای چارەسـەری مام ناوەندی لەپێناوی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی.[1]

لەسـەردەمی جـەنگی سـاردا لـەنێوان کـامپی ڕۆژهـەڵاتو ڕۆژئاوادا سۆسیال دیموکراتەکان ڕۆڵێکی گرنگیـان بینیـوە بـۆ هێورکردنـەوەی بارودۆخەکـە، بەتایبـەت لـە خاوکردنـەوەی گرژیـەکانی پەیوەندیـە نێـو دەوڵەتیـەکان. لـەم ڕووەوە کەسایەتی گرنگـی مێـژوویی ئـەم کارانـەیان ئـەنجام داوە کـە بریتی بوون لە ئۆلف پـاڵمی، برۆنـۆ کرِاسـیکی، ڤیلـی برِانـت، فرانسۆ میتران.[2]

لەنیوەی دووەمی ساڵانی هەشتاکاندا دوو جـۆرە بۆچـوون لەناو بیری سۆسیال دیموکراتیزم سەری هەڵدا کـە یـەکێکیان بـە تردایسـیۆنیو (تەقلیـدی) ئـەوی تریـان بـە مۆدێرنێتـە دەستنیشان دەکرێن.[3]

هەردوولا ریفۆرمیستن، هەردوولا باوەڕیان بـە سیسـتمێتی کـە پیتالیسـتی هەیـە، هـەردوولا باوەڕیـان بـەو سیسـتمە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٤٢٧.

[2] موخایف. ر. ت: زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٣٠٠.

[3] هاجییف. ك. س:زانستی سیاسەت، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٤٢٧.

عەقڵانیـە هەیـە كـە لەسـەردەمی هاوچـەرخدا گەڵاڵـە بـووە.[1] زاناكان، پارتە سۆسیالیستەكانی ئەوروپا دابەش دەكەنە سەر ئـەم دوو لایەنـە. بـاڵی ترادایسـیۆنی نـەریت پارێز(تەقلیـدی) بریتین لە سۆسیال دیموكراتەكانی ئەڵمانیا، فنلەندا، سویسرا، نەمسا، پارتی لیبۆریستی ئینگلیزی كە ئەمانە گشتیان پشـت بەچـینی كرێكـاری كارگـەكان، سـەندیكاكان، جوڵانـەوە هەرەوەزیەكان دەبەسـتن. بـاڵی مۆدێرنێتـەكانیش بـریتین لـە سۆسـیال دیموكراتـەكانی ئیتالیـا پورتوگـاڵ كـە پەیوەنـدیان بـەكرێكاران لاوازە، لایـەنگرەكانیان زیـاتر زەحمـەتكێش و ئەوانەی كاری عەقڵی دەكەن، بەشێك لەرۆشنبیران، هـەروەها ئەوانەی كار لەسەر تەكنەلۆجیای هاوچەرخ دەكەن و ئەوانـەی پەیوەنـدی دارن بـە شۆڕشـی تەكنـەلۆجیای زانسـتی.[2] جگـە لەمەش تیۆریستەكانی سۆسیال دیموكراتەكان دابەش دەكەنە سـەر دوو گـروپ، گروپـی سۆسـیال دیموكراتـەكانی بـاكوری ئـەوروپا كـە بـە فونكسـیۆنالی سۆسیالیسـتی (سۆسـیالیزمی وەزیفەیی) ناسراوە، ئەمان كێشەی موڵكایـەتی ناكەنـە خـاڵی ناوەنـدی سـتراتیجەكەیان، بـەڵكو لای ئـەوان گرنگـی بـوونی هـەموو دامـەزراوە كۆمەڵایەتیەكانـە بەسـەر مـافی ئـابووری

[1] سۆسـیۆلۆجیای سیاسـی، رۆسـتۆڤ، ١٩٩٧، ل٩٩، نوسـینی چـەند زانایەك.

[2] هەمان سەرچاوە.

راستەقینە کە لە پەیوەندیەکانی ناو بازاڕی ئازاددا بوونی هەیە.[1] گروپەکەی تر بە سۆسیال دیموکراتەکانی رۆژئاوا دەناسرێن کە جەخت لەسەر رۆڵی دەوڵەت لەبواری ئابوریدا دەکەن. بەرنامەکەیان لەم بوارە سێ خاڵی سەرەکی بەخۆوە دەگرێت: ئابوورییەکی بەهێز، رێککەوتنی کۆمەلایەتی (کێنسێنسۆس) خزمەتگوزاریەکان.[2]

یەکێك لەخەسڵەتەکانی بیری هاوچەرخی سۆسیال–دیموکراتیزم بریتیە لە کۆنترۆلی کۆمەڵ بەسەر دەوڵەتدا. واتە کۆمەڵ جێگای دەوڵەت دەگرێتەوە، یان کۆمەڵ دەخرێتە سەرووی دەوڵەت. ئەگەر پێشتر دەوڵەت سەرچاوەی خێرو خۆشی بوو، ئەوا لە سالانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم کۆمەڵ بوو بەسەرچاوەی خێرو خۆشی. ئەمە دیاردەیەکی نوێ بوو لەبیری سۆسیال–دیموکراتیزمدا. تا رادەیەکی بەردەوام جەختی لەسەر دەکرا. هەر لەم روانگەیەوە دیسان مافەکانی تاکە کەس زیاتر لەپێشوو بایەخی پێ دەدرێ و سنورێك بۆ دەستدرێژی دەوڵەت لەم بارەیەوە دادەنرێت. واتە سۆسیالیزم لەبیری نوێی سۆسیال دیموکراتیزم بریتییە

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل١٠٠.

[2] کورتە ئینسکلۆپیدیای سیاسی، مۆسکۆ، ١٩٩٧، ل٤٧٠.

لەکۆمەڵگایەکی ئازاد کە تیایدا ڕۆڵی دەوڵەت پارێزەری ئازادیەکانی هەموو تاکەکەسێك بێت.[1]

دیاردەیەکی تری نوێ لەبیری سۆسیال دیموکراتیزم بریتیە لەگرنگی دان بەدەسەڵاتە ناوچەیەکان (شارەوانی) مەبەستی سەرەکی لەم دیاردەیە کەم کردنەوەی دەسەڵاتی ناوەندیە، زیاتر سەربەست کردنی دەسەڵاتە لۆکالیەکانە چونکە ئەوان باشتر لەدەسەڵاتی ناوەندی دەزانن پێویستیان بەچی هەیە، بەتایبەت لەبواری نەهێشتنی بێکاری، بوارەکانی خزمەتگوزاری و... هتد

[1] هەمان سەرچاوە.

تێبینی: زۆربەی سەرچاوەکان بە زمانی روسین و لەبەر نەبوونی ئەلف و بێی روسی ناچار بوین وەریان بگێڕینە سەر زمانی کوردی و لەلیستی سەرچاوەکاندا بە کوردی بیاننوسینەوە.

هەولێرنامەی کتێب

# ئەنجام

بیری سۆسیال دیموکراتیزم وەك بیرێکی کۆمەڵایەتی لەسەدەی نۆزدەهەم سەری هەڵداو لەئەنجامی لێکدانەوەی فەلسەفیو سیاسی رێبەرەکانی، وەك بیرێکی نوێ خۆی لەمارکسیزم جیاکردەوەو گەشەی کرد. ئەگەر سەرەتای دروست بوونی ئەم بیرە بەتوندی بە مارکسیزم بەسترابێتەوە، ئەوا دواتر لەسەر چەندین پرەنسیپو بەهای گرنگ کە خەسڵەتێکی مرۆڤانەی هەیە ساغ بۆتەوەو بووە بەدیاردەیەکی سیاسی جیهانی.

بیری سۆسیال دیموکراتیزم لەجولانەوەی کرێکاری گۆڕانی بەسەرداهاتو بوو بە جولانەوەیەکی ریفۆرمیستی کۆمەڵایەتی. باوەڕی نەگۆڕی بە پلۆرالیزمی سیاسی، پەرلەمێنتاریزم، بازاڕی ئازاد، ئازادیو دیموکراتیەت بەهەموو مانا فراوانەکانی، مافی مرۆڤ، پاراستنی ژینگە، مافی ژنان، دەوڵەتی قانونی، کۆمەڵگای مەدەنی، تێکەڵ بوون بە پرۆسەی بەجیهانی بوون هەیە. بیری سۆسیال دیموکراتیزم کاریگەری بیری لیبڕالیزمو مارکسیزمو فەلسەفەی تری بەسەرەوە هەیە. ئەم بیرە بەردەوام لەگۆڕانو گەشەکردن دایە، لەگەڵ بارودۆخی نوێ گۆڕان بەسەر خۆیدا دێنێو خۆی دەگونجێنێو لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گۆڕان بەسەر ستراتیجو تاکێکی دا دێت.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی سێیەم

# بیری سۆسیال-دیموکراتیزم

هەواڵنامەی کتێب

# بیری سۆسیال-دیموکراتیزم

سۆسیال–دیموکراتیزم بریتییە لەو ئایدۆلۆژیایەی کە لەژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیدا ئەوەندە لەبارە تائەو رادەیەی خەسڵەتی جێگیری و واقیعیانەی بەخۆوە گرتووە، سۆسیال–دیموکراتیزم بریتییە لەڕەوتێکی سیاسی سەنتریزم، ئەم بیرو ئایدۆلۆژیایە کەزیاتر لەسەد ساڵە بناغەی فەلسەفی خۆی لەناو شارستانیەتی رۆژئاوادا بەهێز کردووە، سەرباری هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەجیهاندا رویانداوە بەتایبەت لەبواری گۆڕان و وەرچەرخانە سیاسییەکان، وا دەرکەوتووە ئەم ئایدۆلۆژیایە هێزو توانایەکی ئێجگار گەورەی هەیە بۆ خۆ رێکخستن و راهاتن لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و بەردەوام خەسڵەتێکی زیندووی لەژیاندا هەیە، کەم نین ئەو ئایدۆلۆژیاو بیرو باوەڕە سیاسیانەی کەبەتێپەڕبوونی سەردەم و رۆژگار لاواز بوون، لەئەزموونی واقیعیدا لەتاقیکردنەوەکانی ژیاندا هەرەسیان هێنا، فەوتان، نەمان، بەڵام بیری سۆسیال–دیموکرات بەپێچەوانەوە لەو رۆژەی وەك دیدێکی سیاسی–فەلسەفی–ئابووری–سەریهەڵداوە، بەرەوپێش چووە، گەشەی کردووە لەهەرێمێکی دیاریکراودا نەشونمایکردووەو بڵاوبووەتەوە تا ئەو رادەیەی کەخەسڵەتی بەجیهانی بوون و ئینتەرناسیۆنالی بەخۆوە بینیوە، ئەمرۆ بیری سۆسیال– دیموکرات وەك چۆن لەڕابردوودا بەتایبەت لەسەدەی بیستەم

هەواڵنامەی کتێب

کاری زۆری بەسەر جیهاندا هەبووە بەهەمانشێوە کاریگەری بەسەر جیهاندا هەیە.

ئەگەرچی لەسەدەی نۆزدەهەم سۆسیال–دیموکراتیزم وەك رەوتێکی چەپ رەوانە لەمارکسیزم–کۆمۆنیزم جیابۆوە، بەلاّم دواتر بوو بەهێزێکی مام ناوەند (سەنتەریست)ی سیاسی، بوو بەمەزهەبێکی سیاسی هێزە سەنتەرسیتەکان، ئەم ئایدۆلۆژیایە هیچ کات نەبووە، بەبیرێکی دۆگماتیزم، واتە لەشوێن خۆی نەچەقیوە، بەموتلەقی هیچ دیاردەیەکی وەرنەگرتووە، واتە دیاردە ئابووری و سیاسی و کۆمەلاّیەتییەکان بەجۆرێك وەرنەگرتووە چوارچێوەیەکی موتلەقیان بۆ دابنێت، وەك چۆن بیری کۆمۆنیستی و ناچیزم و فاشیزم، بەعسیزم، بەو جۆرە دیاردەکانیان بەموتلەقی وەردەگرت و لەئەنجامدا هەرەسیان هێنا.

بیری سۆسیال دیموکرات لەخۆڕا پەیدا نەبووە، کتوپڕ بەویستی چەند کەسێك دروست نەکراوە، بۆ بەرژەوەندی گروپێك، چەند کەسێك چینێکی دیاریکراوی کۆمەلاّیەتی سەریهەلنەداوە، بەلکو سۆسیال دیموکراتی لەئەنجامی لەسەرخۆ گەشەکردن دەستەو گروپ و وردە رێکخراوی کۆمەلاّیەتی و ئابووری بناغەی دروستبوونی دارشتووە، لەئەنجامی لێکدانەوەی عەقلانیانەو مەنتقیانەی سەرکردەکانیان بووە، لەئەنجامی تێڕوانینی فەلسەفیانەو

هیومانیستانەی سەركردەكانیان بووە بۆ ژیان و كۆمەڵ، ئایدۆلۆژیای سۆسیال دیموكراتی بیروباوەڕی ماركس، لیبڕالی، ئەوانەی كە لەگەڵ بەهاو بیری سۆسیال-دیموكراتیزم دەگونجێن وەری گرتوون، لەیەكی گرێ داون، بۆ خزمەتی بەرژەوەندییەكانی كۆمەڵ بەگشتی و زەحمەتكێشان بەتایبەت بەكاری هێناون، واتە سۆسیال دیموكراتی لەدیدو بۆچوونی فەلسەفی و ئابووری و سیاسی ڕەوت و ئایدۆلۆژیاكانی تر پێكهاتووەو گەشەیكردووە، بیر سۆسیال-دیموكراتیزم و ئایدۆلۆژیاكانی تر نییە تەعبیر لەبەرژەوەندی چینێكی، دیاریكراو بكات، بەڵكو تەعبیر لەبەرژەوەندییەكانی زۆربەی چین و توێژە كۆمەڵایەتییەكان دەكات هەر لەكرێكارو جوتیارو كاسبكار بگرە تا دەگاتە ڕۆشنبیران و هەرئەمەشە بووەتە هۆی ئەوەی خەڵكێكی ئێجگار زۆر لەدنیا ڕوو لەئایدۆلۆژیای سۆسیال دیموكراتی بكەن.

# بنەما تیۆرییەکانی

بنەما تیۆرییەکانی سۆسیال–دیموکراتیزم لەلایەن ئیدوار بیرنشتاین و لەکتێبی سەرەتاکانی سۆسیالیزم و ئەرکەکانی سۆسیال–دیموکراتەکان لەساڵی ١٨٩٩ دارێژرا، لەم کتێبەدا نووسەر بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ کێشە گرنگەکان دەخاتەڕوو وەك: سەرمایەداری توانای گەشە بەخۆدانی هەیە، سەرمایەداری لەکۆتای سەدەی نۆزدە بەشێوەیەك گەشەیکرد بوو کەنەدەکرا سحری ئەو پێشکەوتنە پشتگوێ بخرێت و بەوردی دراسە نەکرێت، لێرە بیرنشتین پێچەوانە ئەنجامەکانی مارکس و ئینگلیس بوو کە لەدیراسەکردنی سەرمایەداری بەدەستیان هێنابوو، رای وابوو دەکرێت بۆچوونی تازەو نوێ لەسیستمی سەرمایەداری هەڵنجێنین نەك دروشمی رووخانی سەرمایەداری بەرزبکەینەوە، چونکە بەتەجروبە دەرکەوت سەرمایەداری جێگرە، لەسەرخۆ گەشە دەکات، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی پیشەسازی، هێزی بەرهەمهێنان، گۆڕان بەسەر بونییەو ؟ ژێرخان کەدواتر بووە هۆی پێشکەوتنی زانستی تەکنیك، بووە هۆی گۆڕانی چۆنایەتی بەسەر هێزی کرێکاران، واتە چینی نوێ کرێکاری هۆشیارو بەئەزموونی هێناکایەوە، شۆڕشی تەکنیکی زانستی کۆمەڵێك داواکاری تازەی لەگەڵ خۆی بۆ کرێکاران هێنا، داواکاری بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆفیسیۆنالیان، هەوڵدان

بۆداواکردنی ئازادی زیاتر، خۆ ڕێکخستن لەناو گروپ و پـارتی سیاسـیدا، هـەموو ئەوانـە، زەمینـە خۆشـکەربوون بۆئـەوەی چینی کرێکـارو بـۆرژواز تاڕادەیـەکی زۆر بەرژەوەندییـەکانیان تێکەڵ بەیەکتر ببـێت، چونکە بووە هۆی دروسـتبوونی کـەش و هەوایەکی نوێ بۆ ئەوەی هێزەکانی بەرهەمهێنان زیاد بـبن، لەهەمانکاتـدا، ژمـارەی دەوڵەتـەکانیش لـەزیادبوون و بـوو، بۆئەوەی دەستکەوت و قازانجی زیاتر بەدەستبێنن، ئەمجۆرە ئینتگراسـیۆنەی کرێکـارو بـۆرژوا بـووە هـۆی بەرزبوونـەوەی ئاسـتی ژیـانی کرێکـاران هـەر ئەمەشـە بـووە هـۆی ئـەوەی برنشـتێن ڕەخنـەی ئاڕاسـتەی بۆچـوونەکانی مـارکس بکـات، دەربارەی بەموتڵەقیکردنی ؟ وەك ئەوەی ئـەنجامی ململانێـی گەشەکردن هێزەکانی بەرهـەمهێنان و پەیوەندییـە کۆنـەکانی بەرهەمهێنان واتـە مـارکس پێیوابـوو جـۆری پەیوەندییـەکانی بەرهەمهێنان لەنێوان کرێکارو سەرمایەدارو کەچەوساندنەوەی تێدایـە، لەئەنجامـدا سـەرمایەداری لـەناو دەچـێت، ئـەمجۆرە لێکدانەوەی مارکسی پێ ڕاست نەبوو هەر لەو بوارە ڕەخنـەی توندی ئاڕاسـتەی (زێـدەبایی) مـارکس کـرد، چـونکە مـارکس بورەکـانی بەرهــەمهێنانی موتڵـەق کردبـوو ئەوەنـدە گرنگـی بەهێزە زیندووەکان بەرهەمهێنان دابوو ئەوەندە ئاگای لەلایەنە کەڵەکــەبووەکانی تــر نــەمابوو، بــۆ نموونــە (ئــەزموون، بەڕێوەبـەر، چـۆنێتی دابینکردنـی بـازاڕ، پـلان دانـان، هتـد)

لەکۆتاییدا پێی وایە کەئینتگراسیۆنی کۆمەڵگای بۆرژوازی بریتییە لەو هاوپەیوەندییەی کە پێکهاتووە لە دامەزراوەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کەدەکرێت لەسەر بنەمای دیموکراسی و ئازادیدا لەسەر بنەمای دیموکراسی و ئازادیدا لەسەر بنەمای سۆلیداریێتیدا بەبێ شۆڕش کردن و بەکارهێنانی توندوتیژی لەسەرخۆ گەشە بکەن و بگەنە ئاستێکی بەرزی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لێرەوە بۆچوونی تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکانی مارکس و ئینگلیسە کەباوەڕیان بەشۆڕش و توندو تیژی و خەباتی چەکداری هەیە، بەمەبەستی گرتنەبەری دەستی دەسەلات، چونکە لەبیری مارکسدا باوەڕ بەپەرلەمانتاریزم نامۆیە، هەڵبژاردن، فرە پارتایەتی، بوونیان نامێنێت لەجیاتی ئەمانە سیستمی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو سیستمی تۆتالیتاریزمی کۆمۆنیستی بەرقەرار دەبێت وەك ئەوە، بۆ ماوەی (٧٠) ساڵ لەیەکێتی سۆڤیەت پەیڕەوکراو دواتر پەشیمان بوونەوەو هەرەسی هێنا.

واتە سۆسیالیزم لەڕوانگەی سۆسیال–دیموکراتەکان بریتی نییە لەئامانج وەك ئەوەی مارکسیەکان خەباتی بۆ دەکەن و شۆڕشی بۆ دەکەن، بەڵکو سۆسیالیزم بریتییە لەپرۆسەیەکی بەردەوامی گەشەکردنی رەفاهیەتی–خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی... ئازادی، یەکسانی، پرۆسەیەکە

لـــــەناو هـــــەناوی کـــــەپتیالیزم ڕوودەدات، بەمەبەســــتی کەمکردنــەوەو ســنووردانان بــۆ چەوســاندنەوەی کرێکــاران، فراوانکردنی دەسەڵات و کـۆنترۆڵی کۆمـەڵ بەسـەر دەوڵـەت و پرۆسەی بەرهەمهێناندا.

واتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەبیروبۆچـوونەکانی برنشتاین کەدانەری بیری سۆسیال–دیموکراتە، دژی ململانێی چینایەتیە کەمارکسیزم پێیوابوو ململانێی چـینایەتی دەبێتـە هۆی گەشەکردنی کۆمەڵ.

سۆسیال دیموکرات لەگـەڵ بەیەکـەوە ژیـانی ئاشـتیانەیە، بەڵام مارکسیزم باوەڕی بەشۆڕش هەیە بۆ لابردنی دەسـەڵاتی بورژوا.

سۆسیال–دیموکرات باوەڕی بەسۆڵیداریتی هەیە، بـاوەڕی بەئینتگراســیۆنی چــین و توێــژەکانی کۆمــەڵ هەیــە، بــەڵام مارکســیزم بــاوەڕی بــە پرۆلیتاریــا هەیــە وەك پێشــەنگ و پێشڕەوی دروستکردنەوەی کۆمەڵگایەکی نوێ.

سۆسـیال دیمـوکرات بـاوەڕی بەدیموکراسـی فـرە ڕەنگـی هەیە، مارکسـیزم بـاوەڕی بەدیکتاتۆریـەتی پرۆلیتاریا هەیـە، وەك فۆڕمی دەسەڵاتی زەحمەتکێشان.

# ریفۆرم

وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد سۆسیال–دیموکراتیزم باوەڕی بەزەبرو زەنگ و شۆڕش و یاخی بوون و کوشتن و بڕین بەمەبەستی گرتنە دەستی دەسەڵات نییە یان بەئامانجی ئەنجامدانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، کەواتە سۆسیال دیموکراتیزم، رەوتێکی ریفۆرمیستییە، هەوڵدەدات لەناو پرۆسەی لەسەرخۆ گەشەکردنی بوارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، هەنگاو بەهەنگاو وردە وردە هاوشان لەگەڵ رووداوە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری بکرێت بۆئەوەی لەئەنجامدا کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران و یەکگرتوو پێشکەوتوو دروستببێت، ریفۆرم وەك فۆرمی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی کۆمەڵ بۆئەوەی سەرکەوتوانە ریفۆرم ئەنجامبدرێت باس لەڕۆڵی ئیجابیانەی دەوڵەت دەکات، واتە دەوڵەت رۆڵی ئینسانیانەی هەبێت، دەوڵەت وەزیفەکانی بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ بخاتەگەڕ.

کاتی ئەوەمان نییە، لەم باسە بەدرێژی باس لەڕۆڵی دەوڵەت بکەین، ئەو تیۆریانە باس بکەین کەوەزیفەکانی دەوڵەت دەستنیشان دەکەن، بەڵام ئەوەندە دەڵێین کەدەوڵەت لەڕوانگەو دیدی سۆسیال–دیموکراتەکانەوە، (پاسەوان نییە) دەوڵەت چاودێر نییە، بەڵکو دەوڵەت رۆڵی گرنگی دەبێت لەبوارەکانی رێکخستنی ئابووری، کولتووری،

پــەروەردە، تەندروســتی، خزمەتگوزارییــەکان، هــەر بۆیــە برنشتاین رای وایە کەدەوڵەت بریتییە لەئۆرگانی بەڕێوەبردنی کۆمەڵ.

چـونکە دەوڵـەت دەتـوانی گەشـە بەدیموکراسـی بـدات و جـێگیری بکـات، دەوڵــەت دەتــوانی مافــەکانی هەڵبــژاردن دەســتەبەر بکـات و بیانپارێزێـت، دەوڵـەت دەتـوانی لەسـەرو ململانێی چینایەتی بێ و ببێتە دەوڵەتی تەواوی ئەندامـەکانی کۆمەڵ و خەسڵەتێکی مرۆڤانەی هەبێت.

هەر بۆیە کەباس لـەریفرۆم دەکـەین راسـتەوخۆ پێویسـتە ئاماژە بەڕۆڵی دەوڵەت بکەین، چونکە ریفـرۆم لـەناو دەوڵـەت دەکرێت و هەر بەدەوڵەتیش دەکرێت.

دەسەڵاتەکانی دەوڵـەت پێویسـتە لەیـەکتر جیابکرێنـەوە، دەســەڵاتی جێبــەجێکردن، یاســادانان، دادگــای قــەزائی یــان دەســتووری پێویســتە ســەربەخۆیی و ســەروەری و تــەواوی خۆیــان بپــارێزن، ئەمـــەش بەپشتبەســـتن بەدیموکراســـی پەرلەمانییەوە دەکرێت، بەسەروەری یاسا دەکرێت، واتە ئـەو کاتەی کە دەوڵەت دەبێتە دەوڵەتی یاسایی.

سۆسیال–دیموکراسیەکان هاوچـەرخ خـەباتی پەرلـەمانی دەکەن بـەئامانج و مەبەسـتی دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی بـۆ زەحمەتکێشــان و خۆشــگوزەرانی کۆمەڵایــەتی ئەولەویــەتی خەباتەکەیانە.

گرنگە باس لەوەش بکەین کەریفرۆم وەك چەمك وەك تێگەیشتن لای سۆسیال-دیموکراتەکان ئامرازە هۆکارە بۆ گەیشتن بەهەندێك ئامانجی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو قۆناغەی کەحزبی دیاریکراو خەباتی بۆ دەکات. ریفرۆم تاقە ئامرازن هێمنانەی هاوچەرخانەی مرۆڤانەیە دەکرێت وەك هونەر بەکاربێت بۆ دابینکردنی رەفاهیەتی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی ترو دروستکردنی دەوڵەتێکی بەهێز بەگشتی.

هەواڵنامەی کتێب

# نوێ کردنەوەی تیۆریا

تا جەنگی یەکەمی جیهانی لەزۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا حزبی سۆسیال-دیموکرات دروستببوون، ئەگەرچی هاوکاری و پەیوەندی بەهێز لەنێوان ئەو حزبانەدا هەبوو، بەڵام دواتر لەئەنجامی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی پەیوەندییەکانیان تاڕادەیەکی زۆر تێکچوو هەر حزبەو لایەنگرە لەحکومەتی وڵاتەکەی خۆی دەکرد، سۆسیالیستە رادیکاڵەکان تەواو خۆیان لەسۆسیال و دیموکراتەکان جیاکردەوە ئەوەبوو ئینتەرناسیۆنال سۆسیالیستی لە (١٩١٤)کۆتای هات.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لەروسیا بەسەرۆکایەتی لینین، کۆمۆنیزمی رادیکاڵی سیستمی سیاسی و ئابووری نوێی لەو وڵاتە دروستکرد، لەزۆربەی وڵاتانی جیهان پارتی کۆمۆنیستی لەسەر شێوەی ؟؟؟؟ روسیا دروستکران و هێرشێکی بەرفراوانیان کردە سەر سۆسیال-دیموکراتەکان، ئەوەبوو لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی، لەکاتێکدا جەنگی سارد تازە دەستی پێکردبوو، جوڵانەوەی چەپڕەوی کۆمۆنیستی و سۆسیالیستی ئەگەرچی گەشەی سەندبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا وەك دژی شارستانیەتی رۆژئاوا لەلایەن هێزە کۆنسێرڤاتیڤەکان و چینە باڵادەستەکان تەماشا دەکران.

لەساڵی (١٩٥١) لەشاری فرانكفۆرتی ئەڵمانیا كۆنگرەی دامەزراندنەوەی سۆسیال- دیموكرات بەسترا، لەم كۆنگرەیە بڕیاری یەكگرتن و هاوكاری لەنێوان پارتە سۆسیال- دیموكراتەكان درا.

لەبەیاننامەی كۆنگرەكە بۆچوونی سۆسیال-دیموكرات ئاشكراكراو بوو بەدۆكیومێنتی جوڵانەوەی سۆسیال- دیموكرات.

جەخت لەسەر بەها گرنگەكانی سۆسیال-دیموكراتیزم كرا لەوانە (دانان بەئازادی، یەكسانی، عەدالەت، سۆلێداریێتی جێبەجێكردنی ئەم بەهایانە تەنها لەڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتی دیموكراسی ئابووری و سیاسی و روحی دێتەدی.

هەر بۆیە لەبەیاننامەكەدا بەجۆرێك وەسفی سۆسیالیزم دەكرێت نەك وەك رێكخستنێكی كۆمەڵایەتی رەق، بەڵكو وەك پرۆسەیەكی بەردەوامی جوڵانەوە بۆ بەواقیعیكردنی ئەو بەهایانەی لەسەرەوە باسمان لێوەكردن.

سۆسیال-دیموكراتەكان تەماشای ئامانجی سۆسیالیستی ناكەن لەڕوانگەی ئابوورییەوە، وەك چۆن كۆمۆنیستەكان وای دەبینن، بەڵكو لەڕوانگەی ئەوەی هەموو تیۆرییەك تاڕادەیەك بێهێزی و بێدەسەڵاتی پێوە دەبینرێت و پێویستی بەردەوام هەیە، هەر ئەوەش بوو بووە هۆی ئەوەی سۆسیال-



هەواڵنامەی پێشڕەو

دیموکراتەکان باوەڕیان بەتاقە ئایدۆلۆژیایەك بەتەنیا نەبێت بۆئەوەی جوڵانەوەکەیانی پێ بەهێز بکەن.

بەپێچەوانەی پارتە-کۆمۆنیستەکان، سۆسیال-دیموکراتەکان ناوەندێکی باڵاتریان لەسەروی خۆیان نییە، بۆئەوەی فەرمانی لێ وەرگرن و پابەندی ئامۆژگاری و سیاسەتەکەی بن، وەك ئەوەی کۆمۆنیستەکان لەسەردەمی ستالین هەبوو، پارتە سۆسیال-دیموکراتەکان تەنها بەرامبەر ئەندامەکانی خۆیان بەرپرسن و بەرامبەر بەدەنگدەرەکانیان بەرپرسن.

دواتر لەوڵاتی جیاجیای ئەوروپاو جیهان پارتی سۆسیال-دیموکرات زیادبوون و رویان لەگەشەکرد، جگە لەو گۆڕانی چۆنایەتی بەسەر ئەم ئاڕاستەیە سیاسیەدا هات بەتایبەت لەبواری فکری سیاسی و فەلسەفییەوە، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٥٩ پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا لەپرۆگرامەکەیان، دانیان بەپێویستی بوونی بازاڕی ئازاد نا هەروەها موڵکایەتی تایبەتی لەئامرازەکانی بەرهەمهێناندا. لەگەڵ هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر کۆمەڵی ئەڵمانیدا هاتبوو لەبوارەکانی ئابووری و شۆڕشی زانیاری و گەشەکردنی تەکنۆلۆژیای زانستی، حزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانیا ناچاربوو واز لەخەباتی چینایەتی و ململانێی چینایەتی بهێنێت و واش رابگەیەنێت کە ئەم حزبە حزبی تەواوی میللەتی ئەڵمانیایە.

لــەکۆنگرەی بــەرلینی ســاڵی ١٩٨٩حزبــی سۆســیال دیمـوکراتی ئـەڵمانیا بڕیاریـدا سـۆڵیدارێتی بکاتـە بەهایـەکی گرنگی سەردەم و داوا لەئەندامان و تەواوی خـەڵك بکـات رێـز لەم بەهایە بگرن، چونکە تەنها رێگەی هاوکـارەو هەماهـەنگی سۆڵیدارێتی تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکەوە دەتوانن کۆمەڵگایەکی مـۆدێرن و پێشـکەتوو کۆمـەڵگای رەفـاهی، خۆشـگوزەرانی دروســتبکەن. ســۆڵیدارێتی کۆمــەڵ فاکتــەری دروســتکردنی ژیانێکی بەختەوەرو پڕ کامەرانییە، وابەستە بـوونی تاکـەکانی بـۆ کۆمـەڵ و هاوکـاری نێوانیـان دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی ئینتگراسـیۆنی تاکـەکان. واتــە هــەر تاکـەو جۆرێـك لەسـۆزو خۆشەویستی بۆ کۆمەڵ و وڵاتەکەی لادروسـتدەبێت، بەمـەش نامۆیی سیاسی بوونی نامێنێت و تاکەکان هەست بەسەروەری و سیادەی دەکەن.

بێگومــان ئــەو فاکتەرانــەی کــەژیانێکی خۆشــگوزەرانی دروســتدەکەن و پێشــتر سۆســیال–دیموکراتــەکان خــەباتیان بۆکردبـوو بـریتین، لـە: پاراسـتنی تەندروسـتی و پـەروەردە، نەهێشتنی بێکاری، پاراستنی ژینگە، دروستکردنی خانووبەرە بــۆ هاووڵاتیــان، فراوانکردنــی بوارەکــانی خزمــەتگوزاری دابینکردنـــی پێداویســـتییەکانی منـــداڵان، لاوان، ژنـــان، گەشەپێدانی مافی تاکە کەس، مـافی گروپـە کۆمەڵایەتییـەکان، ئازادی تاك.

هەواڵنامەی گێتی

بەمشێوەیە سۆسیال–دیموکراتەکان بەردەوام خەبات دەکەن لەپێناوی بەمرۆڤایەتیکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە لەئەنجامدا کۆمەڵگای پێشکەوتووی لێدروستدەبێت.

شتێکی ئاساییە پارتە سۆسیال دیموکراتەکانی وڵاتانی جیاجیا، لەبەرنامەکانیان بایەخ سەرەکی بەیەك یا چەند کێشەیەك دەدەن لەو پرەنسیپانەی کەلەسەرەوە باسمان لێوەکردن، چونکە ڕەوشی وڵاتان و دۆخی کۆمەڵگاکان گشتیان وەکیەك نین، ئەم زیاتر بەندە بەئاستی شارستانی و پێشکەوتنی بوارە جیاجیاکانی ئەو وڵاتانە. یەکێك لەبۆچوون و پرەنسیپەکانی تیۆری سیاسی سۆسیال–دیموکراتی جیهانی بریتییە لە(دەوڵەتی کۆمەڵایەتی) ئەمجۆرە بۆچوونە لەوە سەرچاوە دەگرێت کەپێویستی بوونی هاوکاری نێوان کرێکاران و سەرمایەداران لەناو دەوڵەتدا، چونکە هەریەك لەم دوو لایەنە دەبێت لەپێویستیەکانی یەکتر بکۆڵنەوە، کرێکار بۆ باشترکردنی ژیانی ئابووری خۆی نابێت سنوور ببەزێنێت و تەواوی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەدار تێکبداو سیستەمەکە بەناو بەرێت بەهەمانشێوە سەرمایەدار دەبێت باشترین دۆخی کارو پەروەردەو تەندروستی بۆ کرێکار بڕەخسێنێت، چونکە بەبێکاری ئەو پێشکەوتنی کۆمەڵ دروست نابێت.

دەوڵەت لەم حاڵەتە دەبێتە زەمینە خۆشکەرو هاوکاری پەیوەندییەکانی نێوان کرێکارو سەرمایەدار. دەوڵەت داکۆکی لەدامەزراوەی موڵکایەتی تایبەتی دەکات و بەداینەمۆی پێشکەوتنی کۆمەڵ حسێب دەکرێت و لەهەمانکاتدا بنەمایەکە بۆ پاراستنی مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان. بەبۆچوونی سۆسیال دیموکراتەکان دەوڵەت لەڕێگەی کۆکردنەوەی باج و گومرگ لەکۆمپانیاو هەموو ئەوانەی یاسای گومرگ دەیانگرێتەوە دەستی یارمەتی بۆ ئەو کەسانە درێژدەکات کەپێویستیان بەهاوکاری دەوڵەتەوە هەیە بەتایبەت لەبواری دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان.

لەڕێگەی سیستمی (دەوڵەتی کۆمەڵایەتی) لەناو کۆمەڵ جۆرە سیستمێك لەبواری دەستکەوت و داهاتی ماددییەوە دروستدەبێت کەجیازاییان کەمە، ئەمەش دەبێتە ڕێخۆشکەر بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی جێگیرو ئارام. دەوڵەت سیاسەتی کار دادەڕێژێت، پەروەردەکردن و فێرکردنی کرێکاران بەکاری تەکنیکی و زانستی لەئەستۆ دەگرێت.

بۆ نموونە لە سوید ٣٥٪ ی خەڵك بەردەوام لەناوکۆرس و خولی فێربوونن، ٧٪ی میزانیەی دەوڵەت بۆ ئەم خولانە خەرجدەکرێت لەکاتێکدا ٧٪ بودجەی حکومەت بۆ سوپایە، واتە بودجەی خولەکان و بودجەی وەزارەتی بەرگری بەقەد یەکترن. سیستمی سیاسی کۆمەڵگای (سوید، نەمسا،

سویسرا، نەرویج و...هتد) کە ئایدۆلۆژیای سۆسیال دیموکرات بەسەریاندا زاڵە، کە لەسەر ئەم پرەنسیپانەی خوارەوە دامەزراون:

– ماکرۆ کۆنسێنسوس ی کۆمەڵایەتی، واتە ڕێککەوتنی گەورەی کۆمەڵایەتی.

– دابەشکردنی دەسەڵات

– هەماهەنگی کۆمەڵایەتی، شەراکەتی کۆمەڵایەتی partner ship

– کۆمپرۆمیسی سیاسی– تەوافوقی سیاسی چارەسەری مامناوەندیانەی سیاسی.

ئەگەر تەماشای ئەو پرەنسیپانەی سەرەوە بکەین کە ئەو کۆمەڵگایەی لەسەر دامەزراوە، ئەوا لەخۆڕا لەدایك نەبووە، بەڵکو ئەنجامی خەباتی سۆسیال دیموکراتەکانە نە لەسەد ساڵی رابردوو.

هەواڵنامەی کتێب

# بەشی چوارەم
# تۆتالیتاریزم لە سیستێمی سیاسیدا

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەكی

بابەتی تۆتالیتاریزم لەسیستێمی سیاسیدا دیاردەیەكی سیاسی گرنگی سەدەی بیستەمە كەتاڕۆژگاری ئەمڕۆ لەچەندین وڵات پەیڕەو دەكرێ و بوونی هەیە. زانكۆكانی كوردستانی عێراق كە نزیكەی سی ساڵ لەژێر حوكمرانی سیستێمی تۆتالیتاری عێراقدا ژیانی زانستیان بەسەر بردوە، بواری ئەوەیان پێنەدراوە لێكۆلینەوەیەكی زانستی لەم بارەیەوە ئەنجام بدەن. بۆیە ئەمە هۆكارێكی گرنگی هەڵبژاردنی ئەم بابەتەیە بۆ لێكۆلینەوە، ئامانجی توێژەر لەم لێكۆلینەوەیەدا بریتییە لە دەستنیشان كردنی ڕەگ و بنەماكانی تۆتالیتاریزم بەبەدیارخستنی خەسڵەتەگشتیەكانی، هەروەها شیكردنەوەی هەندێ پرنسیپ و لایەنە ئایدۆلۆجیاكەی .

بابەتی تۆتالیتاریزم لەسیستیمی سیاسیدا بریتین لەچوار باسی سەرەكی :-

٠١ پێناسەو چەمكی تۆتالیتاریزم.

٠٢ ڕەگە مێژووییەكان و خەسڵەتە سیاسیەكانی تۆتالیتاریزم

٠٣خەسڵەتە كۆمەڵایەتیەكانی تۆتالیتاریزم

٠٤ ئاستی عەقلانی و ڕێكخراوەیی

٠٥ عێراق ـ نمونەیەك لەسیستیمی تۆتالیتاری.

لەگـــەڵ پێشـــەکی و کۆتـــایی، لەبەرهـــەمهێنانی ئـــەم نووسینەدا ژمارەیەك لەسەرچاوەی ڕەسەن بەکارهاتوون، کـە هەندێکیان بۆ نموونە دەستنیشان دەکـەین، لەوانـە: نوسـینی هەندێك لە زانا روسـیەکانی وەك (موخـایف، هـاجییێف، پوگـە چۆف، و ...هتد) بە زمانی روسی، هەروەها کتێبەکـەی حنـە ئارینتد و گەلێ سەرچاوەی تری زانستی.

هەواڵنامەی کتێب

# پێناسە و چەمكی تۆتالیتاریزم

زاراوەی تۆتالیتاریزم لەوشەی لاتینی totalitas هاتووە كەمانای (گشت، هەموو، تەواوی)دەگەیەنێ[1]. لەبەكارهێانی بۆ بوارە كۆمەڵایەتیەكان، تۆتالیتاریزم بریتیە لەبەڕێوەبردنی سیستیمی كۆمەڵایەتی بەگشتی، بەهەموو توخمەكانیەوە، لەوانە خەڵك و هۆشیاری خەڵك[2]. تۆتالیتاریزم تایبەتە بەو دەوڵەتانەی كە كۆنترۆڵی چالاكیەكانی ئابوری، كۆمەڵایەتی، سیاسی لەلایەن تاكە پارتی دەسەڵاتدارەوە دەكرێت و هەموو جۆرەكانی دیموكراتیەت بوونی نامێنێ.[3]

تۆتالیتاریزم وەك تیۆریا لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم داڕێژراو ساغ بۆوە، بەڵام ڕەگەكانی دەگەڕێتەوە بۆ قوڵایی مێژووی مرۆڤایەتی. بۆچوونی تۆتالیتاریانە دەربارەی مل كەچ بوونی بەشێك بۆ گشت و تاكەكەس بۆ دەوڵەت و بەڕێوەبردن و حوكمرانی تۆتالیتاریانەی كۆمەڵ پێش دوو هەزار ساڵ لەمەو بەر بوونیان هەبووە[4].

یەكەم جار زاراوەی تۆتالیتاریزم لەلایەن نوسەری ئیتالی ج ـ ئەمیندۆڵ لە ٢٠ ئازاری ١٩٢٤ دا بەكارهات بە مەبەستی ئەوەی كە " فاشیزم و كۆمۆنیزم بریتین لە كاردانەوەیەكی تۆتالیتاری بەرامبەر بەلیبراڵیزم و دیموكراسی "[5]. ساڵی ١٩٢٥ مۆسۆلینی لەبواری سیاسی بەكاری هێناو لە كۆتایی

سـالآنی بیستەکانیشـدا ڕۆژنامـەی تـایمزی ئینگلیـزی تۆتالیتاریزمی وەك دیاردەیەکی سیاسی دزێو خستبوە ڕوو کەتیایدا باس لەفاشیزمی ئیتالی و سیستیمی سیاسی یەکێتی سۆڤیەت کردبوو وەك دوو سیستیمی نێگەتیڤ [٦].

لەسـالآنی چـلەکان و پـەنجاکانی سـەدەی بیسـتەم تۆتالیتاریزم وەك تیۆریا لەلایەن زاناکانی ڕۆژئـاوا داڕێـژراو بـە شـێوەیەکی بـەرفراوان لەجـەنگی ئایـدۆلۆجی دژی کۆمـۆنیزم بـەکاردەهێنرا. یەکـەم لێکۆلینـەوەی کلاسـیکی لـەبارەی تۆتالیتـاریزم لـە لایـەن ك. هایـك نوسـراوە، لـەژێر ناونیشـانی (ڕێگـا بـەروە کۆیلایـەتی)[٧]. دواتـر H. AREND سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزمی لەسالّی ١٩٥١ نووسی. هـەروەها سالّی ١٩٥٦ ك. فردریك و ز. بژینسکی کتێبێکی هاوبەشیان لـەژێر سـەردێری (دکتاتۆریـەتی تۆتالیتـاری و ئۆتـۆکراتی) نوسـی. لەزۆربـەی ئـەم نوسـراوانەدا میتـۆدی تـەجریبی بەکارهێنراوە بۆ بەدیارخستنی بنەماکانی تۆتالیتاریزم لەسـەر ئـەزمونی حـوکمڕانی سـتالینیزم و ناسـیۆنال ـ سۆسـیالیزم و سیستێمە سیاسیەکانی تری ئەم جۆرە چەشنە. تۆتالیتـاریزم : جۆرێکـە لـەڕژێمی سیاسـی و ئامرازێکـە بـۆ پـەیڕەوکردنی دەسـەلآتی دەولّـەت[٨]. لەسـەرەتای سـەدەی بیسـتەم ك. شمیـت چـەمك و تیۆریـان دەولّـەتی تۆتالیتـاری داڕشـت وەك ڕەخنەی سیاسی لە دەولّەتی یاسایی دا [٩].

بەڵام بنەما سەرەکیەکانیسیستیمی تۆتالیتاری بریتیە لە مۆنۆپۆل کردنی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن تاکە حزبێکەوە بەرقەرار کردنی سیستیمی دیسپۆتیزم (استبدادی)، زاڵ بوونی یەك ئایدیۆلۆجیا بەسەر تەواوی بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری دا ... هتد.

تۆتالیتاریزم بەردەوام ڕاستی وەك شتێکی مۆتلەق وەردەگرێ و شێوازێکی ڕەسمیانەی پێدەدا. ئەفزەلیەت و ئەولەویەت دەداتە دەوڵەت لەبواری موڵکایەتی واتە کەرتی تایبەت لەناو دەبا، یان دەیخاتە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت، دەوڵەت مۆنۆپۆلی ئامرازەکانی سەرکوت کردن و باوەرپێهێنان دەکات، لێرەدا پشت بە سیاسەت و ئایدۆلۆجیای تیرۆر دەبەستێ[١٠]. دەسەڵاتی موتڵەقی سەرۆك " زعیم " (سەرۆکی کارێزمایی)[١١]. دیموکراتیەتی ساختەو " سەروەری جەماوەر " داهاتوی میسالی و بێ وێنە وەك ڕێبازی کارکردن بالۆرەی بۆ لێدەدرێت، هەوڵی دروست کردنی " مرۆڤی نوێ " دەدرێت، پشت بە " چین، نەتەوە، ڕەگەزو نەژاد " دەبەسترێت. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم دروشم و بەرنامانە پشت بە پۆلیسی نهێنی و دەزگا سەرکوت کەرەکان دەبەسترێت. لەسایەی ئەم جۆرە سیستیمەدا هەموو بەها کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵی مەدەنی لەناو دەبردرێت، سیستیمی تۆتالیتاری بەپێچەوانەی سیستیم و ڕژێمە

دکتاتۆرەکانی تر هیچ سنورێك بۆ بوارەکانی ئازادی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و ئایدیۆلۆجی ناهێڵێتەوە. پشت و پەناو بنەماکانی ئەم جۆرە سیستیمە بریتیە لە "کۆمەڵە مرۆڤ" کەزاراوە لاتینیەکەی پێی دەگوترێت "ماریگینالی سیاسی"[١٢]. ئەم جۆرە کۆمەڵە مرۆڤە بونیە و ستروکتوری کۆمەڵ هەڵدەوەشێنێتەوەو "جەماعیەتی" ساختە دروست دەکات. لەژێر دروشمی یەکسانی کۆمەڵایەتی دەوڵەت دا لەم جۆرە تۆتالیتاریزمە بەردەوام دەست درێژی دەکاتە سەر پرۆسە کۆمەڵایەتیەکان. سیستمە تۆتالیتارەکان بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان چەند خەسڵەتێکیان هەیە لەوانە : پەیڕەوکردنی یەك ئایدیۆلۆجیا، واتە بوار نەدان بەپلورالیزمی سیاسی و فرە پارتایەتی ، یەك پارت " پارتی پێشڕەو، پارتی شێوەی نوێ "، پۆلیسی نهێنی سەرکوت کەر (دەزگای ئەمنی و جاسوسیەکان)، مۆنۆپۆل کردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن (تەلەفزیویۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە ... هتد)، بەناوەندی کردنی ئابوری(ڕۆڵی دەوڵەت لەئابوری، یان بەنیشتمانی کردنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان) چەکی تۆتالیتاریزم زیاتر خۆی لەدروست کردنی کۆمەڵگایەکی بێ چین دەدۆزیتەوە، یان لاواز کردنی جیاوازی چینایەتی[١٣]. ئەمە بەشێوەیەك ئەنجام دەدرێت کە مرۆڤ دوور دەخرێتەوە لەموڵکایەتی تایبەتی و لەدەسەڵات، بەکورتی پەیوەندی

هەولێر کتێب

ئۆرگـانیکی نێـوان مـرۆڤ کۆمـەڵ و دەسـەڵات دەشـێوێندرێت، لەدوایشـــدا مـــرۆڤ لـــەناو سیســـتیمی نـــوێ کۆمەڵایـــەتی دەتوێنرێتـەوەو سیسـتمێکی نـوێی کولتـوری ـ کۆمەڵایـەتی دروست دەکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەگە مێژووییەکان و خەسڵەتەکانی تۆتالیتاریزم

تۆتالیتاریزم ڕەگی مێژوویی خۆیی هەیە، بەپێی هەندێ سەرچاوە ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی توندڕەوانەو بەرفراوانە لەسەدەکانی ناوەڕاست دا لە ئەوروپا پەیڕەوی لێ کراوە [١٤]. تۆتالیتاریزمی ئاینی لەو قۆناغە بەڕابەرایەتی ئایدیۆلۆجیای کەنیسەی کاسۆلیکی گەیشتبوە لوتکە. تا سەردەمی ریفۆرمە ئاینیەکانی ئەوروپا بەسەرۆکایەتی مارتن لۆسەرو کالڤن و زوینگلی چەندین گروپ و کۆمەڵەی توندڕەو هەبوون بەناوی "ئیزوت" ئەم ئیزوتانە ئایدیۆلۆجیانی کاسۆلیکیان لەهەموو بوارە کانی ژیاندا بەسەر تەواوی دانیشتوانی ئەوروپایان دا دەسەپاند، "کۆمەڵەی عیسایی" یەکێك لەو گروپانە بوو کە بەهەموو هێزو توانای خۆیان بەشێوەیەکی گشتگیر نە کۆنتڕۆڵی عەقل و بیرو هوشیاری خەڵکیان دەکرد، ئاراستەیەك بوو دژ بە عەقلانیەت و دژی گۆڕانکاری بوو، تایبەت بوو بە کاسۆلیکەکان و پاراستنی بەرژەوەندی پاپا. یەکێك لە دروشم و تایبەتمەندیەکانی بریتی بوو لە " الغایە تبرر الوسیلە " کەسانی بێ بەزیی وغەدارو دوو ڕوو بوون [١٥].

لە نێوان سالآنی (١٦١٠ ـ ١٧٦٨) دا لە پاراگوای دەوڵەتی ئیزۆتی هەبووە و لە ئەوروپاش بەدرێژایی سەدان ساڵ تۆتالیتاریزمی ئاینی حوکمی کردوەو بە هەموو جۆرێك کۆنترۆڵی هەڵسوکەوتی خەڵك و کۆمەڵی کردوە بەناوی

دژایەتی کردنی بێ ئیمانان و کافران و نزیکەی نۆ ملیۆن مرۆڤیان سوتاندوە [١٦]. لەسەدەکانی ناوەڕاست دا بیری هیلیاستیزم لەئاینی مەسیحی بەشێوەیەکی هەمەلایەنە گەشەی دەکرد، زیاتر جەختی لەسەر هاتنەوەو گەڕانەوەی مەسیح دەکرد، بانگەوازی بۆ کۆتایی مێژوو دابین کردنی ژیانێکی بەختەوەرانە دەکرد. هەر بۆیە دواتر هەموو ڕژێمە تۆتالیتاریەکان کە جۆرە شێوازێك لە بواری ئابووری، سیاسی، فەرهەنگیان دەهێنایە ناو ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کەئەمە شێوەیی‌ەکی نوێ یە، کۆتایی مێژووە، لە جیهاندا لەوەباشتر نەبوەو نابێت، هەربۆ ئەم مەبەستە خەڵکیان هان دەدا ئامادەبن لەپێناوی ئەم ئامانجە پیرۆزەدا خۆ بەخت بکەن [١٧]. لەڕۆژهەلاتی ئیسلامیشدا ئایدیۆلۆجیای ئاینی بۆ ماوەی سەدان ساڵ سەرچاوەی تەفسیری هەموو دیاردەکان بوو، کۆنترۆڵی تەواوی بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابوری، سیاسی ڕۆشنبیری کردوە، ئەوەندە گشتگیر بوون خزاونەتە ناو هەموو ماڵێك. سنوری بۆ هەموو جۆرە هەڵسەوکەوتێك داناوە، تاك بێت یان گروپ. ئەم جۆرە ئایدیۆلۆجیایە تۆتالیتاریە ئەورۆ بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئێران جێبەجێ دەکرێت ، لەم جۆرە سیستیمەدا هیچ جۆرە ئازادیەك بۆ تاکەکەس نامێنێتەوە، تاك لەناو کۆمەڵ و دەوڵەت ون دەبێ

هەواڵنامەی کتێب

و هــەر جـۆرە بیرکردنەوەیــەك ئەگــەر لەگــەڵ ئایـدیۆلۆجیای سیســـتیمە سیاســـیەکە یەکنەگرێتـــەوە، لـــەژێر کـــۆنترۆلی سانسۆری ڕەسمـی دەوڵـەت دەرناچـێ و سـەرکوت دەکرێـت، نموونەی لەم بابەتە بەدرێـژایی بیسـت سـاڵی ڕابـوردوو بـەدی دەکـرێ و زاناکـانی بـواری تۆتالیتـاریزمیش ئاماژەیـان بـۆ کردووە. [١٨]

زۆربەی زاناکانی هاوچەرخی بواری تۆتالیتاریزم ئاماژە بـە سیســـتیمی سیاســـی عێـــراق دەکـــەن کەپـــەیڕەوی فکـــری تۆتالیتاری دەکات. حزبی بەعس کۆنترۆڵی هەموو حکومەت و دامـــەزراوەکانی دەوڵـــەتی عێراقـــی کـــردوە، ئایـــدیۆلۆجیای بەعسیزم بەزۆر بەسـەر زۆربـەی لایەنـەکانی ژیـانی سیاسـی و ڕۆشـنبیری و ئـابوری و کۆمەلایـەتی سـەپێندراوە. کـۆنترۆڵ کردنی عەقلی مرۆڤ لەبەرنامەی حزبی بەعس دا، بەتایبـەت لـە دروست کردنی ڕێکخراوەکانی (گلائع، فتوە،شبیبە)و دروسـت کردنی چەندین بنکەو ڕێکخراوی تر هـەموو لـەژێر ڕێبەرایـەتی حزبـــی دەســـەلاتدارو بوارنـــەدان بـــە دیموکراتیـــەت و دان بەخۆدانەگرتن و بەکارهێنانی زەبرو زەنگی دڕندانـە بەرامبـەر هەر جۆرە بـیرو بـاوەڕێکی سیاسـی ئەگـەر لـەولات دا سـەری هەڵـدابێ بەرامبـەر بـە سیسـتیمی تاکـە حزبـی. [١٩] کـۆنترۆڵ کردنی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و دەست بەسەردا گرتنی کەرتـە گرنگـەکانی ئـابوری یـەکێك لـە خەسـڵەتەکانی تۆتالیتـاریزمی

سیستیمی سیاسی عێراقی یە. نمونەی سیستیمی سیاسی تۆتالیتاری لەسەدەی بیستەم زۆرە کە دوواترعێراق بە نمونە باس دەکەین.

تۆتالیتاریزمی کلاسیکی زیاتر بەسیستیمەکانی روسیای ستالینی و ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشی دەشوبهێندرێ. خەسڵەتەکانی ئەم سیستیمانە تاڕادەیەك هاوبەشن و هەندێ ماك و خەسڵەتیش هەن کەلەپرینسیپ دا دژ بەیەکن، کەلێرە مەبەستمان لەبنەما ئایدیۆلۆجیەکانە.[٢٠] ئەم جۆرە سیستیمانە بەگشتی پشت بەعەقلانیەت دەبەستن، چونکە ڕایان وایە عەقلی مرۆڤ داهێنەری تۆتالیتاریزمە. شایانی باسە کە سیستیمی تۆتالیتاری لەخۆڕا سەر هەڵنادا، بەڵکو لەسەر بناغەی ئایدۆلۆجی دادەمەزرێ و هەروەها بەئایدیۆلۆجیا کردنی هوشیاری کۆمەڵایەتیش بەیەکێك لە وەزیفە سەرەکیەکانی ئەم سیستیمە حسێب دەکرێت و ئامانجی کۆنترۆڵ کردنێکی عەقلانیە بۆ تەواوی ژیانی فەردی و کۆمەڵایەتی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراودا.[٢١]

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد سیستیمەکە لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی دادەمەزرێ، بۆیە ئایدیۆلۆجیا وەك دینەمۆ بەردەوام لە جوڵەو وەزیفە دایە و ئینتگراسیۆنی کۆمەڵایەتی یەکێك لە وەزیفە سەرەکیەکانیەتی، بەتایبەت بۆ ئەوەی خەڵکی لەناویەك جۆرە سیاسەت و بیرکردنەوەدا لە

قالّب بدات و هەموو خەڵك والێبكات كەیەك جۆرە بەهایان هەبێت، كە ئەویش بەهای ڕەسمی سیستیمەكەیەو هەڵس و كەوتی تاك و گروپ و كۆمەڵ وەك یەك بێت و گشتیان بخاتە ژێر كۆنترۆڵی دەوڵەت و سیاسەتەكەی، لێرەدا دێڤید ئیستۆن ڕاستی بۆ چووە كە دەڵێ " دەسەڵات بەها دابەش دەكات"[٢٢].

بۆگومان سیستیمە تۆتالیتاریەكان بە فۆرمی ئایدیۆلۆجیای جیاجیا سەرهەڵدەدەن كە هەڵبەت پێش هەموو شت مۆنۆپۆلی دەسەڵات دەكەن و دەست بەسەر كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دا دەگرن. وەك دوژمنی سەرەكی خۆیان تەماشای هەموو جۆرە بیروباوەڕێكی تری جیاواز دەكەن، لەجیاتی ڕای گشتی كۆمەڵ ڕای ڕەسمی سیستیمەكەو دەوڵەت دەسەپێنن.[٢٣] ئەخلاقی هاوبەشی كۆمەڵ هەڵدەوەشێننەوەو لەجیاتی ئەو بەهاوبیروباوەڕی سیستیمەكە بەزۆر بەسەر كۆمەڵدا فەرز دەكەن. لەهەمان كاتدا ئیندڤیدوالیزم لەناو دەبەن و هەموو جوڵانەوەو هەڵس و كەوتێك دەبێ لەگەڵ ناوەرۆكی ئایدیۆلۆجیای تۆتالیتاری هاوجووت بێ. " وەك : هەموو كەس وابە، شاز مەبە، خۆت جیامەكەوە ".[٢٤]

هەندێ ماك و خەسڵەت هەن لەمرۆڤدا، لەسیستیمی تۆتالیتاریدا، ئەم خەسڵەت و ماكانە نابێ بگۆڕدرێت وەك " حەسادەت و بەخیلی، شك و گومان " ئەمانە لەمێشكی

هەواڵنامەی ڕێبیر

مرۆڤدا بەشێوەیەك دروست دەكرێت كە ئاشت بوونەوەی مەحاڵە . بۆ نمونە وەك لەسیستیمی تۆتالیتاری كۆمۆنیستی ڕق و كینەی كرێكار بەرامبەر بەسەرمایەدار، لەسیستیمی نازی ئەڵمانی ڕق و كینە بەرامبەر جولەكە و میللەتانی سلاڤ.[٢٥]

بەپێی مەنتیقی سیستیمی تۆتالیتاریبەسیاسی كردنی كۆمەڵ پێداویستیەكی ژیانیە. واتە دامەزراوەكانی ئەم سیستیمە بەهەموو جورێك ئایدیۆلۆجیای سیاسی خۆیان دەرخواردی ئۆرگانیزمە كۆمەڵایەتیەكان دەدەن. سیستیمی تۆتالیتاری هەوڵ دەدات كۆمەڵی مەدەنی لەڕەگەوە هەڵوەشێنێتەوەو لەناوی ببات و ژیانی تایبەتیش نەهێڵێ. سیستیمی سیاسی یان ڕێكخراوە حزبی و حكومیەكان دەبنە پاسەوان بەسەر كۆمەڵ بۆ جێبەجێ كردنی فەرمانەكان، بەتایبەت لەبوارەكانی ڕێكخستنی ئابوری و كۆمەڵایەتی دا.[٢٦] ئەم ڕێكخراوانە كەلەسەرەوە پلەو پایەو وەزیفەیان لەڕووی دەرەجەی مەقامات بۆ دابەش كراوە بەتوندی بەیەكەوە بەستراونەتەوە ئەمانە لاری ناكەن لەڕاپەڕاندنی ئەو فەرمانانەی كەبۆیان دێت. كەواتە ناوەندیەتی دەسەڵات یەكێك لەخەسڵەتە گرنگەكانی سیستیمی تۆتالیتاریە كەبەسەرۆكایەتی پارتێكی شێوە نوێ هەڵدەسوڕێ و ئامانجی خولقاندنی دۆخێكی سیاسی نوێیە، ئەم دۆخە دەبێ تەواو

جیاواز بێت لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دا کە پێشتر بوونیان هەبووە . ئاشکرایە کەدروست کردنی ئەم دۆخە نوێیە تەنها بە دکتاتۆریەت و لەناو بردنی کۆمەڵی مەدەنی دێتە کایەوە، بەدەست بەسەر دا گرتنی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و کۆنترۆل کردن و مۆنۆپۆل کردنی بازاڕی ئازاد لەدایك دەبێت. ئەم جۆرە سیستیمە سیاسیە نوێیە بانگەشە و پروپاگەندەی ئەوە بۆ خۆی دەکات گوایا تەعبیر لە ئیرادەی گەل دەکات، باس لە دیموکراتیەتی گەل دەکات باس لە دەسەلاتی گشتی دەکات بەلام بەهیچ جۆرێ قبوڵی ئەوە ناکات میللەت لەبڕیاری سیاسی دا بەشدار بێ[٢٧]. کەواتە لەم بوارەدا سیستیمی سیاسی تۆتالیتاری هەڵبژاردنی ساختە ئەنجام دەدات ، داوا لەگشت جەماوەر دەکات بەشداری لەدەنگ دان دا بکەن، تاکە پارتی دەسەلاتدار خۆی وەك مژدەبەرو خاوەنی پەیامی مێژوویی پیشانی جەماوەر دەدات، داوا لەجەماوەر دەکات دەنگی بۆ بدەن.

لەم جۆرە بارودۆخەدا : سوپای دەوڵەت، دەزگا جاسوسیەکان ، پۆلیسی نهێنی و هەموو دەزگا سەرکوت کەرەکان دەکەونە گەڕ بۆ کۆنترۆڵ کردنی کۆمەڵ،[٢٨] بۆ ئەوەی جێگیری و ئاسایشی پارتی دەسەڵاتدا بپارێزن[٢٩].

دیارە میتۆدەکانی تیرۆری بەکۆمەڵ و تۆقاندن بۆ ترساندنی

خەڵك بەکاردەهێنرێن. لەلایەکی تر ترس و باوەڕی کوێرانە مادەی خامی سەرەکی دەوڵەتی توتالیتاریە، هەر لەپرۆسەی چەسپاندنی دەسەڵات و ژیانی حزبایەتی و سیاسی دەوڵەتی تۆتالیتار پەرستنی سەرۆك دەبێ بەدیاردەیەکی سیاسی و ڕۆژانە لەهەموو شارو شوێنە گرنگەکان پەیکەری سەرۆك دروست دەکرێ، وێنەکانی لە هەموو دامەزراوێکی ڕەسمی و مەدەنی هەڵدەواسرێ و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش ئەوەندەی بەرز دەکەنەوە، وەك بلیمەتی سەردەم ناوی دەبەن و تەواوی دانیشتوانی ناو دەوڵەتەکەش مل کەچی فەرمانەکانی دەکەن.[٣٠]

هەروەها سیستیمی تۆتالیتار دژی دەوڵەتی یاساییە! باوەڕی بەسیستیمی پەرلەمانی نیە، کەدەسەڵات دەگرێتە دەست یەکەم وەزیفەی سەرەکی خۆی بەدانانی دەستوری نوێ بۆ دەوڵەت دەزانێ. ئەم دەستورە بێ گومان کاریگەری ئایدیۆلۆجیای سیستیمی تۆتالیتاری پێوە دیار دەبێت، هەوڵ دەدات مادەکانی دەستور بەشێوەیەك دابڕێژی شەرعیەتی تەواو بداتە دەسەڵاتی تۆتالیتارو هەموو ئەوانەی کەدژی سیستیمی تۆتالیتاریش بەلادەرو سەر پێچکەری یاسا تاوانبار بکات.[٣١]

لەهەمان سیستیمدا دادگای دەستوری دامەزراوێکی ڕووکەشەو لە واقیعدا هیچ جۆرەوەزیفەیەکی گرنگی نیە،

چونکە دەسەڵاتەکان ئەگەر لەیەکتریش جیابکرێتەوە، ئەوا گشتیان ملکەچی فەرمانی سەرۆکن. بۆیە لەم سیستیمەدا هیچ کات کێشە لەنێوان دەسەڵاتەکان دروست نابێت. دەسەڵات لەم جۆرە سیستیمەدا ناوەندیە بەشێوەیەکی ترسناك فەرمانەکان جێبەجێ دەکرێن هەردامەزراوەو ملکەچی سەروی خۆیەتی بەپێی ئاستی بەرزو نزمی دامەزراوەکان لەبواری پلەو پایەدا کار و وەزیفەکان ئەنجام دەدرێن.

هەواڵنامەی کتێب

## خەسڵەتی کۆمەڵایەتی تۆتالیتاریزم

بەر لەئێستە دەستنیشانی ئەوەمان کرد کە تۆتالیتاریزم بەفۆرم و ئایدیۆلۆژیای جیا جیا سەرهەڵدەدات. بۆیە لەهەر وڵاتەو دەوڵەتێك کە تۆتالیتاریزم حوکم بەرقەرار دەکات و ئایدیۆلۆجیای خۆی دەسەپێنێ، هەوڵ دەدات بونیەیەکی (ستروکتورێکی) کۆمەڵایەتی وەك خۆی بنیات بنێ. هەموو هەوڵ و تێکۆشانێکی لەسەرەتادا بۆ ئەوەیەکە جەماوەر پەیدا بکات، دروشمی بەرزی نەتەوە یان چین، یان ڕەگەز بەرزدەکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە دوژمن دەدۆزنەوەو پەیدای دەکەن، بەتایبەت دوژمنی ئایدیۆلۆجی، کە بریتین لە دوژمنی دەرەکی و دوژمنی ناوخۆ بۆرژوا، ئیمپریالیزم، جولەکە، کۆمۆنیزم ... هتد.[٣٢]

کەسایەتی تاکە کەسی لەبەردەم دەسەڵاتی بێ سنوری سیستیمی تۆتالیتاری هیچ ئۆتۆنۆمیەکی نامێنێ و مافیش بەهەموو لایەنەکانی و مانا فراوانەکەی بەهەمان شێوە بوونی نامێنێ نێوەڕۆکی پوچەڵ دەکرێتەوە بەڵکو بەپێچەوانە تاکەیەك ماف کە بەمرۆڤ ڕەوا دەبیندرێ ئەوەیە

کە خۆی لەگشتی و لەجەماوەر جیانەکاتەوەو ببێتە بەشێك لەپارچەکانی پێکهاتەی کۆمەڵی نوێ کە کۆمەڵێکی تازەیەو بەدڵی تۆتالیتاریزمە. سیستیمی تۆتالیتاری هەوڵی دروست کردنی "مرۆڤی شێوە نوێ" دەدات، کە خەسڵەتێکی

هەبێ ئەویش ئەبەدی بێت لە دڵسۆزی و وەفاداری بۆ سیستیمەکەو سەرۆك و ئایدیۆلۆجیاکە. [٣٣] ئەم جۆرە مرۆڤە پێویستە داواکاری کەمی هەبێت ، ئامادەبێت بۆ خۆبەخت کردن، لەپێناوی "ئامانجی هاوبەش"، بەهیچ جۆرێ لاری نەکات لەجێبەجێ کردنی هەر فەرمانێك کەلەسەرەوە ئاراستەی کرا بێت.

ئەم سیستیمە لەگۆرانکاری کۆمەڵ دا، پلانێکی سەنترالیزم دادەرێژی و لەپاڵ بونیەی کۆنی کۆمەڵ دا ستروکتوری نوێی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، کۆمەڵ دابەش دەکات و لەبونیەی کۆنی جیا دەکاتەوە. ئەمەش زیاتر بەپێی خواستی دابەش کردنی دەسەڵاتە. دەسەڵاتیش لەم جۆرە سیستیمەدا هەموو شتێکە، چونکە هەر دەسەڵات دەبێتە هۆی دابەش کردنی ئابوری و ئیمتیازاتی کۆمەڵایەتی. چینێکی نوێی دەوڵەتی دروست دەبێت کە سیستیمی تۆتالیتاری تەواو پشتی پێ دەبەستێ و لەئەنجام دا نایەکسانی کۆمەڵایەتی وەك دیاردەیەکی ئاشکرا دەبیندرێت. [٣٤]

خەسڵەتی ئەم سیستیمە سیاسی یە باوەڕی بەیەکەی یەکێتی هەموو "کل" هەیە، ئەمەش بەئاشکرا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە،کە تۆتالیتاریزم توخمی هەرە گرنگ و ناوەندی

شارستانیەتی ڕۆژئـاوا ڕەت دەکاتـەوەو قبـوڵی نیـە، ئـەویش بریتیە لە کۆمەڵی مەدەنی.[٣٥]

دیارە دامەزراوەکانی کۆمـەڵی مـەدەنیش بەبنـەماو لایەنـە گرنگەکانی بوونی مرۆڤایەتی حسێب دەکرێن و پێکهاتووە لـە چـەندین دامـەزراوی جیاجیـا کـە بـەردەوام لەناوخۆیانـدا لـەململانێی دیموکراتیانـەدان. هـەر ئـەم جۆرە دامەزراوانـەن دەبنە فاکتـەری دابـین کردنـی ئـازادی بـۆ مـروڤ وتاکەکـەس، بەتایبـەت ئـازادی ئـابوری کەمـەرجی سـەرەکیە بـۆ هـەبوونی ئازادی تاکەکەس و کۆمەڵ. جگـە لـەوە مـرۆڤ بوونـە وەرێکـی عەقلانیە، دەکرێ خەسڵەتی تـری بدەینـە پـاڵ، وەك نـەژاد، ڕەگەز، نەتەوە،تەمـەن، کولتـور، بـاوەری ئـاینی و شـتی تـر. بیریارانی تۆتالیتاریزم مەبەستیان بوو گۆڕان و وەرچـەرخانی گەورە لەمرۆڤدا بهێننـەدی، بەتایبـەت لـەبوارەکانی ئـابوری، کۆمەڵایـەتی، سۆسـیۆرکولتوری، پەیوەندیـە روحیـەکان ، قەناعـەت، بـەها، بـەهای مـرۆڤ و تاکەکـەس. هـەر لـەم روانگەیـەوە دەتـوانین بڵـێین تۆتالیتـاریزم پێچـەوانەی سیستیمەکانی تری دکتاتۆری و دیسپۆتیزم "ئیستبدادی " ن و بەدیاردەیـەکی سیاسـی و کۆمەلایـەتی سـەدەی بیسـتەم دادەنرێت.[٣٦]

بـۆ وێنـە :– نـەریت ـ بریتیـە لـەدووبارە بەرهـەم هێنانـەوەی دامـەزراوە کۆمەڵایەتیـەکان ئـەم دامەزراوانـە

بـەحوکمی ڕابوردویـان کـە مێژوویـەکی دوورو درێـژیان لـەناو کۆمـەڵ دا هـەبووە، چـەندین نـەوە پابەنـدی بـووەو کـاری پـێکردوە، بۆتـە هـۆی ئـەوەی خەسـڵەتێکی یاسـایی کۆمەڵایـەتیان هـەبێ. لەسیسـتیمی تۆتالیتاریـدا نـەریت و یاساکۆمەڵایەتیەکان تەواو پەراوێز دەکرێن و وردە وردە لەناو دەبردرێن، هۆیەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تۆتالیتـاریزم وەك ئاماژەی پێدرا خاوەنی ئایدیۆلۆجیای تایبـەتی خۆیـەتی لـە گۆڕانـدنی کۆمـەڵ و هەڵوەشـاندنەوەی سیسـتیمی کـۆنی کۆمەڵایەتیـدا کـە لەگـەڵ بەهاوپرنسـیپی تۆتالیتـاریزم دا ناگونجـێ، لـە ئەنجامیشـدا ئامـانجی سیسـتیمی تۆتالیتـاری بنیات نانی کۆمەلێکی نوێی هاوچەرخە. کە لەگەڵدیدو بنەما سەرەکیەکانی خۆی دا بگونجێ. نمونەی لەم بابەتە لەهەنـدێ وڵاتـدا بەرچـاو دەکـەوێ ، وەك گـۆڕینی نـاوی شـەقامەکان، موزەخانەکان، شانۆکان، شـارەکان، ڕەت کردنـەوەی هەنـدێ ئـەدەبی نەتـەوەیی کەلەگـەڵ بـیرو بۆچـوونی سیسـتیمەکە ناگونجـێ، هـەروەها پشـتگوێ خسـتنی هەنـدێ جـەژنی نەتـەوەیی یـان ئـاینی، چـەند نـەریتێکی تـری نەتـەوەیی و کۆمەڵایەتی، هـەموو ئەمانـە بـەبیانووی ئـەوەی کـۆن بـوون و لەگـەڵ سـەردەم دا نـاگونجێن و هەنـدێ جـاریش خەسـڵەتی کۆنەپەرسـتی و دواکـەوتوویی د ەدەنـە پـاڵ. بـەڵام هۆکـارە

هەواڵنامەی کتێب

سەرەکیەکە ئەوەیە کەلەگەڵ پرینسیپەکان و ئایدیۆلۆجیای سیستیمی تۆتالیتاریدا ناگونجێ.[٣٧]

دابڕانی مرۆڤ لە ڕابوردووی خۆی، بەتایبەت لەنەریتە کۆمەڵایەتیەکان، لەهەموو ئەو یاسایانە کەپێشتر کاری پێکردوەو بووە هۆی ڕێکخستنی هەڵسوکەوت و پاراستنی ئەو بەهایانەی کەباوەڕی پێی هەبوە، یەکێکە لە ئامانجەکانی سیستیمی تۆتالیتاری و هەوڵ دەدا بەهەموو شێوەیەك مرۆڤ و تاکەکەس وابەستەی دەوڵەت بکات و لەناو کۆمەڵ بیتوێنێتەوەو وەك هەموو خەڵك وا بیر بکاتەوە کە سیستێمەکە بۆی دەستنیشان کردووە.[٣٨]

دوای بەرقەرار بوونی سیستێمی تۆتالیتاری لە چەند وڵاتێك لەسەدەی بیستەمدا زاناکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە تۆتالیتاریزم تەنها سیستیمێکی سیاسی نیە بەڵکو جۆرە سیستیمێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراویشە.[٣٩]

خ. لینج بۆ چوونەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئەنجامەکانی توێژینەوەی ز. برژینیڤسکی و د. فریدریك داڕشتوە لەبارەی رژێمی فرانکۆ لە ئیسپانیا، ئەو پێی وایە تۆتالیتاریزم ئەم چەند خەسڵەتەی هەیە :-

١. ستروکتوری دەسەڵات بەناوەندی کراوەو بەهێزەو یەك لایەنەیە " احادیە " تیایدا گروپێك بەسەریدا زاڵن و هیچ بەرپرس نین بەرامبەر هیچ ئۆرگانێك کە بەهەڵبژاردن دروست

بوبێت، و بەهیچ جۆرێ بەشێوەیەکی ئاشتیانە و دەستوریانە کەس بۆی نیە دەسەڵاتیان لێ بسەنێتەوە". دەسەڵات فۆرمی هەرەمی هەیە، سەرۆك لەسەروی هەموویانە، هەرسێ دەسەڵاتە سەرەکیەکە جێبەجێ کردن، یاسا دانان، دادگای دەستوری و باڵا لە دەست ئەم گروپە یان سەرۆك کۆبۆتەوە، دەسەڵاتی سەرۆك پیرۆز (مقدس) کراوە.

٠٢ مۆنوپۆلی بیر لەلایەن ئایدیۆلۆجیای دەسەڵاتدار دەکرێت و ڕەوایەتی لەلایەن ڕژێمەوە پێ دەدرێت، تەواوی خەڵك بەدەوری ئەو بیرە کۆدەکاتەوە بۆ ئەوەی بگەن بەئامانجی باشترو ئینگراسیۆنی گشتی ڕوو دەدات.

٠٣ چالاکانە خەڵك ئامادە دەکەن بەشێوەیەکی مۆدێرن بۆ ئەوەی ئەرکە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بەسەرۆکایەتی چەندین دامەزراو جێبەجێ بکەن. وەزیفەکان لەسەر بنەمای زۆرە ملێ و ترس جێبەجێ دەکرێن و بەمەش دەوڵەتی تۆتالیتار دەکاتە هەندێ ئامانجی ستراتیجی.

٠٤ خەڵات کردنی تاکە کەس، گروپ، چین، یان بەپارەو میدال یان بەشێوەیەکی مەعنەوی.

٠٥ گۆڕانی کولتوری لەئەنجامی ئەم پرۆسەیە ڕوو دەدات.[٤٠]

کارل فریدریش سالی ١٩٥٤ تایبەتمەندیەکانی سیستەمی تۆتالیتاری بە پێنج خالی سەرەکی دەستنیشان کردووە:

١- بوونی ئایدۆلۆژیایەك كە تیایدا مرۆڤ بەرجەستە دەبێ و تاكەكانیش پابەندی پەیڕەوكردنی ئەم ئایدۆلۆژیایەن.

٢- بونی حزبێكی خاوەن جەماوەر و (تاكانە) كە سیمبول و بڕیاردەرەكەی یەك تاكەكەسە، حزبێك كە بە شێوەی زنجیرە پلە و پایەی فۆرمەلە بووە و لە ئاستێكی بالاتر لە دەولەت جێی گرتووە، یا ئەوەتا لەگەل دەزگای دەولەتدا تێكەل و ئاوێتە بووە.

٣- بالا دەستیی تەواوی حزب و دەزگای پەیوەست بە حزب لە روی تەكنەلۆژیای پێشكەوتووی چەكە جەنگیەكان.

٤- بالا دەستەیی هەمەلایەنەی حزب بەسەر پەیوەندیە گشتیەكان و هۆكانی راگەیاندن.

٥- بوونی سیستەمێك بۆ كۆنترۆلكردنی فیزیكی و دەرونناسی تاكەكان بۆ ترساندن و تۆقاندنیان لە كاتی پێویست. [٤١]

هەولێر… كتێب

# ئاستی عەقلانی و ڕێکخراوەیی

یەکێك لەو بنەمایانەی کە تۆتالیتاریزم لەسەری دامەزراوەو پشتی پێ دەبەستێ ئاستی عەقلانی و ڕێکخراوەیی‌یە. تۆتالیتاریزمی ئەوروپایی باوەڕی تەواوی بەڕێکخستن و عەقلانیەت هەیە. [٤٢] زاناکانی بواری تۆتالیتاریزم جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کەسیستیمی تۆتالیتاری لەئاستی دەوڵەت دا بەردەوام گەشەیان کردوە، ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێنەوە بۆ باوەڕبوونیان بەتوانای مەنتیق و عەقڵ لەڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵ دا . دیارە لەم بوارەدا ئایدیۆلۆجیا و پارتی دەسەلاتدار ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. ئایدیۆلۆجیا کە پێکهاتەکەی فەلسەفی وعلمانی و عەقلانی‌یە تارادەیەك، پارتیش وەك ئامرازێك دەخرێتە نێو تەواوی دامەزراوەکانی دەوڵەت، کۆمەڵ، خێزان ... هتد.[٤٣]

ئا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ ئایا ئەم باوەڕە بە عەقلانیەت و مەنتق ئەمرۆ لاواز بووە ؟ بێگومان نا، بۆچی؟ چونکە ئەمڕۆ جیهان لە ئاستێکی پێشکەوتووی بوارەکانی مەعریفە دایە. سیستیمی زانیاریەکانی جیهانی دامەزراوە، بوارەکانی کارگێری و زانست سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە، لەهەمان کاتدا هەست بەگەشە کردنی عەقلانیەت و ڕێکخستن و مەنتق دەکرێت کە زۆر واقعیانە پرۆسە کۆمەلایەتیە جیاجیاکان بەڕێوە دەبەن.

هـەر لـەم ڕووەوە گەشـە کردنـی ڕێکخسـتنی کۆمـەڵ ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری بەسـەر بـیری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی تۆتالیتاریزمەوە هەیە. لەسەردەمی تۆتالیتاریزمی ئـەڵمانی دا ف. هاریـك لەنوسـینی کتێبـە بەناوبانگەکـەی (ڕێگـا بـەرەو کۆیلایەتی) دەڵێ : ئەڵمانیا هـەوڵ دەدات ئـەوروپا ڕێکبخـات، چونکە ئەوروپا پێویستی بەڕێکخستنە، ئێمەی ئەڵمان یەکـەم کەس بووین تێگەیشتین کـە ڕێکخسـتن چـەندە گرنگـە، ئێمـە ئێستا گەیشتوینەتە ئاستێکی ڕێکخستنی بەرز [٤٤].

ئەوەی جێگای سەرنجە لەکاتی ڕێکخستندا تـاك و گروپـە کۆمەڵایەتیـەکان ئۆتۆنـۆمی ڕاسـتەقینەی خۆیـان لەدەسـت دەدەن. چونکە ڕێکخسـتن بـەپێی ئایـدیۆلۆجیای سیسـتیمی تۆتالیتاری بەپلانی ناوەندی دادەنرێ و جێ بـەجێ دەکرێت، بەشـێوەیەك ڕەنگدانـەوەی بـیری تاکـە حزبـی دەسـەڵاتداری پێـوە دیـار بێـت. بۆیـە سـەیر نیـە ئەگـەر یـەکێك لەسـەرۆکە گەورەکانی بواری سیستیمی تۆتالیتاری بەئاشکرا ڕابگـەیێنێ و بڵێ، مەبەستمان لەمۆسۆلینیدیە: (ئێمـە یەکـەم کـەس بـووین ڕامان گەیاند کە هەتا شارستانی ئالۆزتر بێـت ئەوەنـدە زیـاتر ئازادی کەسایەتی سنوری بۆ دادەنرێت)[٤٥].

مۆسـۆلینی کەڕابـەری جوڵانـەوەو سیسـتیمی سیاسـی تۆتالیتـاری فاشـیزمی ئیتـالی بـوو هـەر بەوەنـدە ڕازی نـەبوو ئـازادی تاکـە کـەس و گروپـە کۆمەڵایەتیـەکانی نـاو کۆمـەڵی

مـەدەنی سـنوری بـۆ دابنرێـت، بـەڵکو زۆر ڕاشـــکاوانە لـە چەندین بۆنەدا دەیگوت: (هیچ شـتێك لــە دەرەوەی دەوڵـەت نیە، هـیچ شـتێك لەدەولـەت بەرزترنیـە، هـەموو شـتێك لـەناو دەولەتە)[٤٦]. سیستیمی تۆتالیتـاری، کـە دەوڵـەت لەسـەروی هەموو شتێکەوە دادەنێت لە ئاستێکی بەرزی عەقلانیەوە ئەم بیرۆکەیەی بۆ هـاتووە لەسـەردەمی کـۆنی یۆنانـدا، ئـەفلاتون لایـەنگری دەسـەڵاتی بـەرزی دەوڵـەت بـوو، بۆیـە بەلامانـەوە سەیر نیە ئەگەر لەسەدەی بیستەمدا بۆ ڕێکخسـتنی کۆمـەڵ و وابەستە کردنی تاکەکەس بـە کۆمـەڵ و پێکـەوە بەسـتنەوەی کۆمەڵ و دەوڵەت لەڕوسیای کۆمۆنیستی و ئیتالیـای فاشـی و ئـەڵمانیای نـازی دا نـەك هـەر کاریـان بـۆ کـردوە، نـەك هـەر وڵاتەکـــەیان بـــۆ چەســـپاندن و تـــاقی کردنـــەوەی بـــیرو ئایدیۆلۆجیاکەیان بەکار هێناوە ـ بەڵکو لە ئاستێکی عـەقلانی بـەرز لـەبورەکانی ئـابوری، کۆمەڵایـەتی، سیاسـی، کولتـوری هەوڵیان داوە هەموو ئەو بوارانە بخەنە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەت و دەرفەت و ئازادی بۆ کەس و هیچ شت نەهێڵنەوە کە لەوانـە ئازادی عەقل و بیرکردنەوەی خودە.

سیســـتیمی تۆتالیتـــاری کۆمۆنیســـتی کـــە هـــەوڵ دەدات لەڕێگای پەیڕەو کردنی ئایدیۆلۆجیا و بەرنامەی سیاسی خۆی مرۆڤی میسالی و "ئیدیاڵ" بێنێتە بەرهەم، کۆمەلێکی بێ چین و دوور لە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بنیات بنێت،

هەواڵەکانی ژیان

بەچەند کردارو وەزیفەیەکی دەوڵەتەوە دەیەوێ بگاتە ئەم ئامانجە. دیارە ئەم کردارانە پێش هەموو شت سنور دارکردنی چالاکیەکانی تاکەکەس و گروپە کۆمەڵایەتیەکانی بووە لە بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی‌دا. لەسیستیمی ئەڵمانیای نازی‌دا بەهەمان شێوە ئامانجی تۆتالیتاریزم دروست کردنی مرۆڤێکی ئەڵمانی شێوە نوێ بووە کە ئەم مرۆڤە لەدیدی نازیەکانەوە کاتێك میسالی دەبێ، ئەوکاتەی نەتەوەی ئەڵمان بخاتە سەروی نەتەوەکانی ترو سەرۆکی ئەڵمان بەبەرزترین مرۆڤی جیهان بزانێت و ئەڵمانیای وەك نیشتمانی خۆی لەسەروی هەموو دەوڵەتانی تری جیهان قبوڵ بکات. لەم بارەیەوە هیتلەر دەڵێت: ئەوەی ئێستا لەبەر چاوە، هونەر، زانست، تەکنەلۆژیا، هەموو ئەمانە بەری کۆششی ڕەگەزی ئارین، هەر لەمەوە دەتوانین بڕیار بدەین کە هەر ئاریەکان بوون مرۆڤایەتیان دروست کردووە، ئەوان یەکەم مرۆڤ بوون، تا ئەمڕۆش ئەوانن مەشخەڵی خواییان بەدەستەوەیە و ڕێگا لە بەردەم مرۆڤایەتی‌دا روناك دەکەنەوە، پڕیشکی لێهاتوویی لە نێوچەوانی ئەوانەوە مرۆڤی بەرەو زانست و داهێنان ڕێنمایی کردووە تا وای لێکردوون ببنە فەرمانڕەوا بەسەر هەموو گیان لەبەرەکانی تردا. هەر کاتێکیش ئاری نەما ئەوا تاریکی باڵ بەسەر زەوی دا دەکێشێت و لە چەند سەدەیەکدا شارستانیەت لەناو دەچێت

و زەوی چۆل دەبێت[٤٧] . بۆ دروست کردنی ئەم جۆرە مرۆڤە، تۆتالیتاریزمی ئەڵمانی پەنا بۆ ڕێکخستن دەبات، ئەم جۆرە ڕێکخستنەش لەسەر حسابی هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و پێشێل کردنی مافەکانی ئابوری سیاسی و کولتوری خەڵك دەستی پێکرد.[٤٨]

هەڵبەت کێشەی ڕێکخستن و دروست کردنی مرۆڤی میسالی ڕابوردویەکی مێژوویی قووڵی هەیە، لەسەردەمی کۆن دا ئەفلاتون ڕای وابوو ئەگەر دەوڵەت ڕێکخستنی ڕاستەقینەی هەبێت دەتوانێ خۆشگوزەرانی (رفاهیەت) گشتی و هاوبەش دابین بکات، ئەو پێی وابوو کە بۆ دەوڵەتێکی خاوەن ڕێکخستنێکی ڕاستەقینە هەر ئەوەندە بەس نیە کەیەکێك لەناو دەوڵەتدا بەختەوەر بێت، بەڵکو پێویستە و گرنگە بەختەوەری بەتەواوی بۆ هەموان بێت . لێرەدا بەتەوای بیری تۆتال و گشتگیری سەر هەڵدەدات، چونکە مەبەستی ئەفلاتۆن لەبەختەوەری گشتی دا ئەوەبووە کە دەوڵەت دەست بخاتە ناو بوارەکانی ئابوری و سیاسی وەك دواتر بەئاشکراباس لەم کێشەیە دەکات و دەڵا : بۆ ئەوەی دەوڵەت لە ئەنجام دانی وەزیفەکانی دوچاری کێشە نەبێت پێویستە گەڕان بە دوای ڕاستی قەدەغە بکرێت، خێزان و موڵکایەتی تایبەتی هەڵدەوەشێندرێتەوە، دەوڵەت لایەنەکانی ژیان ڕێکدەخات، لەوانە ژیانی تایبەت.[٤٩]

هـــەروەها ژیـــانی سێکســـی، سیســـتیمی پـــەروەردە هەڵدەوەشـێندرێتەوەو منـدالْ کـە لـەدایك دەبێـت لـەدایك دەسـەندرێتەوەو دەدرێتـە دامـەزراوی تایبـەتی پـەروەردە کردن. (٥٠)

لە کۆتایی ئـەم باسـەدا بۆمـان دەردەکـەوێ کەسیسـتمی سیاسی تۆتالیتاری سەدەی بیستەم سودی لە بیرو بۆچـوونی زاناکـانی سـەردەمی کـۆن وەرگرتـوە چ بـۆ دروسـت کردنـی مرۆڤی میسالی چ بۆ ڕێکخستنی کۆمـەڵ و بـاڵا دەسـت کردنـی دەوڵەت لە بوارە جیاجیاکاندا.

لەهـەمان کاتـدا نـاکری لێـرەدا کـەباس لـە عەقلانیـەت و ڕێکخستن دەکەین ئاماژە بەهەندێ لایەنی گـرنگ نـەدەین کـە دەوڵەتی تۆتالیتار، توانیبوی سـەرکەوتن بەدەسـت بهێنێـت . بـۆ وێنـە لـە یـەکێتی سـۆڤیەت پێشـکەوتنی بـواری ڕاکێتـی ئاسمـانی و بـە پیشەسـازی کردنـی دەوڵـەت، نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری و گەشـە پێـدانی ئۆربانیزاسـیۆن لـە وڵات بەگشـتی و هەنـدێ لایـەنی تـر. لـە ئـەڵمانیاش لەسـەردەمی هیتلـەردا تـوانرا ئاسـتی پیشەسـازی سـەربازی بـەرەو پـێش ببردرێـت و بەسـەر قـەیرانی ئـابوری دا زاڵ بـبن. ئیتالیـاش بەپێی هەندێ لەسەرچاوەکان لەساڵانی حـوکمی تۆتالیتـاری دا ئاسـتی ئـابوری پێشـکەوتنێکی بەرچـاوی بـەخۆوە بینـی. بەڵام لەوڵاتانی جیهانی سێیەم دا بەپێچەوانەی ئەو وڵاتانـەی

کـەباسمان لێـوە کـرد هـیچ جـۆرە پێشـکەوتنێکی بـەخۆوە نــەبینی و بــەڵکو ئــابوری و پێشــکەوتنی کۆمــەڵ دوچــاری دواکەوتوی هات.

هەواڵنامەی کتێب

# عێراق:
# نمونەی سیستیمی تۆتالیتاری

ئەگەر لە وڵاتانی پێشکەوتوی وەك ئەڵمانیا، یەکێتی سۆڤیەت، ئیتالیا، سیستیمی تۆتالیتاری تێدا بۆ ماوەیەکی دیاری کراودا بەرقەرار بووبێ، بەلامانەوە سەیر نیە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمیش پارت و ڕێکخراوی سیاسی سەر هەڵبدەن و گەشە بکەن و دەسەڵات بگرنە دەست و لە کۆتایشدا سیستیمی سیاسی تۆتالیتاری بنیات بنێن. چونکە لەڕاستیدا چ بەر لەشەڕی جیهانی دووەم و چ پاش ئەویش کاریگەری ئەو سیستیمە تۆتالیتارانە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لەدەسەڵاتی سیاسی ناوەندی ووڵاتانی جیهانی سێیەم دەبینرێ، بەتایبەتی وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[٥١] هەرچەندە دەسەڵاتی ناوەندی سیاسی ئەو وڵاتانە بەرواڵەت واخۆیان پیشان دەدەن کە لەڕێی کودەتا یا شۆڕشێکی جەماوەرانەی کە لێرەوە هاتوونەتە سەرحوکم، بەڵام لەنێوەرۆکدا هەر هەموو ئەوانە نیزامی ئۆتۆکراتی تۆتالیتارن و لەسەرجەمی بوارەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سەربازیشدا جەماوەریان ژێر دەستەو کەنار کردووە.لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم دا دووپارتی سیاسی لە عێراقدا بەئاراستەی تۆتالیتاری هەنگاویان نا، لە

هەندێ شتدا هاوبەشن و لە هەندێ لایەنی ئایدیۆلۆجی تردا دژ بەیەکن. [٥٢] بەڵام لەناوەڕۆکدا بۆ مۆنۆپۆل کردنی دەسەڵات هەردوو لا خەسلەتی تۆتالیتاریانەیان هەبوو کە ئەوانیش (پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، پارتی کۆمۆنیستی عێراق)بوون. لەساڵی ١٩٦٨ دا پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست لەڕێگای کودەتایەکی سەربازی دەسەڵاتی سیاسی لەعێراق گرتە دەست [٥٣]، تا ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان سیستیمی سیاسی عێراق خەسڵەتی تەواوی تۆتالیتارانەی بەخۆوە نەگرتبوو، چونکە لە کوردستاندا هێزی کوردی بەر هەڵستکاری ڕژێمی بەعس بوو، لە عێراقدا پارتی کۆمۆنیست تاڕادەیەك بنکەیەکی جەماوەری هەبوو، بۆیە ئەم قۆناغە بە قۆناغی خۆ بە هێزکردنی پارتی بەعسی دەسەڵاتدار حسێب دەکرێت. لە ساڵی ١٩٧٥ دا کە جولانەوەی کوردی تێکشا پارتی بەعس دەرفەتی بۆ ڕەخسا بۆ ئەوەی ئەو بەرنامە تۆتالەی " شامل " کە دایرشتبوو جێبەجێی بکات [٥٤] . چونکە تاقەیەك هێزی سیاسی لە عێراقدا کە مابووە پارتی کۆمۆنیست بوو. جگە لەمەش کۆمۆنیستەکان لەگەڵ بەعسیەکاندا لەبەرەیەکی یەکگرتوو دا بوون، بەناوی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشکەوتخوازەوە [٥٥] بەرنامەی تۆتالانەی پارتی بەعس چەند لایەنێکی گرنگی ژیانی کۆمەڵایەتی لە خۆ گرتبوو کەبەر لە

هــەموو شــتێك بەرنامەیــەکی ناسیۆنالیســتی عــەرەبی بــوو. لەڕێگای بە بەعس کردنی دامەزراوەکانی دەوڵـەت، دامـەزراوە حکـومی و مەدەنیـەکان، دامـەزراوە زانسـتیەکان، بەتایبـەت پــەیمانگاو زانکۆکــان و پــەروەردە بــە گشــتی دەســت کــرا بەپــــەروەردەکردنی نــــەوەی نــــوێ بــــەبیری ناسیۆنالیســــتی عەرەبی[٥٦].

وەك پێشــتر ئاماژەمــان پێکــرد یــەکێك لــە خەســڵەتەکانی سیسـتیمی تۆتالیتـاریزم پەیـدا کردنـی دوژمـن. لـە قۆنـاغی بڵاوکردنــەوەی بــیری ناسیۆنالیســتی دا، بەعســیزم دوژمنــی سەرسەختی خۆی لـە ئیمپریـالیزم و زایـۆنیزم دا دەبینیـەوە، جگە لە دوژمنی ناوەخۆ کە بریتـی بـوون لـە هـەموو ئەوانـەی کەبەعســی نــەبوون. بەتایبــەت جوڵانــەوەی رزگــاری خــوازی نەتــەوەیی کــورد کــە جــارێکی تــر لــە چــوار چێوەی پــارت و ڕێکخراوی سیاسی نوێ لە کوردستان دروست ببـوون و هێـزی چەکداریان پێکهێنا بوو[٥٧].

لــەڕۆژی دروســت بــوونی دەوڵــەتی عێراقــەوە تــا ئــەم ســــەردەمەی ئێســــتا، عێــــراق بــــە قۆنــــاغی گۆڕانکــــاری و گواستنەوەدا تێپەر دەبێت. لـەم جـۆرە قۆناغـەدا زەمینـە بـۆ هاتنە سەر حوکمی سیسـتیمی تۆتالیتـاری دەڕەخسـێ، لێـرە زیـاتر مەبەسـتمان سـەدەی بیسـتەمە تـا کۆتـایی سـاڵانی هەشـتاکانییش. لـەم بـوارەدا زانـای زانسـتی سیاسـی روسـی

موخـــایڤ دەنوســـێ : " لـــە وڵات دا کـــە گۆڕانکـــاری لـــە قۆناغـــەکانی کۆمـــەڵ ڕوودەدات بەتایبـــەت لـــە کۆمـــەڵی " تەقلیدی " ترادیسیۆنی کـە هـەنگاو دەنـێ بـەرەو کۆمـەلێکی ســـەنعەتی پێشـــکەوتوو، مـــرۆڤ دووچـــاری ســـەر لێشـــێواوی دەبێتەوە بەردەوام چاوی لەوەیە دەوڵەت داکۆکی لێ بکـات و ژیـانی بـۆ دابـین بکـات، گروپێـك لەوانـە دەبنـە داردەسـتی سیسـتیمی تۆتالیتـاری و کوێرانـە بـاوەڕ بـە هـەموو شـتێك دەکەن، ئامادەن هـەموو فەرمانـەکان جـێ بـەجێ بکـەن [٥٨].

ئەگەر ئەم بۆ چوونەی موخایڤ لەگەڵ سـەردەمی حـوکمڕانی بەعس لە عێراقدا بەراورد بکەین، بێ گومان ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشـــکرا دەبێـــت کـــە بەشـــێکی خـــەڵکی عێـــراق کوێرانـــە فەرمانەکانی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعسیان جـی بـەجێ دەکـرد، بەتایبـەت لـە دۆزینـەوەی دوژمنـی دەرەکـی " ئیمپریـالیزم، زایۆنیزم، فرس المجوس " ، دوژمنی ناوخۆ کەبریتی بوون لـە هـــەموو دەنگێـــك کـــە بـــۆنی نـــاڕەزایی لێهاتبـــا بەرامبـــەر بەڕژێمەکـــەی. [٥٩] چـــونکە وەك پێشـــتر ئاماژەمـــان پێکـــرد سیستیمی تۆتالیتاری دنیا دابەش دەکاتە سەر ڕەش و سپی، دۆست و دوژمن، ئێمە وئەوان.

بـەم شـێوەیە پلـوڕالیزمی سیاسـی کـە بەدیاردەیـەکی هاوچـەرخ دادەنرێـت لەسـایەی سیسـتیمی تاکـە حزبـی لـە عێراقـدا بـوونی نـەما. ئـازادی و رادەربـرین بـە هـەموو جـۆرە



هەولاتامەی کێتێب

لەفەرهـــەنگی سیاســـی کۆمـــەڵی عێراقـــدا ســـڕایەوە. دامـەزراوەکانی دەوڵـەت ڕاسـتەوخۆ کەوتنـە ژێـر دەسـەڵاتی پارتی بەعس و بەگشتی بەئایدیۆلۆجیا کـرا. دەستوری کـاتی عێـراق بـەپێی بەرژەوەنـدی پـارتی دەسـەڵاتدارو لـەژێر کاریگەری پارتی بەعس گۆڕانی بەسەردا هات[60].

سەرۆك لەسیستیمی تۆتالیتـاردا دەسەڵاتی بی سنوری هەیە، وەك بلیمەتێك لەسەروی کۆمەڵەوە سەیر دەکرێت. ئەم جۆرە سەرۆکە لە عێراقـدا لەکەسایەتی " صـدام حسـێن "دا بەدی هـات، هـەموو دامـەزراوەکانی پـارتی بـەعس و زۆربـەی هـەرە زۆری دامـەزراوەکانی دەوڵـەتیش ئـەم کەسـەیان کـرد بەسـەرۆکی یەکـەم و دەیـان نازنـاوی وەك (قارەمـان و زانـاو سەرۆك و...هتد) لێنا.[61] پلەو پایەی ئەم سەرۆکە بە پـیرۆز ڕاگیرا، قسەکانی لـە هـەر بارەیـەك بوایە وەك یاسـای نـەگۆڕ کاری پێدەکرا و بـەرزترین دەسـەڵات بـوو لـە عێراقـدا[62]. بـۆ ئەوەی ناو و وێنـەی سـەرۆك هەمیشـە لەگـەڵ خـەڵك بونایـە، لەهەموو

دامەزراوە ڕەسمـی و ناڕەسمیـەکان، حکـومی و مـەدەنی، عەسـکەری و ... هتـد دەبوایـە وێنـەکانی هەڵبواسـرابا، لـە گۆڕەپانـــەکان پەیکـــەری بـــۆ دروســـت بکرابـــا، شـــەقام و گەڕەکەکانی بەناوبکرابا، فرۆکەخانەو زانکۆی بـەناوکرابا [63]. ئەمە یەکێك لـە خەسـڵەت و سـیمای تۆتالیتـاریزمی عێراقیـە،

دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانان و دادگای باڵاش گشتیيان لەژێر ڕێبەرایەتی پارتی بەعس بەڕێوە دەچون، هیچ جۆرە سەربەخۆییەك لەدەسەڵات وجودی نەما، بەکردەوە دەسەڵاتەکان لەدەست تاکەیەك کەس کۆببوونەوە ئەویش سەرۆکی دەوڵەتە. بۆ کۆنترۆڵ کردنی عەقل و شعوری جەماوەر بە بیروباوەری حزبی دەسەڵاتدارو بەپیرۆز و بەرز ڕاگرتنی سەرۆك ڕۆژانە هەموو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە جیاجیاکان و گۆڤارەکان پروپاگەندەیان بۆ سیستیمەکە و سەرۆك بەتایبەتی دەکرد[٦٤]. دیارە ڕاگەیاندن لەسیستیمی تۆتالیتاری دا تەواو ئازادی و سەربەخۆیی خۆی لەدەست دەداو دەبێتە ئامرازێکی گرنگی سیستیمەکە بۆ بڵاوکردنەوەی بەهاو ئایدیۆلۆجیای پارتی دەسەڵاتدارو هێرش کردنە سەر نەیارەکانی. لەلایەکی تر سیستیمی تۆتالیتاری عێراق کەرتە گرنگ و گەورەکانی ئابوری عێراق خستبوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی. بەتایبەت کەرتەکانی نەوت، هێڵی ئاسنین، کارگە زلەکانی سەربازی و مەدەنی بازرگانی دەرەوە . بەتایبەت ئەمەی دوایی لە بواری " import " دا کەوتبوە دەست دەوڵەت یان کەسانی دەوروبەری سەرۆك[٦٥].

هەڵبژاردن کە لەوڵاتانی دیموکراتی دا بەپێی یاساو دەستور بەڕێوە دەچوو، پارت و ڕێکخراوی سیاسی پیشبڕکێ

وململانێ لەکاتی هەڵبژاردن لەچوار چێوەی دەستوردا دەکەن بۆ گرتنە دەستی دەسەلآت، لە عێراقدا هەڵبژاردنی ساختە ئەنجام دەدراو تەنها پارتی بەعس لەکاتی هەڵبژاردن دا خۆی خاوەن ماڵ بوو ، بۆیە لەم جۆرە هەڵبژاردنەدا سەرۆکی دەوڵەت ٩٩ ٪ دەنگی بەدەست دەهێنا [٦٦].

جگە لە هەڵبژاردنی ساختە و ڕاگەیاندن وەك ئامرازی پڕوپاگەندە بۆ جێگیرکردنی سیستێمیتۆتالیتاری لە عیراقدا، دەزگای تیرۆر و تۆقاندنیش بە شێوەیەکی بەرفراوان لە تەواوی شار و شارۆچکەکانی وڵات بنکەی ترسناکیان هەبوو. ئەم دەزگایە لە شێوازی کارکردنیاندا هیچ جۆرە بەهایەکی مرۆڤانە و یاسایانەیان لەبەرچاو نەدەگرت، بەلکو وەك دڕندەترین و ترسناکترین دەزگای تۆقێنەر لە مێژوودا هەزاران کەس لە سێدارە دراون و کوژراون و باشترین نمونەش بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە دۆزینەوەی ئەو هەموو گۆڕستانە بە کۆمەڵە یە کە خەڵکی تیا کوژراوە و نێژراوە. [٦٧]

هەروەك لە خەسلەتەکانی تۆتالیتاریزمدا باسمان لێوە کرد، سیستێمی تۆتالیتار هەوڵی دروستکردنی مرۆڤی شێوە نوێ دەدات، لە عیراقدا کار بۆ ئەم مەسەلەیە کراوە، هەر لە دانانی وانەی تایبەت"الثقافة القومية"لە هەموو خوێندنگە و زانکۆ و پەیمانگاکاندا، و پەروەردەکردنی نەوەی نوێ تا خوێندن تەواودەکات بە بیری بەعسیزم، کە ئەویش زیاتر

خـــــۆی لـــــــە ڕێکخراوەکـــــانی "طلائـــــــع، فتـــــوة، شبيبة"دەبینێتەوە،[٦٨] ئەمە زیاتر بۆ ئـەوە بـوو تاکـە کـەس هیچ سەروەری و سەربەخۆیی خـۆی نـەمێنێ و لـەناو حـزب و دەوڵەتـدا بتوێتــەوە، ئـەم جـۆرە سیسـتەمە دەبێتـە هـۆی دابڕاندنی مـرۆڤ لـە بـەها کۆمەڵایەتیـەکان، هەڵوەشـاندنەوەی هـــەموو جـــۆرە بیرکردنەوەیـــەکی ســـەربەخۆییانەیە، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەموو شارەکانی عیراقدا پەیرەوی دەکرا، پیادەکردنی سیستێمی تۆتالیتاری لە عیراقدا جیاوازی زۆری لەگــەڵ وڵاتـانی ئــەوروپادا هــەبوو، مەبەســت لێــرە ئـەڵمانیای نـازی و ئیتالیـای فاشـی و ئـەوروپای خۆرهـەڵاتی تۆلیتاریـە. چـونکە بێگومـان ئاسـتی هۆشـیاری سیاسـی ئـەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە ناومـان هێنـان، یـەکێك لـە خەسـلەتە هەرە بەرچاوەکانی سیستێمی تۆلیتاری لە عیراقدا بریتیـە لـە تێکــەلکردنی سیســـتێمی ئاڤتۆریتـــاری (الحكـــم الفـــردی)و سیسـتێمی تۆتالیتـاری. هەنـدێ جـار ئـەوەی یەکـەم لەگـەڵ دووەم زیـــاتر خـــۆی زاڵ دەکـــرد. بـــەکورتی سیســـتێمی تۆتالیتاریعیراق ڕەنگدانەوەی ئاستی نزمی کولتوری سیاسـی پێـوە دیـارە و بـە یـەکێك لـە دڕنـدەترین و دواکـەوتوترین سیستێمی سیاسی ناوچەکەو جیهان حسێب دەکرێت، ڕێگرە لەبـــەردەم گەشـــەکردنی بوارەکـــانی ئـــابوری، سیاســـی، کۆمەڵایەتی.

# ئەنجام

تۆتالیتــاریزم لەسیســتیمی سیاســی دا ئەگەرچــی ڕەگــی مێژوویی‌یــە هەیــە، بــەڵام دیاریدەیــەكی ســەدەی بیســتەمە. چونكە لەم سەدەیەدا ئەم جۆرە سیســتیمە لــە چــەندین وڵات جێگیر كراو وەك دوژمنی سەرسەختی دیموكراتیەت پــەیڕەوی لەسیستیمی تاكە حزبی دەكرد و دكتاتۆریــەتی شــێوە نــوێی دروست دەكرد. تۆتالیتاریزم بە فۆرم و ئایدیۆلۆجیای جیاجیا پەیــدابوو، كارەســاتی زۆری بۆســەر مرۆڤایــەتی هــەبووەو بۆتەهۆی كوژران و لەناوچونی ملیونــەها خــەڵك. تۆتالیتــاریزم دژی كۆمەڵی مەدەنی و فرە پارتایەتی و بازاڕی ئــازادو مــافی مرۆڤــە. دژی دەوڵــەتی یاسایی و سیســتیمی پەرلەمانی‌یــە. لەپێناو مانەوەی خۆی و درێژە پێدانی سیستیمەكەیدا پشــت بـــەتیرۆر دەزگـــای ســـەركوت كـــردن دەبەســـتێ. هـــەوڵی تواندنەوەی تاكەكەس لەناو كۆمــەڵ دەداو تــەواوی كۆمــەڵیش بەدەوڵەتەوە دەبەستێتەوە دەوڵتیش بەهەموو دامەزراوەكانی خــۆی بریتیــە لــە دامــەزراوەكانی پــارتی دەســەڵاتدار كــە لــە چوارچێوەی ئایدیۆلۆجیای خۆی دا تەواوی بوارەكــانی ژیــانی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابوری، فەرهەنگی و كولتوری كۆنترۆل دەكات. سیستیمە تۆتالیتاریەكان لــە مێــژوودا لــەناو چــوون و ئەوانەی ماویشن بەڕای زاناكــان چارەنوســیان هەڵوەشــانەوەو گەڕانەوەیە بۆ دەوڵەتی یاساو لیبرالیزم.

# پەراوێزەکان

١- کۆمەڵێك زانای ئەکادیمی روسی: کورتە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای زانستی سیاسی، مۆسکۆ،١٩٩٧،(بە زمانی روسی)، ل٥١٥.

٢- هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

٣- داریوش اشوری: فرهنگ سیاسی، تهران،١٣٦٨، ل٦٥

٤- موخایف.ر.ت: زانستی سیاسی، مۆسکۆ،١٩٩٨،(بە زمانی روسی)، ل١٤٥

٥- هاجییێف.ك.س: بنەماکانی زانستی سیاسی، مۆسکۆ ١٩٩٧،(بە زمانی روسی)،ل٢٣٩

٦- هەمان سەرچاوە، ل٢٣٩

٧- موخایف.ر.ت: زانستی سیاسی، مۆسکۆ،١٩٩٨،(بە زمانی روسی)، ل١٤٧

٨- هەمان سەرچاوە، ل١٤٧

٩- هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

١٠- هاجییێف.ك.س: هەمان سەرچاوە،ل٢٤٥

١١- هەمان سەرچاوە،٢٤٥

١٢- موخایف.ر.ت: -هەمان سەرچاوە،ل١٤٩

١٣- هاجییێف.ك.س: هەمان سەرچاوە،ل٢٤٧

١٤- بیکۆڤ.ڤ.پ، سیدۆرۆڤ.س.ئا: تۆتالیتاریزم سروشت و ناوەرۆکی دیاردەکە، پیتربۆرگ،١٩٩٧،(بە زمانی روسی)،ل٨

١٥- هەمان سەرچاوە، ل٨

١٦- هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

١٧- هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

هەواڵنامەی کتێب

١٨- لە ئێران وەزارەتی ئیرشادی ئیسلامی هەیە تایبەتە بۆ سانسۆر خستنە سەر بیروباوەڕی دژ بە ئایدۆلۆژیای ڕەسمی دەوڵەت، دژایەتی هەموو بیر و باوەڕێك دەکات لە بوارەکانی ئەدەب، سیاسەت، هونەر...هتد کە لەگەڵ بیروباوەڕی سیستێمی سیاسی ئێران نەگونجێ.

١٩- پوگەچیۆڤ.ڤ.پ: زانستی سیاسی، مۆسکۆ،٢٠٠١،(بە زمانی ڕوسی)،ل٢١٤

٢٠- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢١- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢٢- دێڤید ئیستۆن کە داهێنەری میتۆدی سیستێمیانەیە باس لە وەزیفەکانی سیستێمی سیاسی دەکات و ڕای وایە کە لەکاتی دانانی یاساو جێبەجێکردنیان لەلایەن دامەزراوەکانی خوارەوە، ئەم بڕیارانە لە داهاتوودا دبن بە یاسا و وەك بەهایەکی سیاسی و کۆمەلایەتی لە ناو خەلك جێگیر دەبن، بۆیە لێرەدا دەوڵەت دابەش کەری بەهاکانە، چونکە یاساکان لە دەسەلاتەوە دەردەچن.

٢٣- -پوگەچیۆڤ.ڤ.پ: هەمان سەرچاوە،ل٢١٥

٢٤- هەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوو.

٢٥- فاشیزمی ئیتالی دژی کۆمۆنیزم و دیموکراسی بوو، سیستێمی کۆمۆنستی سۆڤیەت دژی سەرمایەداری بوو، ڕژێمی تۆتالیتاری بەعسی عیراقی دژی (فرس المجوس و زایۆنیزم و ...هتد) بوو.

٢٦- حنە ارندت: التوتاليتاريە، ترجمە انگان ابوزيد، بيروت، ١٩٩٣، ل٢٤٣.

٢٧- هەمان سەرچاوە،ل٢٤٣.

٢٨- نمونەی لەو بابەتە لە زۆربەی ولاتانی تۆتالیتار هەبووە لە عیراق، ڕوسیای ستالینی و ...هتد. هەریەك تاکە حزب بوونی هەبووە

ئیتر خەڵکی بە زۆر و بە ترس دەبووایە دەنگ بە تاکە حزب و بە سەرۆك بدەن، بۆیە ئەنجامەکەی وا باو بوو ٩٩٪ بوو.

٢٩- ئلڤین تۆفلەر و هایدی تۆفلەر: بەرەو مەدەنیەتی نوێ، وەرگێرانی محمد کریم، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٦٢

٣٠- وێنە و پەیکەرەکانی ستالین، وێنە و پەیکەرەکانی سەددام حوسێن، هیتلەر،ماوتسی تۆنگ، کیم ئیل سۆنگ، و ... هتد. نمونەی ئاشکران لە مێژوودا.

٣١- لەدوای سەرکەوتنی بەلشەفیەکان لە سالی ١٩١٧ و روخانی سیستێمی تزاری روسی دەستوری نوێ دانرا، لە ئێران دوای روخانی شا دەستوری توتالیتاری ئێران دانرا، لە زۆربەی وڵاتانی تریش کە سیستێمی تۆتالیتاریان تێدا بەرقەرار بوو بە هەمان شێوە دەستوری نوێ دانرا.

٣٢- حنە ارندت: هەمان سەرچاوە،ل١٣

٣٣- هاجییێڤ کە بەشێکی تایبەتی بۆ تۆتالیتاریزم لە کتێبی زانستی سیاسی تەرخان کردووە، ئامازە بەوە دەکات کە سیستێمی تۆتالیتاری هەولی دروستکردنی مرۆڤی نوێ دەدەن. ئەو مرۆڤە جیاوازە لەگەل مرۆڤەکانی تری کۆمەلی مەدەنی، چونکە بیرکردنەوە و تێگەیشتن و هەڵسوکەوت و بەهای تەواو جیاوازە، بۆیە سەیر نیە کە باس لەوە دەکات نیاندرتال گەشەی کردووە بۆ مرۆڤی هۆمۆ هاپینس، ئەم مرۆڤەش دەگۆڕدرێت بۆ مرۆڤی تۆتالیتار.

٣٤- هاجییێف.ك.س: هەمان سەرچاوە،ل٢١٥

٣٥- هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

٣٦- بیکۆڤ.ڤ.پ، سیدۆرۆڤ.س.ئا: هەمان سەرچاوە،ل٩٥

٣٧- هایك.ف.ئا: رێگا بەرو کۆیلایەتی، مۆسکۆ،١٩٩٢،(بە زمانی روسی)،ل٣٣

هەواڵنامەی پێشڕەو

٣٨–هایك.ف.ئا: هەمان سەرچاوە،ل٣٣

٣٩–كۆمەڵێك زانای ئەكادیمی روسی: كورتە فەرهەنگی ئینسكلۆپیدیای زانستی سیاسی، مۆسكۆ،١٩٩٧، (بە زمانی روسی)،،ل٢١٥

٤٠– موخایف.ر.ت: –هەمان سەرچاوە،ل١٤٧

٤١– یوجین كامنكا: توتالیتاریزم، وەرگێڕانی ڕێباز مستەفا، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە(٢٦)،حوزەیرانی٢٠٠٢، ل١٩١–١٩٢

٤٢– هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

٤٣– پوگەچیۆڤ.ڤ.پ: هەمان سەرچاوە،ل٢١٣–٢١٤

٤٤– هایك.ف.ئا: هەمان سەرچاوە،ل٢٠٤–٢٠٥

٤٥– هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

٤٦– هاجییێف.ك.س: هەمان سەرچاوە،ل٢١٦

٤٧– ئەدولف هیتلەر: خەباتی من، وەرگێرانی محمد صالح گەلالی، ٢٠٠٣، سلێمانی، ل٩٤

٤٨– –هەمان سەرچاوە ی پێشوو،ل١٦

٤٩– –ئەفلاتون: نوسینەكانی، بەرگی سێیەم، مۆسكۆ، ١٩٩٤، (بە زمانی روسی)،ل١٢٣

٥٠– هەمان سەرچاوە و لاپەرەی پێشوو.

٥١– كاریگەری یەكێتی سۆڤیەت بەسەر میسر لە سەردەمی جەمال عەبدولناسر و سوریا لە سەردەمی حافڤ ئەسەد و عیراق لەسەردەمی حوكمڕانی ئەحمەد حەسەن بەكر و سەددام حوسێن، هەروەها بەسەر ڤێتنام و كوبا و ئسیوبیا پێش ساڵانی نەوەدەكانی سەدەی بیستەم و چەندین وڵاتی تر نمونەی راستەقینەن لە مێژووی سەدەی بیستەم.

٥٢- پارتی بەعس ناسیۆنالیست و شۆڤێنیست بوو، پارتی کۆمۆنیست ئینتەر ناسیۆنال بوو، بەڵام هەردوو لا بۆچونیان بنیات نانی سۆسیالیزم بوو.

٥٣- حسن العلوی: العراق دوله المنقمه السریه، (شوێنی چاپ نیه)، ل٥١.

٥٤- هەمان سەرچاوە ی پێشوو،ل٨٤

٥٥- هەمان سەرچاوە ی پێشوو،ل٨٤-٨٥

٥٦- د.دلێر ئەحمەد حەمەد:ئەو بارودۆخەی (ی.ن.ك)ی تێدا لەدایك بوو، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە(١٩)، سالی ٢٠٠٠، ل١٥

٥٧- هەمان سەرچاوە ی پێشوو،ل

٥٨- پوگەچیۆڤ.ڤ.پ: هەمان سەرچاوە،٢١٥

٥٩- حسن العلوی: هەمان سەرچاوە،ل٤٨

٦٠- هەمان سەرچاوە ی پێشوو،ل٥٥-٥٦

٦١- لە سەردەمی حوکمڕانی سەددام حوسێن دا وای لێهاتبوو ئەگەر ناوی سەرۆکت بهێنابووایە دەبووایە بڵێی (خوا بیپارێزێ)، کەناڵەکانی راگەیاندنی عیراق بە شێوەیەکی بەرفراوان جۆرەها نازناوی وەك: قارەمانی رزگاریتەتەوەیی، قارەمانی مێژوو، پارێزەری دەرگای رۆژهەلاتی جیهانی عەرەبی و (٩٩) نازناوی هەبوو.

٦٢- ئەگەر جارێك سەددام سەردانی شوێنێکی بکردایە لەوێ هەر قسەیەکی بکردایە و پەیوەندی بە کاروباری دەوڵت و کۆمەڵ هەبووایە، قسەکانی دەبوون بە یاسا، بۆ نمونە: هەر ئەوەندە وتی نیازمان وایە هەولێر بکەین بە پایتەختی هاوینەی عیراق، ئیتر دوای ساڵێك دامەزراوەکانی بەعس لە ساڵیادی ئەم قسەیە لە هەولێر رژانە سەر شەقامەکان بۆ پشتگیری لە قسەکانی سەرۆك کە ساڵی پێشتر کردبووی.

٦٣–بۆ نمونە: مگار صدام الدولی، جامعە صدام، مدینە صدام، مستشفی صدام... ئەمانەو سەدان شتی تر لە عیراقدا بەناوی سەددامەوە هەبوو.

٦٤– حسن العلوی: هەمان سەرچاوە،ل ٣٨، ئەگەر لاپەڕەکانی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی عیراق هەڵبدەیتەوە لە سەردەمی سەددام حوسێن ئەم ڕاستیەت بۆ ئاشکرا دەبێت.

٦٥– حسن العلوی: هەمان سەرچاوە،ل١١٦

٦٦–لە هەموو هەڵبژاردنە ساختەکانی عیراقدا سەرۆك زیاتر لە ٩٩٪ دەنگی بەدەست دەهێنا.

٦٧–بە هەزاران بەلگەنامە دوای ڕوخانی سەددام کەوتوونەتە دەست، زۆربەیان ڕاستیی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

٦٨– د.دلێر ئەحمەد حەمەد:ئەو بارودۆخەی (ی.ن.ك)ی تێدا لەدایك بوو، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژمارە(١٩)، ساڵی٢٠٠٠، ل١٥

هەواڵنامەی کتێب

# لیستی سەرچاوەکان

## بە زمانی کوردی

١. ئەدولف هیتلەر: خەباتی من، وەرگێرانی محمد صالح گەلالی، ٢٠٠٣، سلێمانی

٢. ئەلڤین تۆفلەر و هایدی تۆفلەر: بەرەو مەدەنیەتی نویێ، وەرگێرانی محمد کریم، سلێمانی، ٢٠٠٢

## بە زمانی عەرەبی

٣. حسن العلوی: العراق دولە المنقمە السریە، (شوێنی چاپ نیە)

٤. حنە ارندت: التوتالیتاریە، ترجمە انگان ابوزید،بیروت،١٩٩٣

## بە زمانی روسی

٥. ئەفلاتون: نوسینەکانی، بەرگی سێیەم، مۆسکۆ، ١٩٩٤، (بە زمانی روسی)

٦. بیکۆڤ.ڤ.پ، سیدۆرۆڤ.س.ئا: تۆتالیتاریزم سروشت و ناوەرۆکی دیاردەکە، پیتربۆرگ،١٩٩٧

٧. پوگەچیۆڤ.ڤ.پ: زانستی سیاسی، مۆسکۆ،٢٠٠١،(بە زمانی روسی)

٨. کۆمەڵێك زانای ئەکادیمی روسی: کورتە فەرهەنگی ئینسکلۆپیدیای زانستی سیاسی، مۆسکۆ،١٩٩٧،(بە زمانی روسی)

٩. موخایف.ر.ت: زانستی سیاسی، مۆسكۆ،١٩٩٨،(بە زمانی روسی)

١٠. هاجییێف.ك.س: بنەماكانی زانستی سیاسی، مۆسكۆ ١٩٩٧،(بە زمانی روسی)

١١. هایك.ف.ئا: رێگا بەرو كۆیلایەتی، مۆسكۆ،١٩٩٢،(بە زمانی روسی)

***بە زمانی فارسی***

١٢. داریوش اشوری: فرهنگ سیاسی، تهران،١٣٦٨

***گۆڤار بە زمانی كوردی***

١٣. د.دلێر ئەحمەد حەمەد:ئەو بارودۆخەی (ی.ن.ك)ی تێدا لەدایك بوو، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە ()، سالی

١٤. یوجین كامنكا: توتالیتاریزم، وەرگێڕانی رێباز مستەفا، گۆڤاری رێبازی نوێ، ژمارە(٢٦)،حوزەیرانی٢٠٠٢

هەواڵنامەی پێژ

# بەشی پێنجەم
# لیبرالیزم

هەواڵنامەی کتێب

# لیبیرالیزم

لیبیرالیــزم دیاردەیــەکی فــرە پــلانو ئالۆزە،لــە بــواری جیاجیادا دەردەکەوێو لە وڵاتـانی جیاجیـا بەشـێوەی هەمـە جـۆر خـۆی دەنوێنـێ. لیبیرالیـزم وەك چـەمكی كۆمەڵایـەتی سیاسی هاوچەرخ لە زۆر گوتەو دروشـم دا خـۆی دەبینێتـەوە وەك: بیری بەهای تاکەکەسو بەرپرسیاریەتی ئەو بەرامبەر بە کردەوەکــانی خــۆی، بــیری خاوەنداریــەتی تایبــەتی کــە مــەرجێکی پێویســتە بــۆ ئــازادی تاکەکــەس، پرنســیپەکانی بازاڕی ئازاد، بە ئازادی منافەسـەکردنو بـە ئـازادی بازرگـانی کردنی" بەلێندەر"، یەکسانی بـە گـوێرەی توانـا، سیسـتێمی دابـەش کردنـی دەسـەڵات، بـیری دەوڵـەتی قـانونی لەگـەڵ پرنســیپەکانی یەکســانی هاووڵاتیــان لەبــەردەم یاســا، دان بەخۆداگرتنو داکۆکی لە مافی کەمایـەتی، زامـن کردنـی مافـە بنچینەییەکانی ئازادی کەسایەتی (ویژدان، وشـە، کۆبونـەوە، دروســت کردنــی پــارتو ڕێکخــراوی دیمــوکراتیو سیاســی هەمەجۆر) مافی هەڵبژاردنی گشتی.

لیبیرالیزم– بریتییە لە کۆمەڵێك پرنسیپو دۆخ کە دەکرێ ببنە بنچینەو بنـەمای پرۆگرامـی پـارتی سیاسـیو سـتراتیجی سیاسی ئەم یا ئەو حکومەت یان حکومەتی ئیئتلافی.

لیبیرالیزم: سیستێمی دیـدو بۆچـوونە دەربـارەی جیهـانی دەوروبــەر، جۆرێکــە لــە مەعریفــەو ئیتجــاهی ئایــدیۆلۆجی–

سیاسـی، کـە هـەموو کـات ڕێـك ناکـەوێت لەگـەڵ بەرنامـەی پارتێکی سیاسی دیاری کراودا یان سیاسەتی پارتێکی دیـاری کراو، لە هەمان کات دا ئەمە تیۆریایـە، مەزهەبـە، پرۆگرامـەو پراکتیکی سیاسیيە.

لیبیرالیـزم: بریتیيـە لـە سیسـتێمی دینـامیکی زینـدوو، کاریگەریـەتی تـەیارەکانی تـری بەسـەرەوە هەیـە، بـەردەوام خـۆی ڕێکـدەخاو لەگـەڵ گۆڕانکاریـەکانی دەوروبـەری خـۆی، خۆی دەگونجێنێ بەتایبەت لەگەڵ واقیعی نوێدا.

لەگەڵ هەموو ئەو جـۆرە هەمـە لایەنـەی لیبیرالیـزم، ئـەم بیرە ڕەگێکـی هاوبەشـیو کۆمـەڵێك بۆچـوونی دیـاری کـراوی هەیـە، لەوانـە– فکـرو پرەنسـیپو ئیدیاڵـەکان کـە گشـتیان دەیکەنە بیرێکی کۆمەڵایەتی– سیاسی تایبەتو دیاری کراو.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرچاوەکانی لیبیرالیزم:

لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم زاراوەی لیبیرالیزم کەوتە ناو فەرهەنگی کۆمەڵایەتی- سیاسی ئەوروپا سەرەتا لە ئیسپانیا لە ساڵی ١٨٨٢ بەو کەسانەیان دەگوت لیبیرال کە گروپێکی ناسیونالیست بوون سەر بە پەرلەمان بوون دواتر ئەم زاراوەیە کەوتە ناو زمانی ئینگلیزیو فەرەنسیو زمانە ئەوروپییەکانی تر.

سەرچاوەکانی جیهان بینی لیبیرالی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنیسانس، ریفۆرمیستەکان، شۆڕشی زانستی، کەسایەتی مێژوویی گرنگ کە بەسەرچاوەی ئەم بیرە دابنرێت بریتین لە: ج- لۆك، ل.ش. مۆنتێسکیو، ئە. کانت، ئا. سمیث، ت. جیفرسۆن، جۆن مێدیۆن ئا- تۆکڤیل...هتد. بیروباوەڕی ئەمانە لەلایەن زانای تریش پەرەی پێدرا لەوانە ج. میل، ل. هۆبهاوز. ت. گرینو زۆری تر لە موفەکیرانی سیاسی کۆمەڵایەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا. ئەوانەی کە دواتر بوون بە تەواوکەری ئەم بیرە لە بواری جیهان بینی بریتین لە ئابوری کلاسیکی ئەوروپی فەلسەفەی کلاسیکی ئەلمانی، مونەویرەکانی ئەوروپیو ئەمەریکیو...هتد.

سەرباری هەموو جیاوازییەکان لەم بوارەدا، بەڵام کۆمەڵێك بۆچوونو شتی هاوبش هەبوو کە هەموو ئەمانەی بەیەکەوە کۆدەکردەوەو هانی دەدان بۆ ئەوەی هەریەك

لەمانە لە ڕۆژگارو سەردەمی خۆی بە گوێرەی واقیعی وڵاتی خۆی بیر لە چارەسەرێك بكاتەوە بۆ گۆڕاندنی ئەو قیەمو بەهایە كە وەستابوو، كۆن ببوو بەتایبەت چارەسەركردنی كێشە گرنگەكانی سیاسیو ئابوری، بیناكردنەوەی دامەزراوە سیاسیو كۆمەڵایەتیەكان بەشێوەیەك چالاك تر لە جارانو دامەزراوی دەوڵەت، بیریان لە بە مۆدێرن كردنی بۆچوونو فكرەكان دەكرد هاوكات لەگەڵ بارودۆخی نوێی كۆمەڵایەتی كە گۆڕانی بەسەردا دەهاتو دەگونجان لەگەڵ بیروبۆچوونی گەشەكردنی مێژوویی كۆمەڵایەتی.

بەشداربوانی شۆڕشی بۆرژوای ئینگلیزی ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەم، شۆڕشی پیرۆزی، جەنگی سەربەخۆیی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا (ڕێبەرایەتی زۆر لەو پرنسیپو ئیدیالانەیان دەكرد دواتر بوونە پێكهێنەری جیهانبینی فكری لیبیرالیزم. (بەیاننامەی) پەیامی سەربەخۆیی ئەمریكا، كە لە چواری تەموزی ١٧٧٦ ڕاگەیندرا، بوو بە بەڵگەنامەی یەكەم كە ئەم جۆرە بیرو پرنسیپە تەعبیری لێكرا.

## مافی ژیان و ئازادی و هەوڵدان بۆ بەختەوەری

شۆڕشی مەزنی فەرەنسی بە خاڵی وەرچەرخان لە تەکوین بـوونی لیبیرالیـزم و لێکـدابڕانی تـەیارە بنچـینەکانی فکـری سیاسی– کۆمەڵایەتی رۆژئاوا لە سەردەمی نوێ و هاوچەرخ دا حسێب دەکرێت. بەتایبـەت یـەکێك لـە دۆکومێنتـە سـەرەکیە سیاســی– ئایدیۆلۆجیەکـەی کـە — پـەیامی مــافی مـرۆڤ و هاووڵاتییە–١٧٨٩– کە لە فۆڕمی داڕشتنی خۆیدا رەوایەتی "تصدیق" بیرو بەهاو ئەو دۆخانە دەکات کە دواتـر بـوون بـە سیستێمی پێکهێنەری لیبیرالیزمی کلاسیکی.

ئەوەی بەلای ئێمە گرنگە مـادەی دووەمـی بەیاننامەکەیـە کە دەڵێ:

"ئامانجی هەموو یەکگرتنێکی سیاسی بریتییـە لـە مـافی سروشــتی و لــە ســەندنەوە نــەهاتووی مرۆڤــە، ئـم مافانـە نـاوەرۆکی ئـازادی، موڵکایـەتی، ئاسایشـی بـە گژداچـوونی چەوساندنەوەیە".

پرنسـیپەکانی لیبیرالیـزم تاڕادەیـەك لـە بـواری پراکتیکـدا بەکارهاتوون لە داڕشتنی دەستوری فەڕەنسی دوای شۆڕشـی تـەموزی سـاڵی ١٨٣٠، هـەروەها لـەدوای کۆمـاری سـێیەمی ١٨٧٠. لیبیرالیزم سـەرکەوتنی گـەورەی بـە دەسـت هێنـا لـە سویسرا، هۆڵەندا، وڵاتانی سکاندناڤی، رۆڵێکی گرنگی گێـڕاوە

هەواڵنامەی کتێب

لە یەکگرتنەوەی ئیتالیا، ئەلمانیاو تەکوین بوونی سیستێمی سیاسی دەوڵەتی ئەم وڵاتانە.

لیبیرالیزم تەکوین بووەو گەشەی کردوەو ساغ بۆتەوە لە بارودۆخی جیاجیای کۆمەڵایەتی- مێژوویی‌و کولتوری- نەتەوایەتی. ئەم بیرە لە فۆڕمی جیاجیادالە قۆناغی جیاجیای مێژوودا سەری هەڵداوە. بەڵام وەك باوە لە مێژووی بۆ چوونی ئەم بیرە دوو ترادسییا هەیە یەکەم ئەنگلۆ سەکسۆنی‌و قارەی ئەوروپی.

لە سەدەی ۱۹ نۆزدە ترادسییۆنی لبیبرالی ئەنگلۆ سەکسۆنی ئەم بیرەیان لەگەڵ ئازادی بازرگانی دەشوبهاند، لەگەڵ ئینتەرناسیونالیزم، گەشەکردنی فۆرمەکانی دەستورو بەهێزکردن‌و چەسپاندنی بەهاکانی دیموکراتیەت. لەسەر شانۆی سیاسی ئەوەی هەڵگری پرنسیپ‌و بەها گرنگەکانی ئەم نەریتە بوو پارتی لیبرالی بەریتانی بوون کە بە قۆناغ‌و تدریجی زیاتر لایەنگری لەناو جەماوەر پەیدا دەکردو لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە بوو بە یەکێك لە پارتە سەرەکییەکانی وڵات.

دواتر ئەم پارتە هەڵوێستی خۆی راگەیاند لە پشتیوانی کردنی بازاڕی ئازاد لە بواری ئابووری، ریفۆرمی سیستێمی سیاسی کە تیایدا مافی هەڵبژاردن فراوان تر کراو جێگایەکی سەرەکی لە بەرنامەکانی داگیرکرد، لیبیرالەکان سەرکەوتنی

گەورەیان بە دەست هێنا لە دابین کردنی یاسای هەڵبـژاردنی سیّ ١٨٦٧و ١٨٨٤ بەتایبـەت سـاڵی ١٩١٨ ئـەو کاتـەی کـە یاسای مافی گشتی هەڵبژاردن جێگیر بوو لە دەستوری وڵات. بـەڵام کـە پـارتی لیبۆریسـتەکان، (حزبـی عمـال) هاتـە سـەر شـانۆی سیاسـیو چـینی کرێکـاران پشـتیوانیان لێ دەکـرد لیبیراڵەکان وردە وردە لە نفوزیان کەم دەبۆوەو هەڵوێستیان لاواز دەبـوو. سـاڵی ١٩٤٠–١٩٤٥ بـۆ دوایـن جـار ئـەوان بەشداریان کرد لە حکومەتی ئیئتلافیدا.

لـە ترادسـییۆنی کیشـوەری ئـەوروپی لیبیراڵـەکان زیـاتر جـەختیان لەسـەر پرۆسیسـی تـەباییو یـەکێتی نەتـەوەییو نیشـتمانی دا دەکـرد، هـەروەها دژی هـەموو فـۆرمێکی ئەڤانتوری (مغامری) ئـابوری، سیاسـیو عـەقلانی بـوون– بـە حـوکمی بـارودۆخی مێـژوویی هەمـەجۆر لیبیرالیـزم بۆیـەی جۆراوجـۆری لـە وڵاتـانی جیاجیـا لـەخۆ دەدا. بەتـدریجی دەرکەوت (دوو نەزعە) دوو تەیار کە منافسی یەکتربوون لەناو ئـەم ئایدیۆلۆجبـە بونیـان هـەبوو. پرۆکریسـتەکان– عـەقلانی کۆنپـارێز (موتەحـەفین) پرۆگریسـتەکانیانی تەقەدومیـەکان (تقدم) ببـوون بـە دوو بەشـی رادیکـالو لیبیرال.لـە حـزب دا، کێشەکانی ئابوری ئازاد، ریفـۆرمی دەسـتوریو بـە علمانیـەت کردنی دەوڵەت ببوونـە نـاکۆکیو بابـەتی لێـدوانو لێکترازانـی لیبراڵەکان لەناوخۆیاندا.

کێشەی لە دایك بوونەوەی نەتەوەییو نیشتمانی بۆ نمونە لـە ئیتالیـاو ئـەلمانیا زیـاتر نـاکۆکی لـەناو لیبیرالـەکان پەیـدا کردبوو.

لیبیرالیزم لەم بوارەدا ببـووە هێـزی نـوێ کردنـەوەو پـان چــەکدارکردنی هێــزی یەکگرتنــەوەو یــەکێتی- دەوڵــەتی- نەتەوەیی.

هەواڵنامەی کتێب

# لیبیرالیزمی کلاسیکی

هەر لە سەرەتادا جیهانبینی لیبیرالیزم هەوڵی دەدا بۆ دان نان بە ئیدیالّی ئـازادی تاکەکـەس بـە جۆرێك کـە ئامـانجێکی گشتی هەبێت.

سەرەتا، بنـەماکانی جیهـانبینی لیبیرالیـزم بـە پـۆل پـۆل کردنی کەسایەتی "ئیندڤیدوالیزمی" مرۆڤ دەسـت پێـدەکات. هەسـت کردنـی بـە بـەر پرسـیاریەتی مـرۆڤ، تاکەکـەس چ بەرامبـەر بـەخۆیو چ بەرامبـەر بـە کۆمـەڵگا، جـەخت کـردن لەسەر پێشبینیەکانی لەبارەی یەکسانی مرۆڤ لە کاتی لە دایك بونیـان، مـافی سروشـتیان لـە بـارەی بڕیـار لەسـەرخۆدان. لەبەرئەمـە جێگـای سەرسـوڕمان نیـە ئەگـەر لـە سـەرەتاو قۆناغەکانی سەرەتادا هەموو بەهاو بیرەکانی کـە پێکهێنـەری نـاوەڕۆکی لیبیرالیـزمن بریتـی بـوون لـە: ئـازادی "ئیندڤیـد" کەسـایەتی "حریـە الفـرد"، کەرامـەتی کەسـایەتی مـرۆڤ، دان بەخۆداگرتن، مافی هەبوونی خۆجیاکردنەوە لە خـەڵکانی تـرو مافی خۆبەخۆ بوون.

ئیندڤیدوالیزم لەگەڵ هۆمانیزم بەیەکەوە گەشەیان کـردوە بە بیری بـەهاکانی مـرۆڤو ئـازادی مرۆڤایـەتی هـەروەها بـیری پلورالیزمی رادەربرین "ڕا"و قەناعەتو باوەڕ.

لیبیرالیزم ئەم بیرانەی چەسپاندو بـوو بـە بناغـەکانی یـان دامەزرێنەری.

لەڕاستیدا ئیندڤیدوالیزم بوو بە سەرچاوەی توانای داهێنانی رۆژئاوا.

ئەگەر بەلای ئەرنستۆلاپۆلیس" بریتییە لە بەهایەکی تەواو،و لەلای بێرك، خەڵك لەسەرخۆ تێدەپەڕن بەڵام تا هەتایە خێری هاوبەشیان هەیە"،ئەوا بەلای جۆن لۆك کە ئیندڤید بەرامبەر بە کۆمەڵو دەوڵەت دادەنێ: "مرۆڤ خاوەنی کەسایەتی تایبەتی خۆیەتی" ج. میل یش بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دادەڕێژێ: مرۆڤ لە هەموو حکومەتێك باشتر دەزانێت پێویستی بەچی هەیە".

داهێنەرانی لیبیرالیزم وا لە ئازادی گەیشتبوون کە تاڕادەیەك نێگەتیڤانە بوو، واتا بەمانای ئازادبوون لەژێر کۆنترۆڵی سیاسی، کەنیسە واتە ئاینی، کۆمەڵایەتی لەلایەنی دەوڵەتی فیدڕالیەوە. خەبات لە پێناوی ئازادی بەلای ئەوان بریتی بوو لە پچڕاندنی ئەو کۆتو زنجیرەی کە سنووری بۆ ئازادیەکانو هەڵسوکەوتی ئەوان کێشا بوو لە بواری ئابوری، جەستەیی‌و ئازادی ئینتلیکتوامی "عەقلی" مرۆڤ. ئەم جۆرە هەڵوێستە لەلایەن ئا. بێرلین بەم شێوەیە دەربڕاوە: "من هەرتا ئەو ئەندازەیە ئەوەندە ئازادم کە خەڵکانی تر دەست لە ژیانی من وەرنەدەن". هەموو ئەوانە بەڵگەن بۆ ئەوەی دڵنیا بین کە لیبیرالیزمی کلاسیکی بە هەموو جۆرێك دژی پێوەندیە تەقلیدیەکان بوو، خەباتیان لەپێناوی بەدی

هەواڵنامەی کتێب

هێنـانی ئامـانجی بەنـد دەکـرد کـە ئـازادی تاکەکـەس‌و مـرۆڤ بـەلای ئـەوان بوونەوەرێکـە عاقڵـەو یەکەیـەکی کۆمەڵایـەتی سـەربەخۆیە. لەڕاستیشـدا ئیدیاڵـەکانی لیبیرالیـزم کـە بریتـی بوون لە ئیندڤیدوالیزم وەك مـافی مـرۆڤ لـە بوارەکـانی ژیـان، خاوەنداریـیـەتی تایبـەتی، ئـازادی، بوونـە بـەردی بناغـەی گەشەکردنی هێزی بەرهەمهێنان‌و، گەشەکردنی کۆمەڵایـەتی- مێـژوویی، تـەکوین بـوون‌و چەسـپاندنی دیمـوکراتی سیاسـی. خاوەنداریەتی تایبەتی لێرەدا لە شێوەی زامن کردنـی ئـازادی مرۆڤ سەیر دەکرێ.

ئازادی ئابوری لەلایەن لیبیرالـەکانی کلاسـیك گـرنگترە لـە ئازادی سیاسی‌و ئازادی‌یەکانی تری مەدەنیەت.

لەگـەڵ دروسـت بـوونی جێگیربـوونی بـیری ئـازادی ئیندڤیـدوالیزم، کێشـەکانی پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەت‌و تاکەکەسـیش جیاکرایـەوەو سـنورێك بـۆ دەوڵـەت کێشـرا بـۆ ئـەوەی زیـاتر دەسـت لـە کاروکردەوەکـانی تاکەکـەس وەرنەدات. واتە ئەم سنور کێشانە بۆ چالاکیەکانی حکومـەت‌و دەوڵەت بەرامبەر بـە مـرۆڤ مـافی تاکەکەسـی دیـاری کـرد بـۆ ئـەوەی کەنیسـەو حکومـەت‌و دەزگاکـانی تـر نـەتوانن بـە ئارەزوی خۆیان دەست لە ژیانی تاکەکەسی وەربدەن، چونکە تاکەکەس خۆی خاوەن بڕیاردانە لەبارەی چارەنوسـی خـۆی‌و کارو کردەوەکانی خـۆی. ئەمـە گرنگـە چـونکە بـەڕای زۆر لـە

لیبیرالەکان مرۆڤ زووتر پەیدا بوو، واتە مرۆڤ چاوی بە دنیا هەڵیناوە پێش کۆمەڵگاو دەوڵەت. هەر لەسەر ئەم بۆچوونە دەست کرا بە دروست کردن‌و دارشتنی سیستێمەکانی یاسایی، ئابوری- سیاسی، دەوڵەتی کە تیایدا ماف بە شێوەیەك دیاری کرا کە لەبەرژەوەندی مرۆڤو تاکەکەسدا بێت.

هەر لەم دیدوبۆچوونە پرنسیپی پلوڕالیزم بوو بە پێکهێنەری بیری لیبیرالیزم لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی: لە بواری کۆمەڵایەتی چینە جیاجیاکان، توێژەکان، گروپە بەرژەوەندی دارەکان، لەبواری کولتوریش: نەتەوەی جیاجیا، کولتوری هەرێمی‌و کولتور بە گشتی، دەزگاکانی راگەیاندن، کۆنفێسیۆنی جیاجیا، ئاینی، هێزی سیاسی جیاجیا، رێکخراوەیی، پارتایەتی، کلوبەکان. دەوڵەتیش بە رای لیبیرالەکان بە زامن کردن‌و پارێزەری ئەم بەهایانە حسێب دەکرێت. واتە دەوڵەت پێویستە داکۆکی لە مافی تاکەکەس‌و ئازادی مرۆڤ بکات. دیارە هەموو مرۆڤێکیش بەرپرسە بەرامبەر بە یاساو بەها کۆمەڵایەتیەکان. (کانت) دەڵا: "ئازادی من لەو جێگایە کۆتایی دێت کە ئازادی مرۆڤێکی تر دەست پێدەکات".

بەڕای لیبیرالەکان دەوڵەت دەبێ مرۆڤو کۆمەڵ بپارێزێت لە دەست درێژی‌و هەڕەشەی بێگانەو دەرەکی، پاراستنی

ئاسایشی ناوەخۆ، تەنانەت هەندێ لە لیبیرالەکان رایان وابوو کە دەوڵەت پێویستە لە بواری ئابوریش ژیانی مرۆڤ مسۆگەر بکات ئەگەر هاتو ئەو کەسە نەدار بوو. لەوانە کانتو ئادەم سمیث.

پرنسیپی دەوڵەتی قانونی، پەرلەمانتاریزم، سوڤێرنیتێت"سەرداریێتی"، دەستوریزم بوون بە بەردی بناخەی بۆچوونەکانی دیموکراتی سیاسی لیبیرالیزم. دەسەلاتی قانون لەناو دەوڵەت بەڕای لیبیرالەکان گرنگی خۆی هەیە. تێکەڵ کردنی دەزگاو دامەزراوەکانی دەوڵەتو دەست بەسەر داگرتنیان لەلایەن یەك کەسەوە بە زیانی کۆمەڵو تاکەکەس دەگەڕێتەوە.

دیموکراتیەتو لیبیرالیزم تاڕادەیەك لەیەك دەچن. دیموکراتیەت لە بواری سیاسی بەمانای شەرعیەت دان بە دەسەلاتی زۆرایەتی. لیبیرالیزمیش یانی سنورکێشان بۆ دەسەلات. هەندێ بۆچوون هەن کە دەڵێن دیموکراتیەت دەکرێ تۆتالیتاری یان ئاڤتوریکاری بێت بۆیە کەمێك گرژی لەم بوارە دەکەوێتە نێوان دیموکراتیەتو لیبیرالیزم.

ئیندڤیدوالیزم کە یەکێکە لە بەهاکانی لیبیرالیزم لە کۆمەڵگای ئەمەریکی بە بەهاو تاکە پرنسیپێکی سەرەکی حسێب دەکرێت وەك ئیدیالی کۆمەڵگای ئەمەریکی سەیر دەکرێت. چونکە پشت بەستن بەهێزی خۆیانو بە ئازادی



هەواڵنامەی پێنج

منافەسە کردن لە بوارە جیاجیاکان بەرزبۆتەوە بۆ ئاستی ستاندارتی زۆربەی دانیشتوانی ئەمەریکا. گرنگی زۆر بە ئیدیالّی ئیندڤیدوالیزم دراوە، ئەو سەیر دەکرێت نەك هەر وەك یەکێك لەو کۆمەڵە توخمەی سیستێمی بەهاکانو پرنسیپەکانی وەزیفەی کۆمەڵگای بۆرژوازیی، بەڵکو وەك ئامانجێکیکۆمەڵگایەکی لۆجیکی بەگشتیو عاقلانە.

گرنگە ئەوەش بڵێین کە رادیکالیزمو شۆڕشو توندوتیژی نامۆن لە بیری لیبرالیزم دا. لەڕاستیشدا لیبرالیزم دوای شۆڕشەکانی سەدەی ١٨و نیوەی یەکەمی سەدەی ١٩ چەسپاو جێگیر بوو بەڵام ئەم بیرە ناوەرۆكو رێبازی دژ بە شۆڕشی هەیە.

هەواڵنامەی کتێب

# پێداچوونەوە بە بیری لیبیرالیزمو دروست بوونی لیبیرالیزمی نوێ

لــە هــەر گۆڕانکارییــەکی مێــژوویی‌و قۆنــاغێکی مێــژوویی دیاری کراودا پرسیارێك لەبەردەم هــەڵگرانی فکــری لیبیرالیــزم پەیــدا دەبێــت ئــەویش ئەوەیــە: "لــە جیهــانی گــۆڕدراو چ مانایەکی هەیە مرۆڤ ببێتــە لیبرالیــزم؟". بــە گشــتی لیبرالیــز: بریتییــە لــە شــێوەی بیرکردنــەوە کــە دژی دۆگمــاتیزمو بــێ سەبری‌و تەسك بینیە. لیبیرالەکان رایان وایە کە نۆرمو ئصول نیە بۆ هەتا هەتایە دانرابی‌و خەڵك پەیڕەوی بکات، لە کاتی رێکخســتنی کاروکردارەکــانی خــەڵکیش لیبڕاڵــەکان دەڵــێن پێویستە تا بکرێت پشت بــە خۆڕسکی کۆمــەڵ ببەســترێت‌و کەمتر هانا بۆ فشارو تین بۆ سەر خەڵك بەرین.

زاناکــانی فکــری لیبیرالیــزم لــە ســەدەی ١٩و ٢٠هــەموو هــەوڵێکیان دەدا بــۆ ئــەوەی بتــوانن بــەهاکانی کلاســیکی لیبیرالیــزم لەگــەڵ جیهــانی گــۆڕدراوی کۆمــەڵگا بگــونجێنن بەتایبــەت لەگــەڵ بــارودۆخی ژیــانی نــوێ کــە تــەواو گــۆڕانی بەســەردا هــاتبوو. یــەکێك لــە پرنســیپەکانی لیبیرالیــزم کــە منافەسەی ئــازاد بــوو، بــەردەوام لــە بــارودۆخی نوێشــدا وەك دروشمی لیبیرالەکان دووبارە دەکرایەوە، ئــەویش بــووە هــۆی ئەوەی بــەهێزەکان بــێ هێزەکانیــان قــوت دەداو بــوو بــەهۆی

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی كاریگەریەتی پیشەسازیو كەرتەكانی دارایی لە بواری بەرهەم هێناندا تەواو خۆیان بسەپێنن.

ئەگەر بیری منافەسەی ئازاد لە بواری ئابوری‌دا لەسەردەمی ململانێی نێوان (پەیوەندییەكانی فیۆدالیو كەپیتالی بە قازانجی ئەمەی دوایی كۆتایی هاتو بۆرژوا رۆلێكی پێشەكەوتنخوازانەی بینی لە پێشكەوتنی ئابوری‌و كۆمەلایەتی‌دا، ئەوا دواتر لەسەردەمی جێگیربوونی سیستێمی كەپیتالیستی ئەم بیرە تا دەهات زیاتر دووبارە دەكرایەوە لەلایەن لیبرالە بۆرژوازەكان، یەكێك لە داواكاریەكانی ئەم گروپە ئەوەبوو كە بەردەوام داوای ئیمتیازاتیان بۆ خۆیان دەكرد وەك ئەم ئازادیەش لە منافەسەكردن هیچ سنورێكی بۆ دانەنرابوو، بۆیە ئەم جۆرە بیركردنەوەیە پێش هەموو شت نەیدەتوانی كێشەی عەدالەتی كۆمەلایەتی‌و یەكسانی دابین بكات.

بۆیە زۆر لە زاناكانی بواری سیاسی، كۆمەڵناسی، ئابوری– كە لیبیراڵ بوون لە گەڕانێكدا بوون بەدوای داهێنان‌و گۆڕینی هەندێ لە بیری لیبرالیزمی كلاسیكی بۆ ئەوەی گیانێكی تری پێ بدەن‌و لەگەڵ سەردەمی نوێدا بیگونجێنن. ئەم زانایانە هەوڵیان دەدا ریفۆرمێك لەناوەرۆكی ئەم بیرە بكەن بۆ ئەوەی لە ئاستی داواكاریەكانی چینی هەژارانیش دابێت. كۆمەڵێك زانای ئینگلیزی، ئەلمانی، ئیتالی، ئەمەریكی

پرنسیپی نوێیـان داهێنـا لـە بـیری لیبیرالیـزم دا بۆیـە ئەمانـە نازناوی "لیبیرالیزمی نوێ"یان پێ بەخشرا.

ناوەرۆکی ئەم گۆڕانکاریە زیاتر لـەژێر کاریگەریـەتی بـیری مارکسیزمو سۆسیال– دیموکرات بوو، کە رۆڵی دەوڵەتیان لـە چارەسـەرکردنی کێشـە کۆمەڵایەتیـەکان بـە کـارێکی چـاكو پـۆزەتیڤ دەزانـی. ئـەوانیش هـەوڵیان دەدا هەنـدێ لـە بنەماکانی بیری لیبیرالیزمی کلاسیکی بگۆڕن بەتایبەت ئـەوان دروشمی یەکسانیو هاوکارییـان لـە مارکسـیەکانو سۆسـیال دیموکراتەکان وەرگرت.

ریفـۆرمی لیبیرالیزمـی نـوێ لـە چـەندین ولآت وەك جولآنەوەیەکی ریفۆرمی سەری هەڵدا، لە ئەمەریکا لەژێر ناوی پرۆگرێسیزم، لە ئینگلتەرا بـەناوی لویدجۆرجیزم، لـە ئیتالیـا بەناوی جۆلیتیزم، ئەمانە لە بـواری سیاسیدا توانیـان چـەند گۆڕانکاریـەکی سـەرەکی بکـەن، لەوانـە پارتـە سیاسـیە لیبیرالەکان بە هەوڵدانو خـەباتی خۆیـان توانیـان هەنـدێ لـە پرنسیپەکانی لیبیرالیزمی نوێ لە سیستێمی سیاسیدا جـێگیر بکـەن وەك پرنسـیپەکانی "دەسـتوریزم، پەرلـەمانتاریزم، دولـەتی قـانونی، دابـەش کرانـی دەسـەڵاتو... هتـد.". کـە دواتر لەلایەن تەواوی پارتو ڕێکخراوو هێزە سیاسـیەکانی تـر دانی پێ نرا. هەر ئەمانەش بـوو بـوە هـۆی ئـەوەی کـە رۆڵـی دەوڵـەت لـە ڕێکخسـتنی کاروبـاری کۆمەڵایـەتی بـەهێز بێـتو

ئازادیو مافی مرۆڤ دابین بکات. لە ساڵی ١٨٩٢–١٨٩٥ حکومەتی لیبراڵی بەریتانیا یاسای دەسەڵاتی ناوچەکانی داهێناو ئیمتیازاتی زۆری پێدان بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری کارو ژیانی خەڵك بن.

ساڵی ١٩٢٩–١٩٣٣ گەورەترین قەیرانی ئابوری توشی وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمەریکا بوو. ئەم ئەزمەیە بوو بە خاڵی وەرچەرخانی لە فکری لیبیرالیزمی نوێ، ئەگەر لیبراڵەکان هەروەك پێشوو باوەڕی نەگۆڕیان بە ئیندڤیدوالیزمو ئازادی تاکەکەسو منافەسەی ئابوری ئازاد هەبوو، ئەوا لە ئەنجامی ئەم قەیرانەدا لیبراڵەکان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە چاوێك بە مێژووی فکری سیاسی خۆیان بخشێننەوەو گرنگی بدەن بە رۆڵی حکومەتو دەوڵەت لەپێناوی ئیدیاڵی یەکسانی کۆمەڵایەتی. ئەمە بووە هۆی باوەڕی ئەم بیرە بە دامەزراوی کردنی سیستێمو میکانیزمەکانی دەوڵەت بۆ دانانی بەرنامەو پرۆگرامی هەمەلایەنە بۆ دابین کردنی پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکانو گەشەپێدانی ئابوری وڵات. ئەم جۆرە ریفۆرمە لە بیری سیاسی لیبیرالیزم سەرەتا لە ساڵانی سییەکان بەسەرپەرشتی سەرۆك کۆماری ئەمەریکا روزڤیلت بوو، کە کۆرسێکی ئابووری نوێی گرتەبەر بۆ بە پیشەسازی کردنی وڵاتو گەشەپێدانی ئابوری.

ئەم کۆرسە نوێیەی سیاسەتی ئابوریو فکری دواتر لە وڵاتانی تری پیشەسازی پەیڕەوکرا، کە بوو بە ناوەڕۆکی فکری لیبیرالیزمی نوێ. لەم بارەیەوە سیناتۆری ئەمەریکی پێشو ج. کلارك ساڵی ١٩٥٣ دەنوسێ:

"لێرە بەو کەسە دەگوترێ لیبڕاڵ کە باوەڕی تەواوی بە بە کارهێنانی هێزەکانی حکومەت هەبێت لە پێناوی بەرەو پێشبردنی یەکسانی لە بوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی لە ئاستەکانی شارەوانیەکان، هەرێمەکان، نیشتمانو نێودەوڵەتان".

ئەم جۆرە بۆچوونە ئەگەر ڕێبازێکی نوێ نەبێت لە بیری سیاسیدا ئەوا وەك ئاشکرایە پێداچوونەوەیەکی رادیکالانەیە بە بیری لیبیرالیزم دا. هەر بۆیە زۆر لەوانەی کە باوەڕی نەگۆڕیان بە پرنسیپەکانی لیبیرالیزمی کۆن هەیە زۆر بە توندی ئەم ڕێبازە نوێیەیان بە درۆخستەوە یان هەر باوەڕیان بەم جۆرە بیرکردنەوەیە نوێیە نەبوو. لیبڕاڵەکان لەبەرئەوەی رای جیاوازیان هەبوو لە بارەی دیدوبۆچوونو جیهان بینیان دەربارەی کۆمەڵێك چەمكو بۆچوون بۆیە چەند ناوێکیان بەسەردابڕا لەوانە"لیبیرالیزم، لیبیرالیزمی سەدەی ١٩، لیبیرالیزمی کلاسیکی". هەر لەم بارەیەوە کە پەیوەندی بە کێشەی لیبیرالیزمی کۆنو نوێ هەبێت دوو کتێب نوسرانو بڵاوکرانەوە. یەکەمیان ساڵی ١٩٢٧ بە ئەڵمانی نوسرابوو

ساڵی ١٩٤٢ تەرجومەی ئینگلیزی کراوە، ل. فۆن. مینریس ناوی پێشوی "لیبیرالیزم" بوو، بەڵام لە تەرجومەکە ناوەکەی ببوو بە "هاودۆستایەتی، هاوکاری ئازادانەو پێشکەوتوانە". ئەوەی تریان کە لایەنگری ترادسییۆنی لیبیرالیزم بوو دژی ئەم کتێبەی یەکەم بڵاوکرایەوە لیبیرالیزمی نوێی ناونابوو "رێگا بەرەو کۆیلایەتی".

لەبەرئەوە سەیر نیە کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم لیبیرالیزمی کلاسیکی یەکیان گرت لەناو مەدرەسەی نەمساوی‌و شیکاگۆ بوو بە رێبازێکی سەربەخۆی ئابوری‌و سیاسی– کۆمەڵایەتی. بە هەڵوێستو بۆچوونە گرنگەکانی خۆیان دژی لیبیرالیزمی نوێ وەستان. زۆر لە بیروباوەڕو پرنسیبەکانی ئەم مەدرەسەیە لە ساڵانی حەفتاکان‌و هەشتاکان وەك دروشم‌و بەرنامە لەلایەن سەرۆکە پارێزەگارەکانی ولاتانی سەنعەتی پێشکەوتوو بۆ بەهێز کردنی هەڵوێستی خۆیان بەکاردەهێنران. بە حوکمی کۆمەڵێك فاکتەری ئابوری، سیاسی، ئایدیۆلۆجی لیبڕاڵەکان لە ولاتانی ئەوروپای رۆژئاوا ناچاربوون تەنازول لە کۆمەڵێك بیرو بۆچوونی خۆیان بکەن بۆ هێزە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیەکانی تری ئەم ولاتانە.

بۆ نمونە لە ئەڵمانیا لیبڕالەکان نەیان توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنن بەرامبەر بە سەرۆکی ئاسنینی ئەڵمانیا

بیسمارك کە بیری کۆنسێرڤانیزم(محافظین) یەکخستو تێکەڵی بە بیری نیشتمانو نەتەوە کرد. سەرباری هەموو سەرکەوتنەکانی لیبڕاڵەکان لە ئیتالیا بەڵام لە سالآنی بیستەکان ئیتر بەو شێوەیە نەمان کە هەبوون.

دراماى لیبیرالیزمی ئەلمانیو ئیتالی لەوە دابوو کە سەرکردەکانیان لەبارودۆخی سیاسیو گۆڕانکاریە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکان بە قوڵی نەگەیشتبون بەتایبەت دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم. ئەوان زۆر ساکارانە ڕووبەڕووی جوڵانەوەو بیری فاشیزم بوونەوە، چونکە جوڵانەوەو بیری فاشیزم گورزێکی بەهێز بوو لە لیبرالەکان درا. بۆ نموونە کەسانی لێهاتوی وەك جۆلیتیو کرۆچێ پێیان وابوو کە فاشیزم پێویستە بۆ ئیتالیا بۆ ئاسایشو هەڵسانەوەی ئیتالیاو بەهێزکردنی دەوڵەتی لیبڕاڵ.

ئەم جۆرە خەیاڵەی پارتە سیاسیە لیبڕاڵەکانی ئیتالیا تا ئەو ساتە درێژەی هەبوو کە "مارشی فاشیەکان بۆ ڕۆما" دەستی پێکرد. دواتر بەشێك لە لیبڕالەکان بەشداریان لە حکومەتی مۆسۆلینی کرد. هەندێکی تریان بە ناچاری رویان لە دەرەوەی وڵات کرد، بەشێکی تریان خۆیان تەرخان کرد بۆ ئەوەی خەبات لەدژی فاشیزم بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا لەدوای جەنگی جیهانی دووەم شەپۆلی لیبیرالیزم لە زیادبوون دا بوو، زۆر لە ئیدیاڵو بیرەکانیان

جێبەجێ ببوو، بۆ نمونە بە سیکولیاریکردنی دەوڵەتو ریفۆرمە دەستوریەکان ببونە واقیعو بە ئەنجام گەیشتن، بەتایبەت لە هەندێ وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکای باکوری. سەرکەوتنی بنەما دیموکراتیەکان لە زۆربەی وڵاتە سەنعەتیەکان باوەڕێکی لەلای لیبڕالەکان دروست کرد بۆ ئەوەی بەدوای بەهای تری بەرز بگەڕێن، یان هیچ نەبێت ئەو دەسکەوتانە بپارێزن کە پێی گەیشتون.

لەلایەکی تر زۆر لە پارتە پارێزگارەکان لە کاتی پێکهێنانی حکومەتی ئیئتلافی بە هاوکاری لەگەڵ پارتە لیبڕالەکان ناچار دەبوون بەشێکی زۆر لە پرنسیپو بەهاو ئیدیالی لیبڕالەکان جێبەجێ بکەن، بەمەش هەڵوێستی لیبڕالەکان تا دەهات بەهێز دەبوو. بە کورتیەکەی زۆربەی بەهاو پرنسیپەکانی لیبیرالیزم لەلایەن راسترەو وچەپڕەوەکان قۆسترانەوە، دیارە بەمەش دووبەرەکی کەوتە ناو ئێلێکتوراتەکانی "دەنگدەرانی" لیبڕالەکان. هەر لەدوای جەنگی جیهانی دووەم ئالا هەڵگرو پێشەوای ریفۆرمە کۆمەلایەتیو سیاسیەکان کەوتە دەست سۆسیال- دیموکراتەکان.

هەر لە ئەوروپای رۆژئاوا کە لیبڕالەکان کەوتبونە نێوان سۆسیال- دیموکراتەکانو پارێزگارەکان، ناچار بوون کۆرسێکی سیاسی نوێ بگرنە بەر بۆ ئەوەی هێڵی سیاسیو

ئایدیۆلۆجیان دیار بێو خەڵکی بتوانن لە لایەنەکانی تریان جیابکەنەوە ئەوە بوو ناویان لەخۆ نابوو ریفۆرمیزمی کۆمەڵایەتی–لیبڕالی.

هەر لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم لیبڕالەکان بۆ ئەوەی هەڵوێستی سیاسیو ئابوری خۆیان بەهێز بکەن لە ئاستی جیهانی دا، هەوڵیان دا تەنسیق بکەن لەگەڵ یەکتر. لە بەریتانیا لە ئۆکسفۆرد یەکەم کۆنگرەی دامەزراوی خۆیان لە ئەپریلی ساڵی ١٩٤٧ بەست کە ئینتەرناسیۆنالی لیبڕالی دامەزرا. سەیری خۆیان دەکرد لە شێوەی پارتی فیدرالی لیبڕالی، دیموکراتی، پێشکەوتنخواز. ئەم ڕێکخراوە لەلایەن دۆکومێنتو پرۆگرامەکانی: مانیفێستی لیبڕالی ئۆکسفۆرد ساڵی ١٩٤٧، بەیاننامەی لیبڕالی ئۆکسفۆردی ساڵی ١٩٦٧، بانگەوازی لیبڕالی ١٩٨١، ڕێبەرایەتی دەکرێت.

لەسەردەمی ئێستادا ٥٢ پارتی سیاسی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکاو ئەفریقاو ئاسیا ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن. لە شێوەی ئەندامانی بە کۆمەڵی لیبڕالی نێونەتەوەیی گروپی لیبڕاڵەکان لە پەرلەمانی ئەوروپین، لە ئەنجومەنی ئەوروپین هەروەها لە کۆمەڵەی لاوانی لیبڕاڵی نێودەوڵەتان دان. ئۆرگانی سەرکردایەتی لیبڕاڵی ئینتەرناسیۆنالی بریتین لە : کۆنگرە، کۆمیتەی جێبەجێکردن، مەکتەب (بیرۆ)، کۆبوونەوەی

سەرۆکەکان. لە ستروکتوری ئینتەرناسیۆنالدا ئیجازە بە دروست کردنی کۆمیتەی تایبەت دەدرێت، هەروەها بە کۆمەڵێك کۆمیتەی تری خوارەوەو گروپی کرێکارانیش. بنکەی سەرەکیشیان لە لەندەنە. هەر بەناوی لیبڕاڵی ئینتەرناسیۆنال چەندین سیمینارو چاوپێکەوتن دەکرێت کە پەیوەندی هەیە بە بیرورا گۆڕینەوەو بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێش بردنی ناوەرۆکی بیری لیبرالیزمی هاوچەرخ.

هەواڵنامەی کتێب

# قەیران یان لە دایك بوونەوەی لیبیرالیزم

یەکێك لەو بیرو ڕێبازانەی کە گاریگەریەتی زۆری هەبووە لەسەر گەشەکردنی بیری سیاسی- کۆمەڵایەتی وڵاتانی سەنعەتیو پێشکەوتووی ڕۆژئاوا بێگومان بیری لیبیرالیزمە. هەر چەندە بەرپرسیاری تەواو لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتی لەم چەند دەساڵەی دوایی لە ئەستۆی لیبیرالیزمو سۆسیال-دیموکراتە. چونکە ئەم دوو ڕێبازە زیاتر باوەڕیان بە پرەنسیپی دەوڵەتی بەهێزو دابین کەری ڕەفاهیەت هەیە. لەبەرئەوە ئەگەر هەر زەحمەتیەك هەبوو بێ لە بوارەکانی تر بە چارەسەرنەکراوی مابێتەوە بێ گومان خراوەتە سەر ئەستۆی ئەم دوو ڕێبازەی کە باسمان کرد. هەر لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم چەندین گوتارو کتێب دەربارەی قەیرانو لاوازی لیبیرالیزم نووسراونو بڵاوکراونەتەوە. لەوانە لەژێر ناونیشانی "مردنی لیبیرالیزم"، "لاوازیو بێ هێزی لیبیرالیزم"، "کۆتایی لیبیرالیزم".

یەکێك لە تیۆریستەکانی بیری لیبیرالیزم کە ئەڵمانیە ك. گ.فلاخ ناچار بوو دان بەوەبنێ کە "دەنگی لیبیرالیزم لاواز بووە"، لیبیرالیزم بە بەراورد لەگەڵ سەدەی نۆزدەهەم لە گەشەکردنی خۆیدا وەستاوە. جگە لەمەش یەکێك بەناوی ر.نیسبێت کە زانایەکی کۆمەڵناسی ئەمەریکیە بە شێوەیەك باس لە لیبیرالیزم دەکات کە دەڵێ: "لیبیرالیزمی سەدەی

بیستەم وەك ئێمە تێی دەگەین جێگای لەسەر زبلخانەی مێژووە". ئەمەش هەمووی پەیوەندی بەمەوە هەیە کە دوای جەنگی جیهانی دووەم زۆربەی پارتە لیبڕالەکان جگە لە پارتی دیموکراتی ئەمەریکی باقی ئەوانی تر لەسەر شانۆی سیاسی سەرکەوتنیان بەدەست نەهێنا. لە رۆژگاری ئەمڕۆدا پارتە لیبڕالەکان جیاوازییەکی گەورەیان لەنێوان دا هەیە. بۆ نمونە پارتی لیبڕاڵی لە یابان و ئوستralیا، بێ گوێدانە ناوەکانیان ئەوان تەعبیر لە بەرژەوەندییەکانی هێزی پارێزگاران دەکەن. بەلام هەلوێستی لیبرالە ئازادەکانی ئەلمانیا تاڕادەیەك هاوسەنگی رێبازەکەی خۆی پاراستووە، هەروەها پارتی لیبڕاڵی بەریتانی، سۆسیالیستە رادیکالەکانی فەرەنسا، چەپەکانی ناو لیبڕالەکانی ولاتانی سکاندناڤی گشتیان هەلوێستی خۆیان پاراستوە. هەروەها لەناو پارتی دیموکراتی ئازاد لە ئەلمانیا بۆچوونی لیبڕالانە هەیە بەتایبەت دەربارەی بایەخی دان بە لایەنە کۆمەلایەتیەکان، رۆلی دەولەت لە چارەسەرکردنی کێشەی ئابوری، باوەڕبوون بە پەرنسیپی بازاڕی ئازاد.. هتد.

چەندین کتێب دەربارەی ژیاندنەوەو هەلسانەوەی بیری لیبیرالیزم نوسراون. بۆ نمونە کتێبی دانگیرفیلد بە ناوی "مردنی سەیرو نامۆی لیبڕالەکانی ئینگلتەرا"، تیایدا ئاماژە بۆ زیندووبوونەوەی بیری لیبیرالیزم دەکات لە بریتانیا.

یەکێکی تر بەناوی برێدلی کتێبێکی نووسیوە بەناوی "لە دایك بوونەوەی سەیری لیبڕالەکانی بەریتانیا"، هەر لەم کتێبەدا کە باس لە کزیو لاوازیو لەناوچوونی لیبیرالیزم دەکات دەڵا: "گڕی مەشخەڵی لیبیرالیزم لە وڵاتی ئێمەدا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمەکانی تر ڕووناك ترە".

ئەگەر بێتو بگەڕێین بەدوای وەڵامێك دەربارەی چارەنووسو داهاتووی لیبیرالیزم، گرنگە دوو شت لە یەکتر جیا بکەینەوە، ئەویش پارتە لیبڕالەکان لەگەڵ لیبیرالیزم– وەك ڕێبازو بۆچوونی فکریو فەلسەفی. فۆڕلێندر کۆمەڵێك وتاری لەم بارەیەوە نووسیوەو کردوویەتی بە کتێبێك بەناوی: "کەوتن یان هەڵسانەوەی لیبیرالیزم"، لە هەردوو حاڵەتدا چەندین وەڵامی ئیجابیانەی داوەتەوە. ئەگەر بێتو بیری لیبیرالیزم لە هەستانەوەدا بێت مانای ئەوەی نیە پارتە لیبڕالەکانیش جەماوەریان بۆ زیاد دەبێتو لە هەڵبژاردنەکان دا سەرکەوتن بەدەست دەهێنن. ئەگەر لیبیرالیزم وەك پارتێکی سیاسی لە بارەی هێزەوە دەمێکە لاوازو بێ دەسەڵاتە، ئەوا لە بواری فکرو جیهان بینییەوە وەك ڕێبازێکی سیاسیو کۆمەڵایەتی تا ئێستا کاریگەریەتیو گرنگی خۆی هەر ماوە. ئەگەر لەسەر شانۆی سیاسیو، لە پرۆسە سیاسیەکاندا خەڵك زۆر گرنگی بە پارتە لیبڕالەکان نادەن، ئەوا لە زانکۆکانو بوارە ئەکادیمیەکان خەڵکی گرنگی پێ دەدەنو حەز دەکەن

دیراسـەی لایـەنی فەلسـەفەی کۆمەڵایـەتیو فکـری سیاسـی لیبیرالیزم بکەن. ئەگەر پارتـە لیبڕالـەکان لـە ئەزمـەو قـەیران دان، ئەوە فکرو فەلسـەفەی لیبیرالیـزم هێشـتا بۆچـوونەکانی خۆی بۆ ژیان لە دەست نەداوە.

هەر بۆیە دەکرێ بـیرو فەلسـەفەی لیبیرالیـزم وا لێبکرێـت کە رابێتو بگونجێت لەگەڵ واقیعی نوێی ژیـانی کۆمەڵایـەتی سەردەمی نوێ.

هەواڵنامەی کتێب

# لیبیرالیزم بەرەو نوێ بوونەوە

زۆربەی ئەندامانو لایەنگرانی فکری لیبیرالیزم لە هەوڵداندانو توانای خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ ئەوەی چاوێك بە بیری خۆیان دابخشێننەوەو هەڵوێستی تازە پیشان بدەن دەربارەی ئەو کێشە گرنگانەی کە پەیوەندی هەیە بە خەسڵەتی هاوپەیوەندی کۆمەڵ، سیستێمە سیاسیەکانی دەوڵەتو تاکە کەس، کەپیتالیزمو دیموکراتیەت، ئازادیو یەکسانی، یەکسانی کۆمەڵایەتیو عەدالەت. لەم بارەیەوە چەندین وتارو کتێب نوسراونو بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕێبازە راست ڕەوەکانی تر لیبیرالیزم دوا نەکەوتوە. هەموو ئەو نوسینانە پەیوەندیان بەوەوە هەیە چۆن لیبیرالیزمی نوێ بگونجێنن لەگەڵ واقیعی ژیانی سەردەمی نوێ.

بەڕای کۆمەڵناسی ئەڵمانی ر.داریندۆرف هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان لیبڕالەکان لەنێوان لیبڕالە ئابوریەکانو لیبڕالەکانی لایەنگرانی دەوڵەتی قانونی تێپەڕ دەبێت. بۆچوونی یەکەم رای وایە کە (بازاڕ هەمیشە راستە). بەڵام لایەنگرانی دیکەش هەن کە رایان وایە کە بازاڕ بەردەوام ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر "تضخم" (ئەزمەی دارایی)، زاڵ بێت بەسەر بێ کاری، لەبەرئەوە گرنگە هاوکاری هەبێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی بەڵێندەرانو بیزنس مانەکانو سەندیکاکان

بۆ ئەوەی رۆڵی دەوڵەت گرنگی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکان.

لایەنگرانی دەوڵەتی قانونیش، باس لە پاراستنی هەموو دەستکەوتەکانی ریفۆرمەکان دەکەن کە لەم چەند دەساڵەی دواییدا جێبەجێکراون. بەڵام ئەم جیاوازییە مانای ئەوە نیە کە ئەوەی یەکەم دژی دەوڵەتی قانونییەو ئەوەی دووەم دژی بازاڕی ئازادە. لێرە زیاتر باس لە ئەفزەلیەتی سیاسی دەکرێت.

داریندۆف باسی لە سۆسیال دەکات کە زیاتر باس لە ئازادی کۆمەڵایەتی دەکاتو باس لە داهێنانی مافی کۆمەڵایەتی تاکەکەس دەکات.

لە هەمان کاتدا (رادیکال– لیبڕال) یش بە نمونە دەهێنێتەوە کە بریتییە لە پرنسیپێکی گشتیو بەسود کە ململانێی نێوان داواکاریەکانو توانای رازی کردنی خەڵکە. سەرباری هەموو ناکۆکیەکانی ناو لیبڕالەکان لە بواری بیرو بۆچوونو سیاسەتیان بە گشتی ئێستا لیبڕالەکان کراونەتە دوو بەرە:

**بەرەی یەکەم:**

پێکهاتەی فکریو سیاسییە کە هەرچۆنێك بێت بەلای لیبیرالیزم دا دەشکێتەوە، بە هەموو تەفسیرە سلبیەکانی دەربارەی ئازادی، رۆڵی کەمی دەوڵەت بۆ ژیان، لایەنگرانی

بۆچوونی بازاڕی ئازاد، ئەم بۆچوونە هەندێ جار لە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێی دەگوترێ نیو لیبیرالیزم. لە ئەمەریکا مەدرەسەی شیکاگۆ هەیە، کە لەناوەڕۆکدا ئابوری پارێزگارن (محافظين)، کە هەندێ پرنسیپە کۆنەکانی لیبیرالیزم دووبارە دەکەنەوە واتە لیبیرالیزمی کلاسیکی.

**بەرەی دووەم:**

پێکهاتەیەکی فکریو سیاسیيە، کە لەناوەڕۆکدا جێگایەکی مام ناوەندیان گرتوە لە نێوان پارێزگارانو فکری سۆسیال– دیموکرات. هەر لەبەرئەوەیە لەناوخۆیان دوو بۆچوون هەن هەندێکیان بەلای چەپ دەشکێنەوە، ئەوانی تریان بەرەو ڕێبازی ڕاستڕەو. ڕەنگە ئەو بۆچوونانە زیاتر ناونانی "لیبڕالیزمی کۆمەڵایەتیان "لێبنرێت. و بە گشتی باوەڕیان بە ریفۆرم هەیە جا ریفۆرمەکە بە گوێرەی واقیعی وڵاتان دەبێت کە کامە ڕێباز زیاتر زاڵە چەپ یان ڕاست.

ئەدی ناوەڕۆکی لیبرالیزمی نوێ چیيە؟ بەتایبەت ئەوا لیبیرالیزم کە سەدەی بیستەمیشی بڕیو هەنگاوی نایە سەدەیەکی تر. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێش هەموو شت گرنگە لیبیرالیزمی نوێ هەڵوێستەکانی خۆی دەربارەی ڕۆڵی دەوڵەت، پەیوەندیيەکانی بۆ دەسەڵاتو دیموکراتیەت، تەفسیرکردنی ئازادی، یەکسانی، عەدالەت بەدیار بخات. دوای

ئاشکرا بوونی ئەم هەڵوێستانە ئەو کاتە دەکرێ حوکم لەسەر لیبیرالیزمی نوێ بدەین.

دابەش بونی لیبرالەکان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی-ئابوری:

زۆربەی تیۆریستەکانی هاوچەرخی لیبیرالیزم، وەك زۆربەی ڕێبازەکانی تری بیری کۆمەڵایەتی-سیاسی، سەیری ئەم نوێبوونەوەو لە دایك بوونەی ئەم بیرە دەکەن وەك گەڕانەوە بۆ پرنسیپە سەرەتاییەکانی، کە پەیوەندی هەیە بە ئازادی کەسایەتی، یەکسانیو عەدالەتی کۆمەڵایەتی... هتد. سەرۆکی پارتی لیبرالی بەریتانی د. ستیل هۆی ئەزمەو قەیرانی لیبرالیزمی ئینگلیزی لەوە دەبینێت کە سەرۆكو لایەنگرانی ئەم ڕێبازە لایانداوە لە چەندین پرنسیپی سەرەکی لیبیرالیزم کە گرنگەکەیان بریتی بوو لە "دەوڵەت خێروخۆشیو رەفاهیەتە".

چونکە دیارە هاوپەیوەندیەکانی نێوان تاکەکەسو کۆمەڵو دەوڵەت یەکێکە لە خاڵە ناوەندیەکانیو پێویستە جارێکی تر بیری لێ بکرێتەوە لە بواری رۆڵیدەوڵەت لە ئابوریو بوارە کۆمەڵایەتیەکان. واتە لایەنگرانی بیری لیبیرالیزم لە دوای جەنگی جیهانی دووەم جارێکی تر گەڕانەوە بۆ لای پرنسیپە گرنگەکانی لیبیرالیزمی کلاسیکی کە پەیوەندی هەیە بە رۆڵی دەوڵەت لە ڕێکخستنی بوارەکانی

هەواڵنامەی کتێب

ئابووری‌و كۆمەڵایەتی، بەتایبەت یارمـەتی دانـی چـین وتوێـژی دەست كورت‌و نەدار. بەشێك لـە لیبرالـەكانی ئەمـەریكا رایـان وایە دەوڵەت پێویستە بە هەموو توانـای خـۆی دەسـت بخاتـە نـاو كاروبـاری ئـابووری‌و كۆمەڵایـەتی، پێویسـتە بەرنامەیـەكی كۆمەڵایـەتی‌و ئـابوری هـەبێت، بۆئـەوەی دەوڵـەت بتوانێـت داكـۆكی لـە سیسـتێمی كەپیتالیسـتی بكـات لـە هەڕەشـەی شۆڕش لە كۆتایی سەدەی بیستەم.

بەڵام هەموو ئەو هەوڵدانە شتێكی سامناك دروست دەكات ئـەویش دەزگـای بیروكراتیـەتی دەوڵەتیـە، كـە بـە خـاڵێكی نێگەتیف "سلبی" دادەنرێ. لـەم حاڵەتـە لیبڕالـەكان خـەبات دەكەن بۆ پەرەپێـدانی میكـانیزمی بـازاڕی ئـازاد لەگـەڵ ڕۆڵی دەوڵەت، لەم بوارە دەیانەوێت هاوسـەنگیەك دروسـت بكـەن. لەم بـوارە پـۆلێن رای وایـە یاسـا ئابوریـیـەكان كـە دامـەزراون لەسـەر بنـەمای هەوڵـدان بـۆ قـازانج‌و دەسـكەوتی تاكەكـەس خێروخۆشـیـیەكی زۆر بـۆ خـەڵكێكی زۆر دەهێنـێ، ئەمـەش لەگەڵ روحی لیبیرالیزمی كلاسیكی دەگونجێ. دیـارە زۆربـەی لیبڕالـەكان لەگـەڵ ئـەوەن كـە رۆڵی دەوڵـەت كـە رێكخسـتن‌و دەسـت تێـوەردانی كـەم بكەنـەوە لـە بـواری ئـابوری، بـەڵام بەشـێكی تـریش لـەم لیبڕالانـە كـە كـەمن رایـان وایـە تـەنها دەوڵەت دەتوانێ زاڵ بێت بەسەر ئەزمەو قەیرانی ئـابوری كـە ئـەنجامی خراپـی دەبێـت لەسـەر كۆمـەڵگا. هـەر لـەم بـوارە

نوێنەری لیبیرالیزمی ئەڵمانی تی.شیلێر رای وایە کە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابورییەکان بەبێ حسێب کردنی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکان ئەمە لیبرالی– کۆمەڵایەتی نیە بەڵکو لیبرالی– داروینیزمە. دیارە لەم حاڵەتەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لیبراڵەکانی ئەڵمانیا لە چەند خاڵێکی هاوبەشو سەرەکی لەگەڵ سۆسیال– دیموکراتەکان یەکدەگرنەوە. لە رۆژگاری ئەمڕۆ لیبراڵەکانی ئینگلیز رایان وایە کە دەبێ پشت بە هەڵوێستی حکومەت ببەسترێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە گرنگەکانی ئابوریو کۆمەڵایەتی. بە هەمان شێوە لیبراڵە ئەمەریکیەکان پشتیوانی لە رۆلی دەولەت دەکەن، بەڵام باوەڕیان بە سەنتەری ناوەندی حکومەت نیە بۆ رێکخستنی ئەو کێشانە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ئەوان دژی فیدرالیزمن، بەڵکو رایان وایە کە پێویستە هاوکاریەك لەنێوان سیستێمی ناوەندیو دەسەڵاتی ویلایەتەکان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە گرنگەکان.

بەڵام نوێترین بۆچوونی لیبراڵەکان لە رۆژئاوا بریتییە لە کەمترین رۆلی دەوڵەت لە چارەسەرکردنی کیشەکان.

دروشمێکی تری لیبراڵەکان هەیە کە لەلایەن ر. دارێندۆرفەوە دانراوە ئەویش بریتییە لە (باشترین رۆل نەك کەم یان زۆر).

هەواڵنامەی کتێب

واتە لە ئەنجام دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لیبڕالەکان لەگەڵ سیستێمکی تێکەڵ لە ڕۆڵی دەوڵەتو ڕۆڵی کەپیتالیستەکان لە چارەسەکردنی گرنگترین کێشەکانی ئابوریو بوارە کۆمەڵایەتیەکان، بەبێ هەبوونی هاوکاریو یارمەتیدانی یەکتر زەحمەتە یەك لایەن بە تەنیا بتوانێت زاڵ بێت بەسەر کێشە ترسناکەکانی ناو کۆمەڵو دەوڵەت.

کێشەکانی دەوڵەتو دەسەڵاتو دیموکراتیەت لە لیبیرالیزم دا

هاوپەیوەندی نێوان دیموکراتیەتو کەپیتالیزم کێشەیەکی زۆر گرنگەو هەر لەسەر ئەم کێشەیە لیبیرالیزم تاڕادەیەك دامەزرا، بەتایبەت ناوەڕۆكو چارەنوسی فۆرمی بەڕێوەبردنی دیموکراتیانەو، مافو ئازادیەکانی مرۆڤ. ئەمەش وەك دەزانین لە مێژوودا لیبڕالەکان لە هەموو کەس زیاتر کاریان بۆ کرد بەتایبەت بۆ جێگیربوونو سەلماندنو ساغ کردنەوەی.

لیبڕالەکان بایەخو گرنگی بەکێشەی ئایدیۆلۆجیو پلوڕالیزمی سیاسی دەدەن. ئەوان رایان وایە کە پلوڕالیزمی دیموکراتی گەرانتو زامن کەری بوونو لە باربوونی کەپیتالیزمە بۆ ژیان، بەبێ ئەم پرنسیپە لیبیرالیزمو کەپیتالیزم وەك سیستێمکی سیاسیو کۆمەڵایەتی بوونی نابێ. لیبڕالەکان رایان وایە کە بەبێ ئازادی ئابوری، کۆمەڵگای ئازاد بونی نابێت، چونکە بەڕاو بۆچوونی ئەوان

ئابوری بازاڕو دەوڵەتی قانونی لەسەر بنەماو بەهای لەیەکچوو دامەزراون. ئەم بۆچوونە لە بیرو فکری لیبڕالی ئەڵمانی رەنگی داوەتەوە کە دەڵا: "ئازادی پێویستی بە مولکایەتی هەیە، مولکایەتیش ئازادی دروست دەکات".

لیبڕالەکان دوو بەشن لە تەفسیرکردنو لێکدانەوەی ئازادی، واتە دابەش دەکرێنە سەر تەفسیری پۆزیتیڤو نێگەتیڤ (سلبی و- ایجابی) بۆ ئازادی. زانای سیاسی م. ڤارۆ لایەنگری یان سەر بە بۆچونی نێگەتیڤانەیە بۆ تەفسیرکردنی ئازادی، ئەو سەر بە لیبڕاڵی دامەزراویی بە (بە ئینستیتوتی کردنی لیبیرالیزم). ڤارۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لیبیرالیزم تەنها لە چوارچێوەی سنووری ئابوری نیە، بەڵکو لە هەمان کاتدا بریتییە لە فەلسەفەو لە فەلسەفەی یاسا، سەروەری تاکەکەس بەڕای ئەو پێویستی بەدوو مەرج هەیە: ئەو پێویستە دامەزراویی بێتو بەرپرسیار بێت، کە باس لە ئازادی تاکەکەس دەکات بە پێویستی دەزانێ دەسەلاتی دەوڵەت لە کۆمەڵگای مەدەنی جیابکرێتەوە.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئەو رایو وایە کە:

"هەر ئەوەندە بەس نیە رۆلی دەوڵەت رابگیرێ، تەئمیم نەکرێ، لەلایەن دەوڵەتەوە شتەکان رێکنەخرێن، بەڵکو پێویستی بە شۆڕشێکی رادیکالی هەیە بۆ ئەوەی بازاڕی ئازاد

فراوان بکرێت، دابەش بکرێن و بڵاوبکرێنەوە بەسەر بوارە کۆمەڵایەتیەکان، فراوان کردنی دامەزراوە مەدەنیەکان. بە واتایەکی تر پێکەوە گرێدانی سیاسەت و دەوڵەتی قانونی، بەمەش بێگومان دەوڵەت ملکەچی ماف بێت نەك یاسا.

لایەنگرانی بیری پۆزەتیڤیش رایان وایە کە سنورێك بۆ بوارە ئابوریی و سیاسیەکانی لیبیرالیزم دابنرێت. هەر بەم بۆنەیەوە زانای زانستی سیاسی فەرەنسی ل. رۆتیێ دەڵا:

"لیبیرالیزمی سەردەم ئازادی بۆ ئەوە بەکارناهێنێ تاوەکو خۆی پێ لەناو ببات. دەکرێ لیبرالیزمی مانشستەر لەگەڵ ئەو جۆرە سیستێمەی هاتوچۆ بەراورد بکەین کە دەرفەت بە ئۆتۆمبێل دەدات بەبێ ئیجازە بڕوات. دیارە ئەگەر ئەو کەسانە بگیرێن لەسەر ئەم کێشەیە گەلێك زۆرن. دەوڵەتی لیبڕالی ئەوەیە، کە ئیجازە بە خاوەن ئوتومبیلەکان دەدات بۆ هەموو ریگایەك بڕۆن، بەڵام بە مەرجێ رێز لە یاساکانی هاتووچۆ بگرن".

لیبڕالەکان زۆر بایەخ بەکێشەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەدەن، چونکە بەڕای ئەوان پشت گوێ خستنی ئەم کێشەیە دەبێتە هۆی لەناوچوون و روخانی ئەو کۆڵەکەیەی کە لیبیرالیزمی لەسەر بنیات نراوە. بەڵام ئەمەش بە گوێرەی تواناو لەباربوون بۆ ئەوەی خەڵکی لەم لایەنەوە رازی بکەن.



هەواڵنامەی کتێب

زۆربەی لیبڕالەکان لەگەڵ عەدالەتو یەکسانین. بەڕای ئەوان هەموو کەسێك مافی ئابوریو سیاسی هەیە. هەموو کەسێك لە بەرامبەر یاسا وەکو یەکن. هەموو کەسێك مافی بەشداری کردنی هەیە لە پرۆسە سیاسیەکانی وڵات. دیارە یەکسانیو عەدالەت کێشەیەکن لەوەتەی مرۆڤو کۆمەڵ هەیە ئەم کێشەیە هەر بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. دیارە لەبەر گرنگیو ئالۆزی خۆی زەحمەتیشە لیبڕالەکان چارەسەرەکی یەکجارەکی بۆ بدۆزنەوە، و ناشکرێ ئەم کێشەیە کۆتایی پێ بهێندرێو چارەسەر بکرێت.

هەوالنامەی کتێب

# كولتوری سیاسی

ئەگەر چی كولتوری سیاسی بایەخێكی گرنگی هەیە بۆ تێگەیشتن لە جیهانی سیاسەت، كەچی لە ئەدەبیاتی كۆمەڵایەتیی ئێمەدا ئەم كێشەیە تائێستا تەواو وەك پێویست تیشكی نەخراوەتە سەر. تائێستا كۆمەڵێك راو دیدو بۆچوونو تەفسیری جیاجیا بۆ "كولتوری سیاسی" هەیە. زۆر جاران ئەم لەگەڵ رادەو ئاستی كولتوری مرۆڤ لێك دەچوێنرێ، چۆن ئەو لەگەڵ رۆژنامەنوسانو پرێسی خۆی دەنوێنێ، زیرەكانەو لێهاتووانە چۆن هەڵوێستی سیاسی خۆی نیشان دەدات. هەندێ جاران دەبیستین كە فلانە كەس كولتوری سیاسی نیە، ئەوی تر كولتورێكی سیاسی بەرز یان نزمی هەیە. هەندێ جار واپێشنیارو باوەڕ دەكەن كە كولتوری سیاسی تەنها خەڵكی رۆشنبیر هەیەتی، كەسێك كە ئاستی رۆشنبیری نزم بێت یا نەخوێندەوار بێت دەڵێن كولتوری سیاسی نیە. زۆرجار خەڵك لێی تێك دەچێ، توشی هەڵە دەبێت لەگەڵ سیستمی سیاسی یان لەگەڵ هەڵسوكەوتی سیاسی. تا ئێستا دەیان لێكدانەوە بۆ دەستنیشان كردنی كولتوری سیاسی هەیە. ئەمە رۆشنە ئەگەر بێت و ئاڵۆزی و هەمەلایەنەیی كێشەكە لەبەرچاو بگرین، چونكە لەتوانادا نیە وێنەیەكی راستو رونی بۆ بكێشین وەك دیاردەیەكی رۆشن تاهەتایە. ئەدی كولتوری

سیاسی چی یە؟ هەوڵ دەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## سەرهەڵدانی بۆچوونی کولتوری سیاسی

یەکەم هەوڵ بۆ فۆرمۆلەکردنی بۆچوونی کولتوری سیاسی کە درابێت لە گوتاری زانای سیاسیی ئەمەریکی گابریل ئەلموند "سیستێمی سیاسی بەراورد" بوو. ئەم بۆچوونە زیاتر گەشەی پێدرا لە کتێبی گ. ئەلمۆند و س.ڤێربی "کولتوری مەدەنی"، یان "کولتوری مەدەنیەت". قۆناغی گرنگ لە فۆرمۆلە بوونو ساغ بوونەوەی بۆچوونی کولتوری سیاسی لە پەیدابوونی کتێبی "کولتوری سیاسیو گەشەسەندنی سیاسەت"بوو، کە تیایدا هەوڵ دراوە دەستنیشانو بەراوردی کولتوری سیاسی (١٣) وڵات بکرێت. لەنیوەی دووەمی سالآنی شەست و حەفتاکانی سەدەی رابردوودا بۆچوونی کولتوری سیاسی زیاتر چەکدار کرا لەلایەن سۆسیۆلۆگو پۆلیتۆلۆگە ناودارەکانی ئەمریکا، ئەوانەی وەك ڤ.کی، ماکریدیس، مارڤیكو...هتد. پەیدا بوونی ئەم بۆچوونە لە ئەمریکاو دواتر لە وڵاتانی تریش زۆر ناوبانگی دەرکرد، پاشانیش بوو بە باشترین شێوازو ئامێری لێکۆڵینەوە لە پرۆسەو دیاردە سیاسیەکان. لەرۆژی ئەمرۆدا کۆمەڵێك کاری زانستی پەیدا بوونە کە تیشك دەخەنە سەر لایەنە جیاجیاکانی کولتوری سیاسی وڵاتو ناوچەکان.

لە هەڵسەنگاندنی بایەخی ئەو کارانەی ئەو قۆناغەی چاومان پێدا خشاند، نابێ کارەکە وا لەبەرچاوبگرین کە لە

قۆناغـــەکانی پێشـــوو لێکۆڵینـــەوەی سیاســـی دەربـــارەی لایەنـەکانی فکـری، دۆخـەکان کـە لەسـەر بنـەمای بۆچـوون‌و کۆنیپسیای کولتوری سیاسی داندرابوون پشت گـوێ خـرابن. بـەلای پولتیۆلـۆگی ئینگلیـزی د.کێڤێـنگ وەك دەردەکـەوێ بنەمایـەکی راسـتەقینەی هـەبوو کـە کولتـوری سیاسـی‌وا نـاو دەبرد وەك زاراوەیەکی تازە بۆ فکرەیەکی کۆن. لەراستیشدا لە لێکۆڵینەوە سیاسـیەکاندا بەهەسـت پێکـراوی یـان هەسـت پێنـــەکراوی، توخمـــە کولتـــوری یـــەکان، رۆحیـــەکانیان، عەقڵیـەکان، بـەهاکانیان بـەکارهێناوە، کـە کاریگـەرێتی‌یان هـەبووە لەسـەر فۆرمۆڵـەبونی هەڵسـوکەوتی خـەڵك لـەبوارە سیاسـیەکان دا. بـۆ نموونـە کـاتی خـۆی ئەرسـتۆ باسـی لـە هەڵکەوتەی عـەقڵ دەکـرد کـە دەیتـوانی کاریگـەرێتی هـەبێت لەسەر ئارامی‌و ئیستقراری کۆمـەڵ‌و گۆڕانـدنی ئـەو. ئـا. دێ. تۆکڤیـل ئامـاژەی بـۆ کاریگەریـەتی سیاسـیەکان‌و ئاوهـەوا سیاسەکان کردوە بۆ دابین کردنی ئیسـتقراو گـۆڕانی کۆمـەڵ. م.ڤێبێـر گرنگـی زۆری بـە ئـایین‌و قیـەم‌و بـەهاکان دەدا بـۆ فۆرمولەبوون‌و بە وەزیفە بوونی ستروکتورە سیاسیەکان.

بایـەخی لایـەنگرانی بۆچـوونی کولتـوری–سیاسـی لـەوە پێکهـــاتبوون کـــە ئـــەوان هـــەوڵیان دەدا مـــرۆڤ لەگـــەڵ پێویســـتیەکانی، گرنگیـــەکانی، عاتیفـــەو هەســـتەکانی، ئەفسانەکانی بخەنە ناوەندی لێکۆڵینەوەی سیاسی.

بۆ ئەم مەبەستە ئەوان رایان وابوو، کە شێوازو میکانیزمەکانی گەیشتن بە ئیستقراری سیاسیو گەشەکردنی کۆمەڵایەتی–سیاسی پێویستە نەك هەر بە دیراسەکردنی فۆرمە جیاجیاکانی بەڕێوەبردن بکرێتو هەروەها سیستێمو بنەما دەستوورییە–قانونیەکان، بەڵکو زۆر بە قوڵی راڤەی پەیوەندیە عاتیفیو سایکۆلۆجی– کۆمەڵایەتی نێوان ئەندامانی گروپە سیاسیەکانو فۆرمەکانی بەڕێوەبردن بکرێت، هەروەها ئەو پەیوەندییانەش بەدیار بخرێت کە کار لەیەکتر دەکەنو بەپێچەوانەش کە دەبێتە کۆسپ لەبەردەم گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو گەیشتن بە ئیستقراری کۆمەڵایەتی. شۆڕشی بیهاڤیۆریزم وەك پێشەکیەك بۆ دیراسەکردنی ئەم پەیوەندیانە دامەزرا، کە کەوتە ناو زانستی سیاسەتی ئەمریکا لە سالانی پەنجاکان. ئەگەر زانستی سیاسی تەقلیدی سنوردار کرابوو بۆ دیراسەکردنێکی روکەشی ستروکتوری دامەزراوەکانی دەوڵەت، ئەوا بە پەیدابوونی میتۆدی بیهاڤیوریستی لە زانستی سیاسەت دا وزەیەکی تری هێنایەکایەوە بۆ زیاترو فراوانتر دیراسەکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو پەیوەندیەکانیان لەگەڵ دەوڵەت دا. میتۆدی دیراسەکردنی زانستە سروشتیەکان بۆ دیراسەکردنی زانستی سیاسەتیش هاتنە مەیدانەوە. گرنگی بیهاڤیۆریستەکان لەوەدایە، کە ئەوان هەوڵیان دا نەك هەر

ئەو مۆدێلو میتۆدانە بەکاربهێنن بۆ بەدیارخستنی پێوەرە چەندایەتیەکانی دیاردە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان، بەڵکو سەیری ئەو دیاردانەیان دەکرد لە هەڵوێستی کەسایەتی یان ئیندڤیدی دەنگدەر، یان بەشداریکەری پرۆسیسی سیاسی. بیهێڤیۆریزم رای وایە کە ئەگەر بتوانێ دەوافعو رازونیازی تاکەکەسی لابەلا لە پرۆسیسی سیاسی ئاشکرا بکات، ئەوا دەکرێ بەڕاستو دروستی لە سیستێمە سیاسیەکە بەگشتی بگەین کە تیایدا ئەو تاکە کەسانە کاردەکەن.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان زانستە جیاجیاکانو زانستی سیاسەت دروست کران، هەروەها لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتیەکانی وەك (ئەنترۆپۆلۆجیای کولتوری، سایکۆلۆژیا، سۆسیۆلۆجیا، مێژوو). زانستی سیاسەت کەوتە ناوەندی جوڵانەوەی "نێوان زانستەکان" کە تەواوی زانستە سیاسیەکانی گرتەوە. ئەو توانایەکی چاکی بۆ رەخسا بۆ دیراسە کردنی هەمەلایەنەی جوڵانەوەی زۆرو پرۆسە کۆمەڵایەتیە فراوانەکان کە پۆلیتۆلۆگیای تەقلیدییان دەیانخاستە خانەکانی پشتەوە یا هەر تەواو پشت گوێیان خستبوو.

ئەوەی جێی بایەخو گرنگیە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم پەیدابوونی بۆچوونو کۆنسێپیسای کولتوری- سیاسییە، خزینی بۆ ناو زانستی سیاسەت لە بۆچوونی

جیاجیای کولتـوری ئـەنترۆپۆلۆجیای کولتـوری. ك.کلاکخـۆن، ئا.کریبێر، ب. مالینۆڤسکی–ئەمانە دەکرێ بە رێبەرو دانەری بۆچـوونی کولتـوری سیاسـی دابنـێین. زیـاترو زیـاتر هـەوڵیان دەدا سەیری یان دیراسەی دیاردە سیاسەکان بکەن لـە زاراوە کولتوریـــــــەکان، سۆســــــیۆکولتوریەکان، سۆســــــیۆ–سایکۆلۆجیەکان.

بەگشتی بۆچوونی کولتوری–سیاسی بریتیەیە لە هەوڵدان بۆزاڵ بوون بەسەر بۆچوونی رۆتینی–قانونییانە بۆ سیاسەت. هەروەك گ.ئالمۆندو پۆلیتۆلۆگـەکانی تـریش رایـان وایـە، کـە بۆچوونی تەقلیدیانە بۆ سیاسەت لە زاراوەکانی لێکۆڵینـەوەی دامـەزراوە–قانونیـە دەوڵەتیـەکان رێگـای ئـەوەمان نـادەن دەستنیشانی: بۆچی دامـەزراوە سیاسیەیە–کۆمەڵایەتیـەکان کە بـە فـۆرم جیاوازیـان نیـە، بەشـێوەی جیاجیـا لـە وڵاتـانی جیاجیا کار دەکـەن. یـان بۆچـی ئـەم یـا ئـەو ئینسـتیۆت لـە وڵاتێك دا لاوازەو هیچی لەبار نیە، کەچـی بـۆ هەنـدێ وڵاتـانی تر هەر جێگای قبوڵ کردن نیە. ئەرکی ئـەوان لـە کـارکردن دا کۆمەڵێك بۆچوون بوو، کە بناغـەی لەسـەر پێکـەوە گرێدانـی ئۆرگانیکی یانەی تەجریبیو تیۆری دانابوو، بچـوك–و ئاسـتی گەورەی لایەنـەکانی لێکۆڵینـەوە. لـەم روانگەیـەوە بۆچـوونی کولتـوری–سیاسـی بریتیەیـە لـە بـە ئینتیگراسـیۆن کردنـی سۆســیۆلۆجیا، ئــەنترۆپۆلۆجیای کولتــوری، ســایکۆلۆجی

کۆمەڵایەتی لە زانستی پۆلیتیۆلۆجیای یەکگرتوو. ئەو بانگهێشە کراوە بۆ بەیەکەوە گرێدانی لێکۆڵینەوەی تەرکیبە ڕۆتینیو ناڕۆتینیەکانی سیستێمە سیاسیەکان لەگەڵ ڕاڤەکردنی سایکۆلۆژیای سیاسی نەتەوایەتی، ئایدیۆلۆجیای سیاسیو...هتد.

هەواڵنامەی کتێب

# هۆشیاری سیاسی چییە؟

لە هەر هەوڵدانێك بۆ دابەش کردنی کولتوری سیاسیو ڕاڤەکردنی پێوەرە بنچینەکانیو پێکهێنەرو دەستنیشان کردنی جێگاو ڕۆڵی لە سیستیمی سیاسی، بێ گۆڕان، پرسیارێك قوت دەبێتەوە لەبارەی هاوپەیوەندی ئەم لەگەڵ هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەگشتیو هۆشیاری سیاسی بەتایبەتی. بەبێ ڕون کردنەوەی ئەم پرسیارە، ڕاڤەکردنی لە یەکچوی کولتوری سیاسی وەك دیاردەیەکی سەربەخۆ کە ڕۆڵی خۆی دەبینێ لە کۆمەڵگا، ڕەنگە لە تواناداا نەبێت چونکە کارەکە لەوەدایە لە کاتی بەسەرکردنەوەی ئەدەبیات لەبارەی ئەم بابەتە، کێشەی هۆشیاری سیاسی بەکەمی ڕون کراوەتەوە. زۆر جاران قسە لەبارەی هۆشیاری سیاسی دەکرێت، مەبەستیان لە هۆشیاری کۆمەڵایەتییە بەگشتی، یا ئایدیۆلۆجیای سیاسی، یان ئەم یا ئەو تەیاری فکری-سیاسی. کەمیش باس لە کولتوری سیاسی ناکرێت، لێرەش زیاتر مەبەست لە سەیرکردنێکی تەقلیدیانەی هۆشیاری سیاسییە. لەبەرئەمە بەرلەوەی بکەوینە ناو ڕاڤەکردنی تایبەتی کولتوری سیاسی، پێویستە ئەمە یەك لا بکەینەوە کە ئەم چ پەیوەندیەکی هەیە لەگەڵ ئەو چەمکانەی کە لە ئەدەبیاتی تەقلیدیدا هەیە" هۆشیاری کۆمەڵایەتی"و "هۆشیاری سیاسی".

ناچینە ناو کون و کەلەبەری ئەم کێشەیە، هەر ئەوەندە دەڵێین کە، واباوە سەیری هۆشیاری سیاسی دەکرێت وەك یەکێك لە کۆمەڵێك فۆرمی هۆشیاری کۆمەڵایەتی. ئەگەر ئەمەمان قبوڵ بێت، کەواتە ناکرێ دان بەوە نەنێین کە ناوەڕۆکی هۆشیاری سیاسی پێك دێت لەلایەن، دۆخ، زانینی ڕێبازەکان، بەهاو قیەمەکان، ستریۆتیپەکان...هتد، کە پەیوەندییان هەیە بەسیستێمی سیاسی، بە سیستێمی دەسەڵاتو پەیوەندییەکانی دەسەڵات، بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت، بە دامەزراوە سیاسییەکانەوە، پەیوەندی هەیە بەو چەمکانەی وەك، ئازادی، یەکسانی-عەدالەت، پرەنسیپی دیموکراتیەت، ئاڤتۆرینیاریزم، تۆتالیتاریزم، سۆسیالیزم، مافی مرۆڤ... هتد.

ناوەڕۆكو مانای هۆشیاری کۆمەڵایەتی لە کاتی کاروچالاکیەکانی خەڵك ئاشکرا دەبێت، لە پەیوەندیەکانی ئەوان بە جیهانی دەوروبەرەوە. وا دەردەکەوێ کە زانایی و ڕۆشنبیری پتەو- دەوافعەکان، هەڵسەنگاندنەکان، داواکاریەکان، گرنگی پێدانەکان و بەرژەوەندیەکان، چاوەڕوانی کۆمەڵ و گلەییەکانی-پەیوەندی زیاتر بە بوارەکانی سۆسیۆ-کولتوری و کولتوری-سیاسییەوە هەیە.

دەکرێ ئەمانە بەرینەوە بۆلای هۆشیاری سیاسیش، لەوانەیە ئەگەر بە پێویست بزانرێ دابەش بکرێن وەك



هەولاٌمەی کتێب

دیراساتی سەربەخۆ. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە حسێبی ئەوەش بکرێت کە خودی جیهانی سیاسەت لە تەك، بارودۆخ، ئۆرێنتاسیا(زانینی ڕێبازەکان)، بەهاکان..هتد، کە پەیوەندیان هەیە بە جیهانی سیاسەت، هەڵبەتە دەخرێنە ناو هۆشیاری سیاسی، ئەو ئاوێتانەش دەگرنە خۆ، وەك نۆرمەکان، ئسوڵی کارکردن، ستریۆتیپی هەڵسوکەوت، کاردانەوەکان، سیمبوڵی سیاسی، سیستێمی ماکەکان، کە خۆ دەنوێنن نەك هەر بە ئاشکرا بەڵکو وەك شێوازو فۆرمی تر. بۆچوونی کولتوری–سیاسی راستو رەوان بۆ ئەوە بانگهێشەکراوە کە لەم ساتانە بکۆڵێتەوە. چەمکی "ژیانی روحی کۆمەڵ"و"هۆشیاری کۆمەلایەتی" زۆر جاران وەك (مرادف) سینسۆنیمی یەکتر بەکار دەبردرێن. بەم شێوەیە لە "ئینسێکلۆپیدیای فەلسەفە" بەتایبەت دەڵا:" لە بۆچوونو تێڕوانینی سۆسۆلۆجیانە لەبارەی "هۆشیاری" وای دەبینێ وەك "ژیانی رۆحی کۆمەڵ" بە سەرجەمی هەموو فۆرمەکانی ئەو(زانست، فەلسەفە، هونەر، ئەخلاق، ئاین، مافی هوشیاری، سایکۆلۆجی کۆمەلایەتی).

بەڵام ژیانی رۆحی کۆمەڵ گەلێ فراوانترە لە هۆشیاری کۆمەلایەتی. چونکە زانستیانە نابێ ئەگەر ژیانی رۆحی لەیەك بچوێندرێ لەگەڵ هۆشیاری کۆمەلایەتی، ئا.ك ئولێدۆڤ زۆر راست بۆی چووە کەنوسیویەتی: "ژیانی رۆحی(هەر وەك

سیاسی، وجودی خێزانی)-ئەمە ژیانی خەڵکە، پەیوەندی هەیە بە تێرکردنی داواکاریی‌یە روحی‌یەکانی ئەوان، لەگەڵ بەرهەمهێنانی هۆشیاری، بریتین لە یەکێك لە گرنگترین جۆرەکانی بەرهەم هێنانی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ تێکەڵاوی رۆحی...هتد. واتە ئەو بە هیچ جۆرێك ناشوبهێندرێ بەو هۆشیاری‌یە کۆمەڵایەتیەی کە لە وەزیفەدایە. ئایدیا، تێڕوانین‌و بۆچوون، پێشبینی‌کردن‌و شتە رۆحی‌یەکانی تر لە جولانەوەی ئەوان وەرگیراون، گۆڕان‌و گەشەکردنیان پێکهێنەری تەنها یەك لایەنی ژیانی رۆحین" چ شتێك لە تابلۆ، موزیك، هونەری دانسی‌و سەماو... هتد، پەیوەندیان هەیە بە هۆشیاری، ئەی چ شتێکی تر پەیوەندیان بە ژیانی روحەیەوە هەیە، بە بەرهەمهێنانی روحی یان کولتوری رۆحی؟ وەلامی ئەم پرسیارە لەلایەن ئەوکارانەی تەرخان کراون بۆ هونەر نادرێتەوە وەك هۆشیاری کۆمەڵایەتی. لێرە تەنها فەزای گفتوگۆو لێدوان دەدۆزینەوە دەربارەی ئەو فاکتەرانەی کە بنەمان بۆ سەرهەڵدان، باشترین فاکتەریش نمایشی مێژوویی‌یە بۆ سەرهەڵدانیان لەسەرخۆ گەشەکردنی هونەر وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەت، کە بریتین لە یەکێك لەبەردەکانی بناغەی پێکهاتەی کولتوری روحی. هەر جۆرە بۆچوونێك دەستنیشانی هونەر بکات وەك فۆرمێکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی‌و وەك ئاوازی روحی-پراکتیکی بۆ رۆشن کردنی

جیهـان، پێویسـتە ڕەنگدانـەوەی ئـەو فاکتەرانـە بـن، کـە لـە هەردوو جۆرەکانی دا پێش هەرشتێك پێکهێنـەری ئۆرگـانێکی کولتوری روحی بێت هۆشـیاریش، هـەر وەك زمـان، سـیمبول، موزیك‌و فۆرمەکانی تر، بریتین لە ئاوازی جارێکی تـر بەرهـەم هێنانەوە، داهێنان، زانین‌و داهێنانی هونەر.

هەرچـی پەیوەنـدی بـە مـوراڵ (ئـەخلاق)وە هەیـە، بـە ئەخلاق‌و بە هاوقیەمەکانەوە هەیـە ئـەوا لەلایـەك بریتی‌یـە لـە بـوارە روحـی‌و ئارەزوەکـانی بەگشـتی کـە دژی تێلێسـی ماتێرمـالی‌و فیزیکـی، "جەسـتەیی" دەوەسـتێ، لەلایـەکی‌تر ئـەخلاق–بریتی‌یـە لـە بوارەکـانی هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ، داب‌ونـەریت‌و...هتـد. مـۆراڵ بریتی‌یـە لـە کـۆو سـەرجەمی پەیوەندی‌یـە ئـەخلاقی‌و قیەمـە بـەرزەکان، کـردەوە ئەخلاقیەکان، کـە ڕێکخـەری بنـەما ئەخلاقی‌یەکانـە، نەریتـە، داب‌و نەریتـە. دەکـرێ نۆرمـەکان دەستنیشـان بکرێـت وەك هەڵسوکەوتی خـەڵك کـە بـە درێـژایی مێـژوو خۆڵقـاوە لـە نـاو کۆمەڵە خەڵکێك کـە کـاروکردەوەو هەڵسـوکەوتی هاوبەشـیان هەیە کە هەر بـەم هۆیەشـەوە تێکڕای ئـەم کۆمەڵـە سـەر بـە کۆمەڵێکی گشتی دیاری کراون.

هۆشـیاری‌کۆمەڵایەتی کـە لەسـەردەمەکانی کۆنـەوە پارێزراوە، کاری پێکراوە بە توندیش بەستراونەتەوە بە بەهاو نەریتـە کۆمەڵایەتیـەکان، لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی تـر

پارێزراوەو گەێندراوە. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە کاریگەریەتی بەسەر کاروکردەوەی ژیانی خەڵکی دا هەیە.

بە بەراورد لەگەڵ ئامرازەکانی ژیانی کۆمەڵ کە زیاتر مادین وەك ئامرازی بەرهەم هێنان، داب‌ونەریت بریتیە لەو توخمانەی کە مێژویەکی دوورو درێژی هەیە لە هاوپەیوەندی‌یەکانی خەڵك کە دەستنیشانی هەڵسوکەوتیان دەکات، لەلایەن ئاپۆڕەو حەشامەتی خەڵك کە پابەندی ئەو هەڵسوکەوتەن، رەوایەتی پێ دراوە.

واتە ئەوهێزە فراوانە کۆمەڵایەتیەی کە بەدرێژایی مێژوو لە جۆرە هەڵسوکەوتێك راهاتووە، بۆتە بەشێك لە نەرێتی کۆمەڵایەتیان‌و بۆتە رای گشتی کۆمەڵ، بۆیە لەسەر ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە راهاتوون‌و هەر ئەم ڕاهاتنەش ئەم دیاردەیە بەڕاست دەزانن‌و رەوایەتیان پێ داوە.

ئەو دیاردەو چەمکانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن نەك هەر بۆتە بەشێك لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی بەڵکو لە هەمان کات دا بە کولتوری کۆمەڵ دادەنرێت لە قۆناغێکی مێژوویی دیاری کراودا. و هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەیەك کاتدا پرۆسەیەکە ئەنجامی کاروچالاکییەکانی کۆمەڵە، ئەنجامی زانین‌و مەعریفەیانە. ئەدی کولتور چی‌یە:

وەلامی ئەم پرسیارە ئاسان نیە، دەمێکە زاناو فەیلەسوفەکان سەدان بۆچوون‌و لێکدانەوەی جیاجیایان بۆ

ئـەم دیاردەیـە هەیـە. سـاڵی ١٩٥٢ زانـاو پسـپۆری کولتـورو ئـەنترۆپۆلۆجی کلاکهـۆنو کریبێـر ١٦٧ جـۆره بۆچـوونیان دەستنیشان کردووه، لەوساوه تا وەکو ئێستاش بۆچوونەکان هەر لە زێدەبوون دایە.

بۆچوونو رای جیاجیا هەیە دەربارەی کولتور، بۆ نموونـە هەندێ لە زانایان رایان وایە کولتور جۆرێکـە لـە " بـارودۆخی ژیـان"، "جۆرێکـە لـە شـێوەی هەڵسـوکەوت"جۆرێکە لـە بیرکردنـەوه". بـەڵام گرنگـە بـزانین کـەلتور بریتییـە لـە ئینفۆرکتور(واتە پارچەکانی پێکهێنەری بوون)، کە لـە بـواری کۆمەڵایـەتی–مێـژووی ئـەو ژینگـەی خـەڵکی تێدا نیشـتەجێ بـووه، ژیـانو کـرداری کۆمـەڵ کـە جـارێکی تـر مرۆڤـی تێـدا وەبەرهەم دێنێتەوه. ئەو مرۆڤەی دەگۆڕێ وێنەی خۆی لە ناو ئەو کۆمەڵـە بدۆزێتـەوه بـە هـەموومانا فراوانەکـەی، دەگـەڕێ کەسێك بدۆزێتەوه لـە خـۆی بچـێ لـە بـواری هەستونەسـتو بیرکردنــەوەو هەڵســوکەوتو کاروچــالاکی. چــونکە فــۆرمی وجودی مرۆڤە، کولتور یەکێك لە فۆرمەکانی بوونی مرۆڤ.

دەکرێ بڵێین کە کولتـور بریتیـە لـە ژێـر خـانی سـەروەری وجــودی خــەڵك.لێره بــە گــوێرەی داخوازیـیــەکانی مــۆرڤ کولتوری کۆمەڵایەتی دەبـێ هـەڵگری واقعێکـی بابـەتی بێـت. ئەگەر چی کولتور لە پێش مرۆڤە لێره مەبەستمان ئەوەیە کە مرۆڤێك لە دایك دەبـێو گـەوره دەبـێ بـە کولتـورێکی دیـاری

کراو ئاشنا دەبێت. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە خۆی داهێنەرو دروستکەری ئەو جۆرە کولتورەیە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ماوەتەوەو تارادەیەك لەگەڵ گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان‌و ئابوورییەکان، لەگەڵ گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەویش، گۆڕانی بەسەر داهاتووە. بەڵام بەکورتی مرۆڤ سەرەتایە بۆ کولتوور.

لەدیراسە کردنی ئەم کێشەیە بۆمان دەردەکەوێ کە کولتوری کۆمەڵایەتی بریتیە لە کۆی، ئینتگراسیۆنی هەموو تەرکیبەو پێکهاتەی سیستمی کۆمەڵایەتی–کولتوری شێوەی ژیان، داب‌ونەریت، ئایین‌و خوێندەواری، شێوازی بەرهەم هێنان، ژینگەو دەوروبەر، ئەمانە ئەو فاکتەرانەن جارێکی تر کولتوری روحی‌و کۆمەڵایەتی وەبەرهەم دێننەوە.

کەواتە کولتوری سیاسی بەشێکە لە کولتوری کۆمەڵایەتی‌و روحی مرۆڤو کۆمەڵ.

* بۆ نوسینی ئەم بابەتە سود لە بۆچوون‌و رای هاجییڤ وەرگیراوە لە کتێبی زانستی سیاسەت بەزمانی روسی، چاپی ١٩٩٧، مۆسکۆ.